دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

شەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩١ _ ٢١ی جوولای ٢٠١٢

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە: ٥٨٧

نرخ: ١٥٠ تمەن



### بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە محەممەد سەدیقی کەبودوەند لە سوئێد

دوانیوەڕۆی هەینی ٢٠ی جولای ٢٠١٢ی زایینی بەرامبەر بە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێک لە شاری ستۆکهۆلم و لەبەردەم پارلمانی سوئێد بەڕێوەچوو. ئەم خۆپیشاندانە بۆ پشتگیری و پشتیوانی لە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەڕێز محەمەد سەدیقی کەبوودوەند بەڕیوەچوو کە ماوەی زیاتر لە ٥٦ ڕۆژە وەک نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران مانی لە خواردن گرتووە.




### بە بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە

ئەم ژمارەیەی «کوردستان» لەگەڵ هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان دا دەگاتە دەستی خوێنەران. بە بۆنەی هاتنی ئەم مانگەوە لە قوولایی دڵەوە پیرۆزبایی لە موسوڵمانانی جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی دەکەین. هیوادارین هەروەک فەلسەفەی ڕەمەزانە ئەم مانگە، مانگی خاوێنبوونەوەی نەفسەکان لە لای هەموو تاکەکان بێ.

«کوردستان»

## خەبات بۆ رزگاریی کوردستان

# ئەو ڕێگایەی قاسملوو، کەبوودوەند و رزگاربوونی شارەکانی خوراوای کوردستان، دەباتەوە لای یەک







لە کاتێکدا، هۆگران و درێژەدەرانی ڕێگا و ئامانجەکانی د. قاسملوو، لە ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان سەرگەرمی یادی ٢٣ ساڵەی تیرۆری ئەم ڕێبەرە گەورەیەن، لە کاتێکدا، کوردستانیان لە پێتەختی وڵاتانی جیهان، لە پەنجا و شەشەمین ڕۆژی مانگرتنەکەی دا، هاوپێوەندیی خۆیان بە محەمەدسەدیق کەبوودوەند باوکی بەندکراوی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان دەدەن، شارەکانی خۆرئاوای کوردستان یەک بەدوای یەک بە دەستی خەڵکی ڕاپەڕیو لە چنگی خوێناویی ڕێژیمی بەعسی سووریە، رزگار دەبن.

هەروا کە ڕێژیمی دژەکوردی بەعس لە عێراق، سەرئەنجام چۆوە نێو زبڵدانی مێژوو و نەیتوانی پێشی گەیشتنی کورد لە باشووری نیشتمانەکەی بە ئازادی و مافەکانی بگرێ، هەرواکە ڕێژیمی دژەکوردی بەعس لە سووریەش خەریکە بەشوێن پێی ڕێژیمەکەی سەدام حوسێن دا دەڕوا و کورد لە خۆراوای نیشتمانەکەی بە رووخانی خۆی شاد دەکا، ئەو ڕۆژەش دادێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تاوانی تێرۆری د. قاسملوو و لەبەند ئاخنینی کەبوودوەندەکان و هەزاران تاوانی گەورەی دیکە، بە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران، بڕووخێندرێ.

## تیمێکی سیخۆری سەر بە سپا لە یەمەن دەسبەسەر کرا



مەنسوور ئەلهادی کەلە مانگی ڕێبەندانی ساڵی پارەوە لە یەمەن دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوە، بەڵێنی داوە کە دژایەتیی گرووپی ئەلقاعیدە و پشتیوانەکانی بکات. ناوبراو پاش نەمانی دەوڵەتی «عەلی عەبدوڵڵا ساڵح» سەرکۆماری پێشووی یەمەن لە ئەنجامی شۆڕشێکی خەڵکی، دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی دەوڵەتیی یەمەن تۆڕێکی سیخوڕی سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە لەم وڵاتە و ئەفریقا چالاکییان هەبووە، دەستبەسەر کراون.

لەم پێوەندییەدا لێپرسراوێکی وەزارەتی نێوخۆی یەمەن ئاشکرای کردوە، دەستبەسەر کراوەکان هاووڵاتیی یەمەنن.

هاوکات «عەبد ڕەبە مەنسوور ئەلهادی» سەرکۆماری یەمەن لە لێدوانێکدا داوای لە ئێران کردوە کۆتایی بە دەستێوەردانەکانی لە کاروباری ئەو وڵاتە بێنێ.

هەتا ئێستا خودی یەمەن و چەند وڵاتێکی عەرەبی و بەتایبەت ئەمریکا ئێرانیان بەوە تاوانبار کردوە کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران پشتیوانی لەو گرووپانە دەکات هەتا نفووز بکاتە نێو یەمەنەوە.

جراڵد فایرستاین، باڵوێزی ئەمریکا لە سەنعا پێشتر ئێرانی بە پشتیوانی کردنی گرووپە شیعەکان و جوادییخوازانی یەمەن و هەروەها دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتە تاوانبار کردبوو.

## ئیسڕائیل لێپرسراوەیەتی کوژرانی گەشتیارە ئیسڕائیلییەکانی بوڵغارستانی خستە ئەستۆی ئێران



دوابەدوای ئەو کردەوە تێرۆریستییەی کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی پووشپەڕ لە ئۆتوبوسێکی گەشتیارانی ئیسڕائیلی لە فڕۆکەخانەی شاری بورگاسی بولغارستان ڕووی دا و بووە هۆی کوژرانی شەش کەس و بریندار بوونی چەندین کەسی دیکە، بنیامین ناتانیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پشت ئەو کردەوە تیرۆریستیەوەیە. سەرۆک ەزیرانی ئیسڕائیل شەوی پێنجشەممە لە وتووێژێکی ڕۆژنامەنووسی دا لە ئۆرشەلیم ڕایگەیاند کە هەموو بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دامودەزگا سیخوڕییەکانی ڕژیمی تاران دەستیان لەو کارە دا هەیە و هەڕەشەی ئەوەی کرد کە حکوومەتی ئیسڕائیل زۆر بە توندی وڵامی تیرۆریزیمی ئێران دەداتەوە.

پیویست بە ئاماژەیە کە چەند ڕۆژ لەمەوپێش سەرۆک وەزیری ئیسڕائیل ئاشکرای کرد کە ئەوان ئاگادارن کە حکوومەتی تاران لەهەوڵی ئەوە دایە کە هێرش بکاتە سەر گەشتیارە ئیسڕائیلییەکان لە دەرەوەی ئەو وڵاتە و تەنانەت بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئیسڕائیل لە وڵاتانی جیهان بخاتە مەترسییەوە.



خۆپێشاندانی کوردانی سوئێد بۆ پشتیوانی لە داخوازییەکانی کەبودوەند

روانینمان

## عوزری لە قەباحەت خراپتر!

وتووێژەکەی ئەم دوایانەی کەسی یەکەمی ڕێبەریی حدکاله گەڵ تەلەڤیزیۆنی «تیشک»، هەوڵێکی ناسەرکەوتوو بوو بۆ سڕینەوە یا کەمکردنەوەی شوێنەوارە خراپەکانی سیناریۆی «پەیوەستبوونەوە» و روون بوونەی ناوەرۆکی شانۆسازییەکەی ئەم دواییانەیان لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

ئەم وتووێژە بە رواڵەت بۆ باس لە پرسە سیاسییە گرنگەکانی ڕۆژ ڕێک خرابوو، بەڵام لە ڕاستیدا یەک ئامانجی هەبوو. ئەویش کەمکردنەوەی گوشاری خەڵک و بەدەنەکەیان بۆ سەر ڕێبەریی حدکا بە دوای ئاشکرابوونی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە شانۆسازییە ناسەرکەوتووەکەیان. دیارە چونکە بۆ ئەم کارەش دیسان پەنا بردرابۆوە بۆ شێواندنی ڕاستییەکان، ئامانجەکەی خۆی نەپێکا و بە زیان بۆ سەر خاوەنەکەی شکایەوە.

دەڵێن چێشتەکە ئەوەندە سوێر بوو، کابان بۆ خۆشی وەدەنگ هات! سکرتێری گشتیی حدکا، کاتێک دڵنیا بوو کە بەرهەمی چەند مانگ بەرنامەڕێژیی شاراوە و هەراوهوریای پیوەندیدار بە سیناریۆکەیان لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، لە جیاتی قازانج، زیانی زۆریشی پێگەیاندوون،ناچار بوو بۆ خۆی بێتەوە سەر ئانتێن و بکەوێتە پاساو هێنانەوە و پینە و پەڕۆی ئەو شتانەی بۆ خۆی پێشتر کوتبوونی. بەڵام پاساو و پینەوپەڕۆکانی ئەوەندە نەشارەزایانە بوون کە یارمەتییەکی ئەوتۆیان پێنەکرد. با هەر لە حەدی ئەم نووسینە کورتە دا ئاماژەیەک بە «مشتێ لە خەروارێک» بکەین:

بەڕێز هیجری لەم وتووێژەی دا، ڕەتی کردەوە کە ئەوەی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ناوی «پەیوەستبوونەوە» وەڕێیان خستبوو، بەرهەمی سیناریۆ و شانۆسازیی ئەوان بووە. وا دیارە لە بیری نەمابوو کە هەر بۆ خۆی لە جێژنی بێڕەونەقی پەیوەستبوونەوە دا وتبووی «ڕەنگە هەمووی ئێوە نەزانن بەڵام ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی دەروەست لە نێو کوردستان و لێرە، زۆر بە بەئاکامگەیاندنی ئەم پرۆسەیەوە ماندوو بوون». بەڕێز! ئەگەر ئێوە لە پشت ئەم پرۆسەیە نەبوون، بۆچی ئاگات لە هەوڵی زۆر و ماندوو بوونی ئەو «ڕووناکبیرە دەروەستانە لە کوردستان و ئێرە« هەیە وچۆنە «هەمووشیان»ت بۆ جێژنی «بە ئاکامگەیاندنی ئەم پرۆسەیە» و هێنانە سەر تەلەڤیزیۆنەکەتان بەم بۆنەیەوە، لە دوور و نزیکەوە بانگهێشتن کردوە؟!

شتێکی دیکە کە سکرتێری گشتیی حدکا، دەبوایە لەم وتوێژەی دا پاساوی بۆ بێنێتەوە، ئەم ڕاستییە بوو کە ئەوان بۆ لەباربردنی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە لێکنزیکبوونەوەی دیموکراتەکان لە بەرەبەری کۆنگرەکەیان دا،ئەم شانۆسازییە و ئەم هەراوهورياییەیان وەڕێ خستوە، ئەگینا چوونەوەی کادرێکی هەڵپەسێراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نێو ئەوان، بەیاننامەی دەفتەری سیاسی و مەراسمی تایبەتی و لێدوانی سکرتێری گشتیی ئەوانی نەدەویست.

ل ٢

یادکردنەوە



خالید عەزیزی : تێرۆری د. قاسملوو لە ڕاستیدا تێرۆری بیر و ئەندیشەی قاسملوو بوو

٤

وتووێژ



کۆنفرانسی بروکسێل لە دیمانەیەک لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری دا

٥

سیاسی



تیرۆریزم لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە

٦

ژینگە



وشکبوونی گۆلی ورمێ، کارەساتێک بۆ ناوچەکە

٧

نەتەوەیی



ئێعدامی چالاکانی مەدەنیی عەرەب لە ئێران

١٠

بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی تایبەت بە یادی ٢٣ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتوور قاسملوو



لە سمینارێکی تایبەت دا بە بۆنەی یادی ٢٣ ساڵەی تێرۆری نەمر دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە وڵاتی ئوتریش بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، باس لە چەند رەهەندێکی کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو کرا.

پێشنیوەڕۆ چوارشەممە، ٢١ی پووشپەڕ بە ئامادەبوونی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵێک لە کەسایەتی و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، بە بۆنەی ساڵرۆژی تیرۆری دوکتوور قاسملووی شەهیدەوە، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە بنکەی ناوەندیی حیزب لە کوردستان، سمینارێک بەڕێوەچوو.

یەکەم کۆڕگێڕی ئەم سمینارە دوای ساتێک راوەستان و بێدنگیی بەشداران بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردوکوردستان بابەتێکی لە ژێر ناوی «قاسملوو وەک مێژوونووسێک» پێشکەش کرد.

بەڕێز دوکتور هوشمەند عەلی شێخانی، مامۆستای زانکۆ، وەک یەکەم کۆڕگێڕی ئەم سمینارە هەر وەک خۆی لە سەرتای قسەکانی دا ئاماژەی پێ کرد، بە دوور لە هەر لێکدانەوەیەکی سیاسی، باسی لە کەسایەتیی شەهید دوکتوور قاسملوو وەک مێژوونووسێک کرد.

بەڕێزی لە سەرەتای قسەکانی دا بە ئاماژە پێدان بە نووسینەکانی کاک دوکتور قاسملوو لە سەر مێژووی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: دوکتور قاسملوو جیا لەوەیکە رێبەرێکی لێهاتووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی بوو، مێژووناس و مێژوونوسێکی کارامەو داهێنەریش بوو.

د. هووشمەند عەلی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا باسی لە لایەنی ئاکادمیک بوونی کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو کرد کە بێگومان یەکێک بووە لەو فاکتەرانەی کە رۆڵێکی بەرچاوی لە دروست کردنی ئەم کەسایەتییەدا هەبووە. لەم پێوەندییەدا ناو براو وتی: شەهید قاسملوو یەکەم رێبەری ئاکادمیکی کوردە لە مێژووی ئەم نەتەوەداو هەر ئەوەش کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لە سەر کەسایەتیی قاسملووی نەمر و رۆڵی لە حیزبی دێموکرات دا.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا دوکتور هوشمەند عەلی بەرژایە سەر بەشێکی دیکە لە جیاوازییەکانی شەهید قاسملوو لە گەڵ رێبەرانی دیکەی کوردو وتی: قاسملوو یەکەم رێبەری کوردە کە لە زانکۆوەو لە پۆستی مامۆستایەتی زانکۆدا پەیوەست بە بزووتنەوە دەبێت و رێبەرایەتی ئەم بزووتنەوە دەگرێتە دەست.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بە ئاماژەدان بە کتێبی چل ساڵ خەبات و کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم، پێی وابوو شەهید دوکتور قاسملوو لە گەڵ ئەوەیکە لە رۆژە سەختەکانی خەباتدا، رێبەرایەتی بزووتنەوەی کوردی دەکرد، بەڵام هیچ کات لە نوسینەوەی مێژوو و کاری فکری و ئاکادمیک غافڵ نەبووە.

د. هوشمەند عەلی بە هێنانەوە چەند فاکتێک لە نووسین و وتووێژەکانی شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە کراوەیی بیرو تێفکرینی ناوبراو لە سیاسەت و نووسینەکانی دا قسەی بۆ بەشداربووان کرد.

لە دوایین بەشی باسەکەیدا دوکتور هوشمەند عەلی ئاماژەی بە لایەنی ئەدەبیی کەسایەتیی شەهید قاسملوو کردو وتی: دوکتوور قاسملوو جیا لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە وەک رێبەرێکی سیاسی هەیبوو، خاوەنی خامەیەکی ئەدەبیش بوو کە لە پێشەکیی کتێبی «تاریک و روون»ی مامۆستا هێمنی شاعێردا بە روونی ئەو راستییە دەردەکەوێ.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەم سمینارە، بەڕێز مستەفا مەعرووفی، تێکۆشەری دێموکرات و مامۆستای زانکۆ بوو کە بە وتارێک بە ناوی «رۆڵی دوکتور قاسملوو لە نوێ کردنەوەی حیزب دا» قسەی بۆ بەشداربووان کرد.

بەڕێزیان لە سەرەتای قسەکانی دا بە ئاماژەدان بە چەند نووسینێکی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە سەر دوکتوور قاسملوو، باسی لە رۆڵی شەهید قاسملوو لە نوێ کردنەوەی حیزب دا کردو وتی: دوکتوور قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد بە خاوەن بەرنامەو لە رووی قەوارەی تەشکیلاتییەوە ئینسجامی پێ بەخشی.

کاک مستەفا مەعرووفی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەرژایە سەر تایبەتمەندییەکی بەرچاوی شەهید قاسملوو کە ئەویش روانگەی رەخنەگرانەی ناوبراو بوو. بەڕێزیان لەم پێوەندییەدا وتی: دوکتوور قاسملوو بە روانینێکی رەخنەگرانەوە لە مەسەلەکانی دەڕوانی و هەر ئەوەش وای لێ کردبوو بیر لە داهێنان و نوێگەرایی بکاتەوە. دوکتور قاسملوو دژ بە تەقەدوسگەرایی و فەرپەرەستی بوو. ئەو یەکەم کەس بوو کە لە نێو حیزبدا رەخنەی لە حیزبەکەی خۆی و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە گرتوە.

لە دوایین بەشی قسەکانی دا بەڕێز مەعرووفی بە ئاماژەدان بە وتووێژێکی دوکتوور قاسملوو پێی وابوو شەهید قاسملوو بەردەوام هەوڵی داوە بە رەخنەگرتن لە خۆیشی، پێداچوونەوە بە روانگەکانی دا بکاتەوە وتی:

رەخنە گرتن و بەخۆدا چوونەوە بەلای شەهید قاسملووەوە پرنسیپێکی ئەخلاقی بوو.

دوایین کۆڕگێڕی ئەم سمینارە بەڕێز رێبوار مەعرووف زادە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان» بوو کە بە وتارێک لە ژێر ناوی «دوو رێبەر و دوو سەردەم» باسی لە تایبەتمەندییەاکانی هەردوو رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ شەهیدان، پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو کرد.

مەعروف زادە لە قسەکانی دا بەراوەردێکی لە نێوان مێتۆدو رێکارە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی هەردوو رێبەردا کردو باسی لە بارودۆخی هەردوو سەردەمە جیاوازەکە کرد.

کۆیە

## لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان یادی ٢٣ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملووی نەمری کردەوە







لە رێورەسمێکی بەشکۆدا، بە بەشداریی سەدان کەس لە کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی کوردستانی و بە ئامادەبوونی تێکۆشەرانی دێموکرات، یادی ٢٣ ساڵەی تێرۆی دوکتور قاسملووی نەمر کرایەوە.

کاتژمێر ٤ی ئێوارەی پێنجشەممە، رێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕ، بەرانبەر بە ٢٣ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاورێیانی، لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە لە باشووری کوردستان بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرێز خالید عەزیزی و بە بەشداریی سەدان کەسایەتی و نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان و تێکۆشەرانی دێموکرات، رێورەسمی یادی تێرۆری شەهید قاسملوو و هاورێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای رێورەسمەکەدا، دوای مارشی ئەی رەقیب و ساتێک بێ دەنگی، بەرێز کاک خالیدی عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتارێکی پێشکەش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خوێندنەوەیەکدا بۆ رووداوی تێرۆری ڤییەن رایگەیاند کە تێرۆری دوکتور قاسملوو، تێرۆری بیر و ئەندیشەی ئاشتیخوازی و تێرۆری دێموکراسی بوو؛ تێرۆری بۆچوونێک بوو کە دەیەویست بە عەقڵییەت و تێفکرینی مۆدێرن و بە پرەنسیپی ئاشتی و دێموکراسی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران و کێشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەردەکاریی زیاتردا روونی کردەوە کە دوژمنانی گەلەکەمان بەو کردەوەیە تەنیا توانییان تێرۆری فیزیکیی دوکتور قاسملوو بکەن و حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو توانیویەتی زۆرێک لە روانگە و بۆچوونەکانی ئەو رێبەرە گەورەیەی لە نێو خۆیدا نەهادینە بکا و بیکا بە فەرهەنگی سیاسیی خۆی.

دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە.

سروودی «رێبەری کورد» لە لایەن کۆرسی کوڕان و کچانی دێموکڕات بە هاوکاریی تیپی مۆسیقای باواجی، پەیامی بنیادی پشتیوانی لە رێکخراوە سینفی و دێموکڕاتیکەکان لەلایەن بەرپرسی ئەو رێکخراوەیەوە، سروودەکانی شەهید»، « ئالا» و «کوردە تا کەی» بە دەنگی هونەرمەند لالۆ رەنجدەر و، دوو کۆپلە شێعر لە لایەن شاعیران رەسووڵ سوڵتانی و سارێژ کۆیی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە بەشکۆیە بوون.

## بە بەشداریی کۆمیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەرمیان یادی دوکتور قاسملوو کرایەوە



لە بەرەبەری ٢٢ پووشپەڕ بیست و سێهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ مەحموود رەسووڵ لە ڤیەن، کۆڕەیادێک لە ناوچەی گەرمیان لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو.

لەم کۆڕەیادەدا کە دوانیوەڕۆی چوارشەممە، ٢١ی پووشپەڕ لە شاری کەلار بەڕێوە چوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆمیتەکانی هەڵەبجە، باریکە، زەڕەیان، دەربەندیخان، کەلار، شێرەوەن و خانەقین و هەروەها ئەندامانی یەکیەتیی لاوان سەرەڕای دووریی رێگا و کاروباری رۆژانە ئامادە بوون.

لە سەرەتای کۆڕەکەدا بەڕێز سیامەک وەکیڵی بە دەقیقەیەک بێ دەنگی یادی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستانی بەرز راگرت و بە خێر هاتنی ئامادە بووانی بۆ ئەم کۆڕە یادە کرد.

پاشان بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەر سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسێکی لە بارەی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە داوخستن و شەهید کردنی ئەم رێبەرەی کرد.

کاک قادر وریا وێڕای باس لە خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە حیزبی دیموکراتی کورستان و بزووتنەوەی کورد لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا، رۆڵی دوکتور قاسملووی لە داڕشتنەوە، نوێکردنەوە و زیندوو کردنەوەی حیزبەکەی ، تیشکی خستە سەر کۆمەڵێک لە تایبەتمەندیە بەرزەکانی دوکتور کە ئەویان نە تەنیا وەک رێبەری حیزبی دیموکرات بەڵکوو وەک رێبەری بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و وەک سیمایەکی هەرە دیاری خەبات بۆ ئازادی، دیموکراسی و مافی نەتەوایەتی بە ناوچە و جیهان ناساند بوو.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە درێژەی قسەکانیدا ئامانجی کۆماری ئیسلامیی لە پیلانگێڕان بۆ لەناو بردنی ئەم رێبەرە پایەبەرزەی باس کرد کە بۆ ئەم مەبەستە دزێوترین پیلان واتە تیرۆر لە سەر میزی وتوێژی بەکار هێنا، بەڵام حیزبی دیموکرات و سەرجەم درێژەدەران و ئۆگرانی رێگا و ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو لە نێو نەتەوەی کورد لە ماوەی چەندین ساڵی رابردوو نیشانیان داوە کە دوکتور قاسملوو بە بیروباوەڕ و رێبازەکەی لە نێو خەڵکی کوردستاندا زیندووە.

بەڕێز قادر وریا لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا هەڵوێستەیەکی لە سەر ئەو هێرەشە تەبلیغاتیەی کرد کە لە چەند حەوتووی رابردوودا کرانە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەم بارەیەوە وێڕای روونکردنەوە و وڵام دانەوە بە هێندێک لە ئیدیعا و بانگەشەکان ، کوتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئامانج و بڕیارە و پەسند کراوەکانی خۆی شێلگیرانە دەچێتە پێش و ئەم جۆرە هەوڵانە لە ئەرکی سەرەکیی خۆی کە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیە ساردی ناکاتەوە.

ئەم کۆڕەیادە لە نێو دووپات کردنەوەی وەفاداریی بەشداران بە ئامانجەکانی رێگای رێبەری شەهید دوکتور قاسملووی نەمردا کۆتایی پێهات.

درێژەی:

## عوزری لە قەباحەت خراپتر!

لێرەش دا کاک مستەفا هیجری، هەڵوێستی نەگۆڕی ئەم ٦ساڵەی خۆیانی بە جارێک لە بیر دەچێتەوە و دەلیلێکی ئەنتیکە بۆ پێشوازی لە وەرگرتنەوە و پەیوەستبوونەوەی «ئەو گرووپە» دێنێتەوە، ئەویش «پێشگیری لە پێکهاتنی حیزبێکی سەربەخۆ» یە! بەڵام کێ هەیە ئەم قسەیە بە جیددی وەربگرێت؟ ئەگەر ئەوەندە نیگەرانی دروستبوونی حیزبێکی سەربەخۆن، بۆچی ٦ ساڵە داوای ناوگۆڕین لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و دروستبوونی حیزبێکی سەربەخۆ دەکەن؟!

بەڕێز هیجری دەبوایە شتێکیش لە وڵامی ئەو پرسیارە دا بڵێ کە خەڵک بەردەوام لە سەر رادە و ژمارە و قورسایی «ئەو کەسانەی پێیانەوە پەیوەستبوون»، لێیان دەکەن. لە حاڵێک دا کە هاوڕێیانی، بە رێگای تەشکیلاتی و نارەسمییەوە، مزگێنیی پەیوەستبوونەوەی١٥٠-١٢٠کەس لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە لایەنگرەکانیان داوە،کاک مستەفا لەم وتوێژەی دا سەخاوەتمەندانە بە ٨٠-٧٠ کەس قەناعەت دەکا! بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە، بێجگە لە نیشاندانی فیلمی تۆقە و چاکۆخۆشیی٧-٨ کەس کە گوایە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان را گەڕاونەوە نێو ئەوان، هیچی دیکەی پێ نییە! ئەرێ بە ڕاستی باشتر نییە کاک مستەفا و رێبەریی حدکا جارێک بۆ هەمیشە بەرۆکی خۆیان لەم جۆرە پرسیارە نەخوازراوانە رزگار بکەن و لیستی ئەو ٨٠-٧٠ کەسەش بە وێنە و جۆری بەرپرسایەتییان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، لە راگەیەنەکان دا بڵاو بکەنەوە تا چی دیکە نەکوترێ ئەم هەمووە هەراوهوریایە لە پێناوی «هیچ»دا بوو؟!

لەمانەش سەرنجراکێشتر، ئەوەیە کە سکرتێری حدکا دەڵێ ئێمە لەو ماوەیەدا( لەدەسپێکی سیناریۆکەوە هەتائێرە) قسەیەکمان لە دژی ئەوان(حیزبی دیموکراتی کوردستان) نەکردوە، ئەگەر هێرشێکیش کرابێتە سەر ئەوان، هەر ئەو هاوڕێیانەی نارازیی خۆیان کە بە ئێمە پەیوەست بوون، کردوویانە! تەرجەمەی ئەم قسەیەی بەڕێز هیجری ئەوەیە کە رێبەریی حدکا سیناریۆکەی وا رێک خستوە کە تەنیا هەزینەی هاودەستپەیداکردن بۆ خۆی لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا و جێبەجێکردنی ئەرکە پێسپێردراوەکان و تەرخانکردنی تەلەڤیزیۆن بۆ هێرشکردنە سەر ئەوانی لە ئەستۆ گرتوە، ئەگینا باقیی کارەکان(قسەکردن لە دژی ئەوان) ی بە ناڕازیانی خۆیان و «کۆمەڵێک رووناکبیری دەروەست» سپاردوە کە بە ڕێکەوت هاتبوونە نێو پرۆسەکەوە!

سکرتێری حدکا،کە دیسانەکە لە بیری چۆتەوە، بەزمەکەی خۆیانی ناونابوو جێژنی «مەڕاسمی رەسمی بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب» و بە بۆنەی یەکخستنەوەی «ریزەکانی حیزب» منەتێکیشی لە سەر خەڵکی کوردستان کردبوو، ئێستا کە هەموو خەڵک زانیویەتی ئەم هەراوهوریایە بێجگە لە چەواشەکردن و زیان گەیاندن بە رەوتی لێکنزیکبوونەوە شتێکی دیکە نەبووە، لە جیاتی داننانی ئازایانە بەبێئاکامی و شکستی ئەم سیناریۆیە و دەرس لێوەرگرتنی، پەنا دەباتە بەر دڵخۆشکردنی خەڵک بە «بەردەوامبوون لە سەر سیاسەتی تا ئێستا»یان کە گوایە هەوڵدان بۆ یەکڕیزییە! سیاسەتێک کە دەکرێ هەر ناوێکی لێ بنێی جگە لە رێزگرتن لە ویست و داخوازی خەڵک و هەوڵدان بۆ یەکڕیزی! بە راستی خەڵک بە ساویلکە زانینیش سنوورێکی هەیە!

صد بار بدی کردی و دیدی ثمرش را
نیکی چه بدی داشت که یکبار نکردی؟!

## بانگەوازێکی بە پەلە

# (گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە، دەبێ بە پەلە فریای بکەوین)



بۆ:

**– سکرتیری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕێز بانکیمۆن!**

**– شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لێکۆڵەری تایبەتیی ئەو شووڕایە بۆ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەڕێز ئەحمەد شەهید!**

**– ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون!**

**– ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست!**

**– سەرجەم ناوەند و دامەزراوە و کەسایەتییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ! بەڕێزان!**

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژ بە سەر مانگرتنی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە بەندیخانە دا رابردوە. ئەو کەسایەتییە مرۆڤدۆستە کە بە تاوانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پێکهێنانی ڕێکخراوی مەدەنی بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، زیاتر لە ٥ ساڵە لە بەندیخانە دایە، لە ڕۆژی ٦ی جۆزەردان)( ٢٦ی مای)ەوە وەک نارەزایەتی دەربڕین لە بارودۆخی خۆی لە بەندیخانە دا، مانی لە خواردن گرتوە. جگە لەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ڕێگای ئەوەیان پێنەداوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی خۆی بچێتە دەرەوەی زیندان، تەنانەت بۆ راگەیشتن بە نەخۆشیی لاعیلاجی کوڕەکەی، پەژمان، نەیانهێشتوە وەک مەرەخەسی لە زیندان بچێتە دەر. بەڕێز کەبوودوەند ئەمڕۆ یەکشەمە لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ هاوسەرەکەی لە بەندیخانەی ئێویندا، رای گەیاندوە کە لەکاتژمێر ٢٢ی شەوی رابردووە، مانگرتنی وشکی دەست پێکردوە و جیاوازیدانان لە نێوان بەندییەکانی سەربەکەمایەتییەکان و بەندییەکانی دیکەی وەک هۆی مانگرتنی وشک ناو بردوە.

بە گوێرەی زانیارییەکان و بە سەرنجدان بە مانگرتنی ٥٠ ڕۆژەی، بارودۆخی جەستەیی و دەروونیی ئەو بەندییە، لەو پەڕی خراپی دایە و ئەگەر هەنگاوی بە پەلە بۆ دەرهێنانی لەم بارودۆخە هەڵ نەگیرێ،مەترسیی لە نێوچوونی هەیە.

هەر بۆیە داوا لە ئێوە ڕێکخراو و کەسایەتییە مرۆڤدۆستەکان و هەموو ناوەند ولایەنێکی خاوەن نفوز دەکەم هەنگاوی بە پەلە هەڵ بگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بە کار بێنن، بۆ ئەوەی ڕێز لە داواکانی کەبوودوەند بگرێ و نەک هەر هەلومەرجێکی باشتر بۆ راگرتنی لە بەندیخانە دا پێک بێنێ، بەڵکوو لە زیندان ئازادی بکا و لەمەش زیاتر چاو بە سەرجەم سزا وبڕیارەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو دا، بخشێنێتەوە.

هەر لەم دەرفەتە کەلک وەردەگرم و لە ڕێگای بنەماڵە و هەر کەسێک پێوەندیی بە بەڕێز کەبوودوەندەوە هەیە ئەم پەیامەی خۆم و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەڕێزیان رادەگەیەنم کە بۆ ئەوەی ویستی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیەتە دی و بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان و ئێران ئەو ڕۆڵە تێکۆشەر و مرۆڤدۆستەی خۆیان بە هاسانی لە دەست نەدەن، مانگرتنەکەی بشکێنێ.چونکە بە دڵنیاییەوە پەیامی مانگرتنەکەی کە نارەزایەتیدەربڕین لە ستەم و بێدادی کۆماری ئیسلامییە، بە گوێی بیروڕای گشتیی گەیشتوە. ئێستا دەمێنێتەوە سەر خەڵکی کوردستان و ئێران و ویژدانە زیندووەکان لە رادەی جیهانی دا، ئەرکی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی کەبوودوەند و داوا رەواکانی دا جێبەجێ بکەن.

من بە دەرفەتی دەزانم بۆ ئەوەی داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکانی کوردستان و ئێران بکەم هەر چی زووتر پێکەوە بە هاودەنگی وهاوهەنگاوی حەرەکەتێکی گشتی و سەراسەری لە رادەی کوردستان، ئێران و دەرەوەی وڵات دا، بە پشتیوانی لە بەڕێز کەبوودوەند و بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامی وەڕێ بخەین.

جارێکی دیکە سەرنجی هەموو لایەکتان بۆ لای پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوی بە پەلە بە مەبەستی نەجاتدانی گیانی بەڕێز کەبوودوەند رادەکێشم.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دوانیوەڕۆی یەکشەمە**
**٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩١**
**١٥ی جولای ٢٠١٢**

## پەیامی بەڕێز خالید عەزیزی

## بۆ کاک کەمال شاکر

## بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعیی کوردستان



**برای بەڕێز کاک کەمال شاکر !**
**سڵاو و ڕێز ؛**

بە بۆنەی تەواو بوونی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعی کوردستان و هەروەها هەڵبژاردنەوەی جەنابت بۆ پۆستی سکرتێری کۆمیتە ناوەندی، وێرای پیرۆزبایی لە جەنابت و سەرجەم ئەندامانی ڕێبەری حیزبی شیوعی کوردستان، ئارەزوی سەرکەوتنتان بۆ دەکەم.

**برات. خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠١٢/٧/١٨**

## لە یادی ٢٣ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن سمینارێک لە شاری ئالبۆرگی وڵاتی دانمارک ساز درا

دوانیوەرۆی شەممە، ٢٤ی پووشپەڕ، بە بۆنەی ٢٣ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لە شاری ئالبۆرگی وڵاتی دانمارک بە ئامادەبوونی بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە بەشداریی کەسایەتیی و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و تێکۆشەرانی دێموکرات، ڕێورەسمی یادی تێرۆری، شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە مارشی ئەی ڕەقیب، ساتێک بێ دەنگی و داگیرساندنی ٢٣ مۆم لە لایەن ٢٣ کەسەوە بە نیشانەی ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری ٢٣ ساڵەی شەهید کرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دەستی پێکرد.

دواتر بەڕێز حوسێن حەسەنزادە، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک وێرای بەخێر هێنان و بەرز نرخاندنی هەڵوێستی بەشداربووانی ڕێورەسمەکە، هەڵوێستەیەکی کورتی لە سەر تێرۆری دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کرد.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا بەڕێز مستەفا سەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە وتارێک لە ژێر ناوی: «توانیان قاسملوو شەهید کەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی و ناتوانن بیر و هزری قاسملوو لە نێو بەرن»، قسەی بۆ بەشداران کرد.

بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە سەرەتای قسەکانی دا وتی: دروستە دکتور قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید کرا، بەڵام شکم لەوە دا نییە وەک شەهیدێک شەهیدی هەموو نەتەوەی کوردە و هەموو کورد شانازی پێوە دەکات و بە سەرمایەی نەتەوەیی هەموو کوردی وەسف کرد.

هەروەها گوتی، بیر و هزری قاسملوو نەخش و ڕۆڵی یەکجار گەورەو بەرچاویان هەبووە لە سەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا و هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە ڕوانیویانەتە هەڵسوکەوتە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی دکتور قاسملوو.

بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە خوێندنەوەیەکدا بۆ کەسایەتیی دکتور قاسملوو گوتی: قاسملوو کەسێک بوو زووتر لە سەردەمی خۆی لە دایک ببوو. کەسیک بوو دەکری بۆ ٢٠ ساڵی دیکەش وەک ڕێبەرێکی پراکتیزما و وەک کەسێک کە دەیتوانی لەگەڵ گیرو گرفتەکان و هەلومەرجەکانی دونیای ئەمرۆ دا هەڵ بکات، دەیتوانی بۆ هەموو ئەگەرێک لە ئەگەرە سیاسییەکان ڕێگای تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە تا ئیستاشی لە گەڵ بیت نە تەنیا بیر و بۆچوون و هزری دکتور قاسملوو کۆن نەبوون، بگرە دەبێ لە زۆر بارەوە چ ئێستا و چ داهاتووش کەڵکیان لێ وەرگرین.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێز شەڵماشی ئاماژەی بە نەخش و ڕۆڵی بەرچاو و لێوەشاوەیی دکتور قاسملوو کرد لە سەر لە نوێ دارشتنەوە و بنیاد نانەوەی حیزب لە ماوەیەکی کەم دا وەک حیزبێکی مۆدێرن و خاوەن بەرنامە.

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە نەخشی قاسملوو لە باری نەتەوییەوە وەک ڕێبەرێک زۆر گەورە بووە، نە حیزبی دێموکرات و نە هیچ حیزبێکی تر بۆی نییە دکتور قاسملوو تەنیا بە موڵکی خۆی بزانێت، بۆشی نییە کە شتەکانی خۆی لە پشت کارێزمایی و گەورەیی و خۆشەویستیی دکتور قاسملوو دا بشارێتەوە. ئێمە هەر هەڵەیەک بکەین هی خۆمانە و بۆ هەر سیاسەتێکی ڕۆژیش کە دایدەرێژین خۆمان لێی بەرپرسیارین.

لە تەوەرێکی تری قسەکانی دا بەڕێز مستەفا شەڵماشی تیشکی خستە سەر ئەوە کە «ڕێبازی دکتور قاسملوو چییە و ئامانجی دکتور قاسملوو چی بوو؟» لەو بارەوە گوتی بە باوەڕی من دکتور قاسملوو لە ٣ تەوەر دا خەت و نیشانی بۆ کێشاوین کە نابێ لێیان لادەین و دەبێ بیانکەین بە هێڵی سوور. یەکەم ئەوەیە کە بۆ هەمیشە خۆ ببوێرین لە دژایەتی کردنی یەکتر کە خوا نەخواستە وەک دوژمن لە بەرامبەر یەکترمان دا ڕابگرێت. بەڵام ئەو ئامۆژگارییە تەنیا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات نییە، بەڵکو ئەوە بۆ هەموو کوردێکە کە دڵی بۆ کورد دەسوتێت.




دووهەم لە باری نەتەوەییەوە، ڕیبازی دکتور قاسملوو ڕێبازی نەتەوەییە، بەڵگەش کتێبی «کوردستان و کورد»ە کە گەورەترین پاشماوەی سیاسەتەکانی دکتور قاسملوویە کە نەخشە ڕێگایەک بۆ ئاواتی لە مێژینەی کورد دەخاتە روو.

تەوەری سێهەم ئەوەیە کە چۆن خۆمان بێنینە مەیدان و خۆمان دەربخەین ، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سیاسەتێکی ئوسولی و خاوێن ڕچاو بکەین تا بتوانین لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بەرگری لەم سیاسەتە بکەین.

دوایین تەوەری قسەکانی بەڕێز مستەفا شەڵماسی بۆ باس لە سەر پێویستیی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بناغەی بەرژەوەندی نەتەوەیی تەرخان کرابوو و لەو بەشەدا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێداگریی لە سەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ هاوخەباتی و پێویستیی دیالۆگ و لێکنیزیکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان وەک میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوو کردەوە.

لە بەشێکی تری ئەو یادکردنەوە دا پەیامی «پارتی دێموکراتی کوردستان» و چەند پارچە شێعر لە لایەن ئەبوبەکر ئیسماعیلی پێشکەش کرا و دواتر لە لایەن خاتوو قومری سالحزادە پەیامی «ڕێکخراوی کوردۆساید کۆمیتەی ڕۆژهەڵات» خویندرایەوە هەر بەم بۆنەوە لە لایەن ئەو هێز و ڕێکخراوانەوە بروسکەی ماتەمینی و هاوخەمی پێشکەش بە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کران :

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**بزووتنەوەی گۆران**
**سازمانی خەباتی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران**
**ماڵی کوردی**
**ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کورستان**
**کۆمەڵەی کوردی**

جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە ناو ئاخنی بەرنامەکان دا چەندین شێعر و پەخشان لە لایەن سنوور محەممەد زادە بەرێوەبەری ڕێورەسمەکە خوێندرانەوە.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە ڕێورەسمی یادی سەربەخۆیی وڵاتی فەرانسە لە هەولێر کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی ، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە ڕێورەسمی یادی سەربەخۆیی وڵاتە فەرانسە لە هەولێر کرد.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی پووشپەڕ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان: کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برایم زێوەیی نوێنەری حیزب لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و ئاسۆ حەسەنزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، بەشداریی لە ڕێورەسمی یادی سەربەخۆیی فەرانسە لە شاری هەولیردا کرد کە لە لایەن کۆنسولگەری ئەم وڵاتەوە ڕێک خرابوو. سەرەتا هەیئەتی حیزب پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەفرێدریک تیسۆ، باڵوێزی فەرانسە و گەلەکەی راگەیاندو هیوای خواست پێوەندییەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە بستێنێ و حکوومەتی فەرانسە و گەلەکەی هەر وەک لە رابردوو نیشانیان داوە، پشت و پەنای نەتەوەی کوردو پرسە نەتەوایەتییەکەی بن.

شایانی باسە کۆنسوولی فەڕانسە، فریدریک تیسۆ لە قسەکانی دا کە بە بۆنەی یادی سەربەخۆیی وڵاتەکەیەوە کردی، ئاورێکی لە سێ دەیەی رابردوی جووڵانەوەی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە کە سەرەتا لە ڕێگای دوکتور قاسملوو ئاشنایەتی لە گەڵ پرسی کورد پەیدا کردوەو چەندین جار تێکەڵاوی لە گەڵ جووڵانەوەی کورد هەبووەو لە نزیکەوە لە گەڵ دەردو مەینەت و ئازارەکانی ئاشنا بووەو بە گوێی بیرورای گشتی و بەتایبەت حکوومەت و نەتەوەی فەڕانسەی راگەیاندوە.



ناوبراو چەندین جار لە قسەکانی دا لە ڕۆڵی کاراو ئەکتیوی شەهید دوکتور قاسملوو، ڕێبەری خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بزووتنەوی کورد دا کرد.

تیسۆ لە قسەکانی دا سەبارەت بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە پێشکەوتنەکان لە بووارەکانی ئاوەدانی و دیپلۆماسی و مافەکانی مرۆڤ کردو هیوای خواست پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فەرانسە لە پەرەسەندن دابێ.

دواتر سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعود بارزانی، لەو پێوەندییەدا قسەی کردو سپاسی هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی دەوڵەتی فەرانسەی کرد کە لە ڕۆژە سەختەکاندا یارو یاوەری بزووتنەوەی کوردستان بووەو وتیشی کوردیش قەت ئەم چاکانەی لە بیر ناچێ.

جێی ئاماژە پێدانە لە پەراوێزی ڕێورەسمەکە دا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوی بە چەندین هەیئەتی حیزبی و حکوومی و کەسایەتیی کۆنسولگەرییەکان کەوت و پێکەوە بیروڕایان گۆڕییەوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە جێژنی ٢٣٦ ساڵەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە هەولێر

ڕۆژی پێنج شەممە ١٥ ی پووشپەڕ، هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەریزان: عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و سوهەیلا قادری ئەندامی ڕێبەری ، بەشداریی جێژنی ٢٣٦ ساڵەی سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کرد کە لە لایەن کۆنسوولگەریی ئەمریکاوە لە هەولێر بەڕێوە چوو.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەڕەسمی بانگهێشی ئەم ڕێورەسمە کرابوو دەستە گوڵێکیان لە گەڵ پێشکەش کردنی پەیامێک پێشکەشی سەرکۆنسوولی ئەمریکا لە هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان کرد.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە کە لە هۆتێل ڕۆتانا لە لایەن کۆنسوولگەریەوە پێکهاتبوو بە مارشی سروودی نەتەوەیی ئەمریکا و مارشی سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، پاشان پەیامی سەرکۆنسوولی ئەمریکا بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیسی پێشکەش کرا و بەدوای ئەودا پەیامی پیرۆزبایی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی ٢٣٦ەمین ساڵیادی سەربەخۆیی ئەمریکا، لە لایەن مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرا.



شایانی باسە کە هەیئەتی حیزبی دیموکرات لە میانەی ئەم ڕێوڕەسمەدا چاویان بە سەرکۆنسوولی ئەمریکا لە هەولێر و کۆمەڵێک لە کەسایەتیە حیزبی و حکوومیەکانی هەرێم کوردستان کەوت، و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## خالید عەزیزی لە ٢٣ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا:

# تێرۆری د. قاسملوو لە راستیدا تێرۆری بیر و ئەندیشەی قاسملوو بوو



**خوشک و برایانی ئازیز!**
**میوانانی بەڕێز!**
**ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات!**

پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ٢٣ ساڵەی بیرەوەریی یادی دوکتور قاسملوو. بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و ئەزموونی خەباتی حیزبی دێموکرات بەتایبەت ئەو سەردەمەی کە دوکتور قاسملوو رێبەریی حیزبی دێموکراتی دەکرد و لە کوردستان و لە ئێران بوو بە کەسایەتییەکی ناودار تەبیعەتەن کۆمەڵێک ئەندیشە و بیر و باوەڕی لە پاش خۆی بە جێهێشتوە کە شیاوی یادکردنەوەن.

حیزبی دێموکرات هەرچەند دوکتور قاسملوو رێبەری ئەو حیزبە نەماوە و لەباری فیزیکی یەوە لە نێومان دا نییە، بەڵام تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لەوەدا کە بەشێکی زۆر لەو بیر و ئەندیشانە لە نێو خۆی دا نەهادینە بکا و لە حەدی توانای خۆی دا بیانکا بە فەرهەنگ. لە روانگەی منەوە باشترین بیرەوەری و یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو، یادو بیرەوەریی ئەندیشەکانی ئەوە. ئەو بیر و بۆچوونانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران و لە عەقڵیەتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە کوردستان ئێران دا رۆژ بە رۆژ پتر جێ دەکەون. جێی خۆیەتی هەر لەم رۆژەدا یادی هەمووی زیندانیانی سیاسی لە کوردستانی ئێران دا بکەینەوە کە لەسەر دێموکراسی و مافپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکان دا کە زۆر بە قووڵی و قورسی بیر و ئەندیشەی قاسملوو بوون ئێستا لە زیندان دان. جێگەی خۆیەتی رێز و سڵاویش بنێرین بۆ بنەماڵەی شەهیدان کە شەهیدەکانیان لە رێبازی دێموکراسی و ماف و هەروەها کوردایەتی کە قاسملوو کاری بۆ کرد گیانیان بەخت کردوە. هەروەها دەستخۆشییش لە هەمووی ئەو تێکۆشەرانە بە پێشمەرگە و کادر و ئەندامانی حیزب و چالاکانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات بکەین کە دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش لەسەر چالاکی و تێکۆشانی سیاسیی خۆیان لە پێناوی ئەو بیر و ئەندیشەیەی کە قاسملوو هێناوینە گۆڕێ و وەک بیر و بەرنامەی حیزبی دێموکرات جێ کەوتوون و نەهادینە بوون و، بەردەوامن. هەروەها جێی خۆشیەتی لێرەدا هەم یادێک لە کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و دوکتور فازل رەسووڵ بکەینەوە کە لەگەڵ د. قاسملوودا لە ڤییەن شەهید کران و هەم یادێک لە کاک سەلامی عەزیزی بکەینەوە ئەندامی دەفتەری سیاسی کە ١٠ ساڵ دواتر لە ٢٤ی مانگی پووشپەڕدا کۆچی دوایی کرد. یادیان بەرێز بێ.

**بەشدارانی هێژا!**

تێرۆری دوکتور قاسملوو لە راستیدا تێرۆری بیر و ئەندیشە و فکری قاسملوو بوو. تێرۆری دێموکراسی بوو لە ئێران، تێرۆری ئەو بیرکردنەوە و ئەو بۆچوونە بوو کە لە رێگای دیالۆگ و گفتوگۆ دوای شۆڕشی ئێران دەیویست کێشەی کورد چارەسەر بکا. تێرۆری بیر و بۆچوونێک بوو کە بە شێوەیەکی مۆدێرن ئەقڵیەتی حیزبایەتی و تەعامول لەگەڵ گیر و گرفتە سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەی ئێران دا نەهادینە کرد بوو. کۆماری ئیسلامی باش تەشخیسی دابوو کە بەو تێرۆرە لانیکەم لە باری فیزیکی رێبەرێکی کارامە و بە توانای جووڵانەوەی کورد لە ئێران و سەحنەی سیاسیی ئێران لە نێو دەبا. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەدیش راست بە مەبەستی تێرۆر و لە نێو بردنی بیرو فکری کوردایەتی و بیرۆکەی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام خەباتی دوای پێشەوا و خەباتی بەربەرین و زۆرتری دوای قاسملوو نیشانی دا ناکرێ بیر و ئەندیشە و دێموکراسیخوازی و تێکۆشان و چالاکی بە رێگای دێموکراتیک دا و هەروەها لە سەردەمێک دا کە شعووری نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران زۆر لە پەرەئەستاندن دایە وا بە راحەتی تێرۆر بکرێ. بەداخەوە دیکتاتۆرەکان و ئیستبدادەکان لەو ناسەرکەوتوو بوونی ئەو مێتۆد و تیئۆرییانەی خۆیان هەر دەرسیان وەرنەگرت و هەر دەرسیان وەرنەگرتوە. لە هەمووی ئەو تێرۆرانە دا ئەگەر بە لەحازی فیزیکی رێبەرەکان لە نێو ئێمەدا نەمان بەڵام بە لەحازی ئەوەی کە رێبواریان زۆر بووە و مەیدانی خەباتی کوردایەتی و دێموکراسیخوازی رۆژ بە رۆژ لە حاڵی پەرەئەستاندن دایە بۆخۆی بۆتەوە دژکردەوەیەکی بەتوانا لە دژی دەسەڵاتەکان لە تاران بەتایبەت لە دژی کۆماری ئیسلامی. بۆیە هیواداریـن رۆژبە رۆژ کە تەمەنی دیکتاتۆرو ئیسبدادەکان لە دنیادا کەم دەبێتەوە و ژمارەیان کەم دەبێتەوە زۆرتر بەوە بگەن کە ویست و داخوازی دێموکراتیک و مافخوازی ناکرێ بە تێرۆرو شکەنجە و زیندان وڵام بدرێتەوە.

جێی خۆیەتی لە بیرەوەریی یادی ٢٣ ساڵەی دوکتور قاسملوودا ئاماژە بە هێندێک ئەندیشەی ئەو بکەین کە لە راستیدا لە کۆمەڵگەی ئێمە دا بە خۆشییەوە تا رادەیەکی زۆر نەهادینە بوون. واقیعبینی لە سیاسەت دا، دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو لە سەردەمێک دا پێی نا ناو سیاسەت کە لەو سەردەم دنیا لە کێشەی دوو بەرە دابوو، بەرەی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها بەرەی ئەمریکا. بەڵام قاسملوو هەوڵی دەدا لەو کێشانەدا تێبکۆشێ بە واقیعبینییەوە بە دوای چارەسەرییەکان دا بگەڕێ. دوکتور قاسملوو رێگاچارەکانی بە سیفرو سەد دا نەدەنا. پێی وابوو بەینی سفرو سەد رەقەمی دیکەش هەیە، دەکری فکری لێبکەیەوە و بیهێنیە گۆڕێ بۆ حەلی کێشەکان. ئەو کەسە بوو کاتێک کە بە تەمەنی لاوی بە باوەڕی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی تەنانەت لە تەشکیلاتی کۆمۆنیستی دا کاری دەکرد بە هۆی ئەوەی کە بە دوای ئاڵوگۆڕدا دەرۆیی، وازی لێ هێنا و وردە وردە بۆچوونێکی لیبرالیستی واتا ئارامی لە سوسیالیزم لە نێو حیزبی دێموکرات دا جێ خست.

هەر دوای شۆڕشی ئێران هەموو هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە لە رێگای وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیی دوای شۆڕشی کێشەی کورد چارەسەر بکا. هەر لەو سەردەمیش دا دیسان یەکێک لە هونەرەکانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە تێ بکۆشێ مەجال بقۆزێتەوە، تێ بکۆشێ فورسەت دروست بکا، تێ بکۆشێ وەختێک حکوومەتی مەرکەزی رێگاچارەیەک قبووڵ ناکا رێگاچارەی دیکەی لە موقابیل دا دابنێ و ئەوە یەکێک لەو مێتۆدانە بوو کە کاتی خۆی دوای ئینقلابی ئێران و سەردەمی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تا رادەیەک کۆمەکی کرد بە زەمانی وەدواخستنی شەر لە کوردستان. یەکێک لە قسە بە نرخەکانی قاسملوو ئەوە بوو دەیگوت ئەگەر رۆژێک شەڕ لە کوردستانی ئێران وەدرەنگی بکەوێ خەڵک یەک رۆژ زیاتر کەڵکیان لە دێموکراسی و ئازادی وەرگرتوە، دەقیقەن ئەو مێتۆدە و ئەو تاکتیکە بوو کە جارێک بە چەند مادە (٢٥ مادە، ٨ مادە، ٦ مادە) هەوڵی دەدا نەهێڵێ موزاکرات بە بۆنبەست بگا. ئەوە کە ئێمە زۆرتر تێدەکۆشان، سەربەخۆیی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە نێو بەرن. دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو هەوڵی دا بۆوەی کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات ساغ بێتەوەو دروست بکرێتەوەو سەربەخۆ ببێ. لە تەواوی تەعامول لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچە تەنانەت لە عیلاقات و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکان یەک شت لە حیزبی دێموکرات دا و لە شەخسی قاسملوودا نەهادینە ببوو، ئەویش ئەوەیە لە پێوەندی و عیلاقات نەترسێی بەڵام لە سەر بنەمای سەربەخۆیی حیزبی و توانی ئەوەش جێ بخا. بۆیە هەر بە پێی ئەو تیئۆری و ئەو عەقڵیەتە بوو کاتێک دەگەیشتینە سەر کێشە و ئاڵۆزی مەسەلەی کوردو دابەشکردنی کوردستان بۆ ئەوەی کە لەو بەینە دا گرفت دروست نەبێ، رێگای دوکتور قاسملوو و حەلی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە هەر پارچەیەکی کوردستان بە دوای رێگاچارەی خۆی دا بڕوا. هیچ لایەنێکی سیاسی لە پارچەکانی دیکە دەخالەت لە بەشەکانی دیکەدا نەکەن و ئێستاش دەبینین کەم و زۆر ئەو گرفتە هەر لە گۆڕێ دا هەیە. بۆیە سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکرات دا بە خۆشییەوە نەهادینە بووە، وەها نەهادینە بووە کە حیزبی دێموکرات لە هەمووی ئەو تێکەڵاوییانەدا دەتوانێ لەسەر بنەمای ئەو سەربەخۆیی سیاسییە ئیدامە بە ژیانی خۆی بدا.

ئایا کاتێک قاسملوو خاوەنی بیرێکی بەربەرینی دێموکراسی بوو، دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو، شارەزایەکی بواری چارەسەرکردنی وەڕاست گەڕاون کە هەمیشە تەئکیدی لەسەر دێموکراسی دەکردەوەو هیچ جێگا و مەجالێکی بە حکوومەتی توتالیرو ئیستبداد و دیکتاتۆری نەدا. ئێستاش هەر وەکی ئاماژەم پێکرد ژمارەی ئیسبدادو دیکتاتۆرەکان رۆژ لە رۆژ لە کەمی دایە. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە قەزیەی کوردەوە هەیە ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو سەردەم، خۆشبینی و گەشبینیی قاسملوو تا رادەیەکی زۆر جێ کەوتوە و بە خۆشییەوە ئێمە لە سەردەمێک دا رووبەڕووی کێشەی کوردو رێگاچارەکان دەبینەوە کە هەم لە تورکیە و هەم لە سووریە و بەتایبەت و بە خۆشییەوە لە هەرێمی کوردستان کەش و هەوایەک هاتۆتە گۆڕی کە هیوابەخشە. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک وە رێگاچارەکان بدەینەوە تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە بیرو ئەندیشەی قاسملووە هەیە ئەوەی ئێستا لە تورکیە لە گۆڕێدا هەیە دەمێک بوو ئێمە لە ئێران بە دوایدا دەگەڕاین. هەر دوای شۆڕشی ئێرانیش ئێمە بە دوای ئەوەدا دەگەڕاین. بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کام لەو رێگاچارە دێموکراتیک و ئاشتیخوازانانەی ئێمە کە کارمان بۆ کردوەو نەهادینەمان کردوە قبووڵی نەکرد. جێگای خۆشی و خۆشحاڵییە کە ئەو ئاڵوگۆڕە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیەدا لە گۆڕێدا هەیە و بە خۆشییەوە کرانەوەیەکی دێموکراتیک بەرەوڕووی مەسەلەی کورد هەیە ئێمە هیوادارین هەموو لایەنەکانی بەشداری ئەو کێشەیە بە کوردو تورکەوە بە لایەنە سیاسییەکانەوە کۆمەک بکەن کە ئەو

> **ئەگەر ئێمە پێمان وابێ قاسملوو هەر موڵکی دێموکراتە هەم ئێمە ئێشتبا دەکەین، هەم قاسملوومان چووکە کردۆتەوە. قاسملوو وەک کەسایەتییەکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و وەک کەسێک کە توانی بەو بیرو بۆچوونە لە نێو دێموکرات دا ئەوە بکا بە فەرهەنگ، ئەو سنوورەی شکاند کە هەر موڵکی دێموکرات بێ**

لە نێو خەڵک دا بێن بۆ ئەوەی کە حیزبایەتی ئێمە لە فەزایەکی ئازاددا باشتر بتوانێ کۆمەک بکا بە جێ خستنی بیرو هۆش و ئەندیشەی قاسملوو کە دوایە وردە وردە لە ژیانی حیزبایەتیی ئێمەدا نەهادینە بوو.

واقیعبینییەکی دیکەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کاتی خۆی کە پێڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دابەشکردنی دنیا بە سەر رۆژهەڵات و رۆژئاوا و بەرەی غەربی بە ئیمپریالیزم و بەرەیەکی دیکەی بە سوسیالیزم دادەنا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعیەتەش هەموو هەوڵی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو چۆن بتوانێ رێگەی عیلاقات و پێوەندییەک لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە. رەنگە ئەو وەختە لەسەردەمی بیرکردنەوەی ئەوانەی کە چەپ و کۆمۆنیست و سوسیالیست بوون و کەسێک کە باوەڕی بە سوسیالیزم و کۆمۆنیزم و ئەو بەرەیە هەبووبێ، بڤە بووبێ، بەڵام هەر ئەو وەختیش لە گەرمەی ئەو عەقڵیەتی حیزبی دا ئەو بە دوای ئەوە دابوو کە تێ بکۆشێ مەجالێکی دیکە دروست بکا لە عیلاقاتی نێونەتەوەییش دا ئەو واقیعبینییەی خۆی پتر جێ بخا.

سەربەخۆیی حیزبی بۆ حیزبی دێموکرات کە سەردەمێک بەتایبەت دوای کۆماری کوردستان حیزبی تودەی ئێران هەوڵی دەدا وەک بەشێکی کوردستانی خۆی چاوی لێ بکا لە سەردەمێک دا کە لەسەر بنەمای باوەڕی چەپی ئەو وەخت کێشەکان و دروست کردنی مەجال و دەرفەت بۆ حیزبەکەی بوو و وەک رێگاچارە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا بۆچوونێکی عام و گشتگیری هەیە، ئایا قاسملوو هەر موڵکی دێموکراتە؟ نا. ئەگەر ئێمە پێمان وابێ قاسملوو هەر موڵکی دێموکراتە هەم ئێمە ئێشتبا دەکەین، هەم قاسملوومان چووکە کردۆتەوە. قاسملوو وەک کەسایەتییەکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و وەک کەسێک کە توانی بەو بیرو بۆچوونە لە نێو دێموکرات دا ئەوە بکا بە فەرهەنگ ئەو سنوورەی شکاند کە هەر موڵکی دێموکرات بێ، بۆیە ئێستا لە کوردستانی ئێران لە زۆربەی زۆری شوێنەکان ئەوانەی چالاکوانی مافی مەدەنین، چالاکوانی بواری مەدەنین لە رێگای دێموکراسی دا کار دەکەن زۆرجار لە لێکدانەوەو بۆچوونەکانی خۆیان دا ئاماژە بە تیئۆری و بۆچوونەکانی قاسملوو دەکەن کە بەردی بناغەی ئەوە بوو ناکرێ کێشەی سیاسی میللەتێک بە زۆر، بە چەک، بە شەڕ چارە بکەین. هەمیشە لە بۆچوونەکانی دا بنەمای مەدەنی و بنەمای ئاشتیخوازانە لە گۆڕێ دابوو.

**میوانانی بەڕێز!**
**بەشدارانی خۆشەویست!**

لەسەردەمێک دا ئێمە یادی ٢٣ ساڵەی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەم کە دوکتور قاسملوو تێیدا تێرۆر کرا، ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە دنیادا هاتۆتە گۆڕێ. بەشێک لە بۆچوونەکانی وی رەوتە لە بار نەچێ و لە ئیدامەی خۆی دا سەرکەوتوو بێ. لە سووریە کە لە سەردەمی تێرۆری دوکتور قاسملوودا رەنگە تۆ نەتوانیبا باسی کورد بکەی، و کورد نەیدەتوانی مافی شەهروەندیی خۆشی لەوێ دا تەنانەت بێنێتە گۆڕێ، ئێستا کورد لە مەوزووعی ئاڵوگۆڕەکان و چەندو چۆنی دروست کردنەوەی داهاتووی سووریە فاکتۆرێکەو ئەوانەی کە راستەوخۆو ناراستەوخۆ بیر لە داهاتووی سووریە دەکەنەوە ناتوانن بیر لە چەندو چۆنی مەوقعیەتی کورد نەکەنەوە. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەگەر لەو سەردەم دا کە شەڕی ئێران و عێراق تەواو دەبوو و لەو سەردەم دا دوکتور قاسملوو بۆ رێگاچارە لەگەڵ کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی لە وییەن دا گفتوگۆی دەکرد، ئەگەر لەو سەردەم دا رووناکایی لە مەسەلەی کورددا لانیکەم لە کوردستانی عێراق زۆر کەم بوو، بەڵام ئێستا بە خۆشییەوە کورد لە باشووری کوردستان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیەتی. ئێمە لەو باوەڕە داین بەردی بناغەی جێبەجێ بوون و چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری ئەو گرفتانە چ ئەوانەی کە لەگەڵیان رووبەڕووین لە هەرێمی کوردستان و چ ئەوانەی کە لە سووریە لە گۆڕێ دا هەیە و چ ئەوانەی کە کورد لە تورکیە لەگەڵی رووبەڕوو دەبێتەوە، ئەوەیە وەحدەتی هێزە سیاسییەکان لەسەر بنەماو بنچینەی بەرژەوەندی نەتەوەیی. ئەگەر ئەوە دەستەبەر بکرێ و نەهادینە بکرێ دڵنیام کورد هەروەک نیشانی داوەو دەدەری خستوە لە چەندو چۆنی رووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان لەو وڵاتانە تەنانەت لە سێناریۆی سیاسەتی گەورەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەتوانێ دەورێکی کارای هەبێ. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شوێنەی کە دوکتور قاسملوو لێی لە دایک بوو و لەوێ فێری سیاسەت بوو، و لەوێ لەگەڵ کێشەکان رووبەڕوو دەبۆوە و هەر لەسەر مەسەلەکەی ئەوێش لە وییەنا تێرۆریان کرد، ئاڵوگۆڕێکی زۆر هاتۆتە گۆڕێ. هەرچەند حیزبەکەی قاسملوو ئێستا بە ئاشکرا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا نییە و مەجالی قانوونیی تێکۆشانی سیاسیی نییە، بەڵام رێبوارانی رێگای دێموکراسی و مافپەروەری و چارەسەری بەو شێوەیەی کە قاسملوو هێنابوویە گۆڕێ رۆژ بە رۆژ لە کوردستانی ئێران لە پەرەئەستاندن دایە. ئەوەی کە خەڵک بە سەدان و بە هەزاران و بە میلیونها کەس ناتوانن لە شەقامەکان بێنە گۆڕێ و ویست و داخوازییەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن و تەرحی بکەن، بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو بیرو هۆشە لە نێویان دا لاوازە لە نێویان دا نەماوە. تەواوی رێورەسمەکان کەم و زۆر لە پارێزگەکانی کوردنشینی ئێران، لە ئیلامەوە بگرە تا ئوستانی کرماشان، ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ و تەنانەت لە نێو ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی کوردستان لە شوێنەکانی دیکە دەژین نیشانی داوە کە شعووری نەتەوایەتی و کوردایەتی و بیرو هەستی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەردەوام لە پەرەئەستاندن دایە. ئێمە دڵنیاین هەروەک لە خوێندنەوەی باوڕی قووڵی قاسملوو بە دێموکراسی دا دەرکەوت و دیکتاتۆرەکان و ئیسبدادەکان یەک بە دوای یەک دا تێک رووخان، ئێرانیش لەو پرۆسەیە نەجاتی نابێ و هیوادارین بە یەکگرتوویی هەموو لایەک ئێمە بتوانین هەم کوردەکان و هەم ئێرانییەکان تەمەنی حکوومەتی جمهوری ئیسلامی کەم بکەینەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرینگییەکی تایبەتی هەیە ئەو کاتە دێینە سەر لایەنی عەمەلیی، یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، دەمێکە رامانگەیاندوە و بڕیاری کۆنگرەی لەسەرە هەروەها بەدواداچوونەوەی کومیتەی ناوەندیی لەسەرە کە ئێمە لە هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆمان کەڵک وەردەگرین بۆ ئەوەی کۆمەک بکەین بە یەکریزیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت هەوڵ دەدەین لە سەر سیاسەتی ئوسوولی و مەسئولانەی خۆمان بچینە پێشێ بۆوەی کە عیلاقاتی دروستی هەردووک لای دێموکرات باشتر بێتەوە، عادی بێتەوە، لێک نزیک بینەوە و بتوانین گرفت و کێشەکانمان لەگەڵ یەکتر لە رێگای دانیشتن کە باوەڕی قاسملوو بوو بە گفتوگۆو دیالۆگ لەگەڵ یەکتر چارەسەر بکەین دڵنیام ئەگەر ئەو پرۆسانە بە باوەڕو ئیتمینانەوە ئێمە بچینە نێویان مەجال و دەرفەت و ئیمکانی ئەوەمان هەیە لە ئیدامەی خۆی دا کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران بکەوێتە قۆناغێکی باشترو مەوقعیەتێکی موناسبتری بۆ بێتە پێشێ لە چەندو چۆنی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سێناریۆ ناڕوونەکانی داهاتووی ئێران.

لە کۆتاییدا هەر بەرزو بەرێز بێ یادی د. قاسملوو وهاورێیانی،

هەر شەکاوە بێ ئەندیشەو بیرو باوەڕەکانی قاسملوو

هەر پتەو بێ یەکگرتوویی ریزەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان،

ئێوەش هەر ساغ و سڵامەت بن و هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

### کاوە ئاهەنگەری:

# دوایین وێستگەی کۆبوونەوەکانی ستوکهۆڵم و بروکسێل دەبێ گەیشتن به یەکیەتی و ئێئتلافێک بێ، چونکە ئەوە زەروورەتی ئەمڕۆکە و پێویستییەک بۆ داهاتووی ئێرانە

دیمانە: عەلی بداغی

**کۆنفرانسی بروکسێل کە لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، ١٧ ی ١٨ ی پووشپەڕ و بە بەشداریی نیزیک بە ٨٠ کەس لە چالاکان و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی بلژیک بەڕێوە چوو، کاردانەوەی جیاوازی لە نێو میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندندا لێ کەوتەوە.**

**لە کۆبوونەوەی برووکسێلدا کە بە درێژەی کۆبوونەوەکەی ستوکهۆڵم دادەنرێ کە بە دەسپێشخەریی ناوەندی « ئۆلاف پالمە» و لە ژێر ناوی « بەرەوپێشبردنی یەکیەتی لە پێناو دێموکراسیدا» بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسی لەبارەی بارودۆخی ئێران و بەربژێرەکانی بەردەم داهاتووی ئێران لە لایەن بەشدارانەوە هاتنە بەر باس و لە کۆتایی کاری دوو ڕۆژەی کۆنفرانسدا پێداگری لە سەر پێویستیی بەردەوامیی ئەو دانیشتنانە تا گەیشتن بە ئاکامی هاوبەشی هەموو لایەک کرا.**

**ڕۆژنامەی « کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی چەند لایەنێکی ئەو کۆنفرانسە وتووێژی لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا و یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسەدا کردوە و لەو بارەوە چەند سەرنجێکی خستۆتە بەر باس:**



**پ: کاک کاوە با بەم پرسیارە گشتییە دەست پێ بکەم کە پێکەوە دانیشتن و کۆبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات رابردوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام بە کردەوە شتێکمان لە هیچ کام لەو کۆبوونەوە و دانیشتنانە نەدیوە. ئایا شتێک هەیە کە کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵم، کۆڵن، واشنگتۆن و بروکسێل لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە؟؟**

و: بە باوەڕی من دانیشتنەکان و هەمووی ئەو کۆبوونەوانە خۆیان سەرەتا هەنگاوێکی عەمەلین کە لە نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچن. با رابردووی دۆخ و کەش و هەوای نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو ون نەکەن، با باس لە زەمانێک بکەین کە سەرەتا و ساڵەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بوو حیزبی دێموکرات سەرگەرمی بەرخۆدان و بەرگرییەکی سەخت و دژوار لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لەبەیکیان بە خومەینی دەگوت: وەزعی شورای میللی بەرگریش تووشی کێشە و ئاڵۆزیی خۆی ببوو – ئەویش بە هۆی بوونی بیرو باوەر و بۆچوونی جیاواز- و ئێستاکە لەوەها کۆبوونەوەیەکدا، بەشێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی و تیۆریسییەنەکانی دەبینین کە وەک ئیمە پەرتەوازەی هەندەران بوون و ئەوانیش هاتوونەتە نێو ریزی دژەبەرانی نیزام و حیزب و رێکخراوی ئیدئۆلۆژیکی چەپ و راستیش بمێنێ. دەمەوێ بڵێم ئەمرۆکە چاو کە لە کۆنفرانسی بروکسێل دەکەین، دەتوانم بە هەنگاوێکی کردەیی بناسێنم کە پێکهاتەیەک بوو لە لایەن بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر و؛ دانیشتنی ئەوانە لە پەنای یەک بۆ دوو رۆژ هەنگاوێکی بە نرخە. پێکهاتەیەکی رەنگاوڕەنگ کە بۆ دوارۆژی ژیانی سیاسی ئێرانییەکان بە نرخە.

**پ: بەڵام بینیمان کە زۆر لایەنی وەک کۆماریخوازەکان و تەنانەت هیندێک لایەنی وەک حدکا کە پێشتر بەشداری دانیشتنەکانی ستۆکهۆڵم و کۆڵن ببوون، بەشداری کۆبوونەوەکەی بروکسێل نەبوون، بەڵام لە کۆنفڕانسەکەی بڕوکسێلدا کەسان و لایەنی زیاتر بەشدار ببوون، ئەوەیان لە رووی تیکنیکی بەڕێوەچوونی ئەو کۆنفڕانسانە چۆن لێک دەدەیەوە؟ بەشدارییەکان و بانگهێشت کردنەکان بەپێی چ بنەمایەک بووە؟ بەشداران لە نوێنەرانی کام گرووپ و لایەن پێک هاتبوون؟**

و: بە گوێرەی تەوزیحی بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە کە دکتور سازگارا ئەو بەشەی بە عۆدەبوو، زۆربەی رێکخراوە دێموکرات و کۆماریخوازە ناسراوەکان بانگهێشت کرابوون و بۆ نموونە ئەو دوو رێکخراوەیە کە ناوت هێنان. کە نەهاتوون پێم وایە درووست وایە لە خۆیان بپرسرێ و وەڵام بدرێتەوە باشترە، بەڵام من لەو کۆنفرانسە بەو قەناعەتە گەیشتم کە نەهاتنی هەندێک لە لایەنەکان هۆکاری دیکەی هەیە هەتا سیاسی. شێوەی بانگهێشتنەکەش بەو جۆرە بووە کە هەیئەتی بەڕێوەبەریی پێشتر لەگەڵ هەموو ئەو کەسان و لایەنانە پێوەندیی گرتوە و دواتر لیستی نەهایی ئەوانەی کە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە ئامادە کراوە و بڵاویش بۆتەوە. دیارە پێویستە بگوترێ کە کۆنفرانسی بروکسێل درێژەی – بە تایبەتی- کۆنفرانسی ستوکهۆڵم بوو و جیاوازییەکی بنەڕەتی لە شێوە و تکنیک و ناوەڕۆکی کاردا نەهاتە گۆڕێ بەڵکوو تەنیا بەربڵاوتر و بەرینتر کرابۆوە. بۆیە هەموو ئەوانەی لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بەشدار بوون ئاگاداری کەش و هەوای کاروبار بوون. بەشدارانی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمیش پێکهاتەیەک بوو لە نوێنەری حیزب و لایەن و رەوتی فکریی وەک: کورد و چەند کەسێک لە نەتەوەکانی ئێران، بزووتنەوەی کەسک، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی چەپ، لایەنی کۆماریخواز، چالاکانی مافی ژنان و نووسەر و رۆژنامەنووس. بە گشتی پێکهاتەیەکی تێکەڵاو بوو.

**پ: دەفەرمووی کە بەشداران نوێنەرایەتیی پێکهاتەی فکری و تەشکیلاتیی خۆیان کردوە، بەڵام بەڕێز میرۆ عەلیار، نوێنەری حدکا کە ئەویش یەکێک لە بانگکراوانی کۆنفڕانسی بروکسێل بووە، لە وەڵامی هۆی بەشداری نەکردنیان لەو کۆنفڕانسەدا دەڵێ کە بە هۆی ئەوەی ئیزن نەدراوە لەو کۆبوونەوانەدا باسی پرسی نەتەوایەتیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بکرێ و کێشەی نەتەوایەتیی نەتەوەکان لەو باس و کۆبوونەوانەدا «تابۆییزە» کراوە، ئەوان لەبەشداری لەو دانیشتنەدا خۆیان بواردوە. ئایا پرسی فرە نەتەوەیی لە ئێران و مافی نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوو لەو باسانەدا نەهاتۆتە گۆڕێ یان لە دەستووری کاری کۆبوونەوەکەدا نەبووە؟ یەکیەتی لە پێناو دێموکراسی بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوایەتی و پرسی نەتەوەکانی ئێران چۆن مەیسەر دەبێ؟**

و: دیارە بۆ حدک و هەندێک لە حیزبەکانی‌تری کوردستان پرسی نەتەوایەتی زۆر گرینگە و دەتوانم بڵێم روانگەیەکە کە سیاسەت و بۆچوون و تەعامولاتی سیاسی لەسەر دەخولقێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەیکە لەم کۆبوونەوەیەدا وەک تەوەر کاتێکی تایبەت بۆ نەتەوەکان تەرخان نەکرابوو من بە هیچ شێوەیەک هەستم بە «تابۆییزە کردن»ی ئەم باسە نەکرد و پەیامی وتارەکەی من و چەند کەسێکی دیکەش باسیان لە حەلی پرسی نەتەوەکان دەکرد. هەروەها لە میانەی کۆبوونەوەکەدا ئەمن بە روونی باسی دێموکراسی و پرسی کوردم لەگەڵ بەڕێوەبەران هێناوەتە ئاراوە و پێم راگەیاندن کە بە بێ حەلی پرسی کورد موعادلەی دێموکراسی لە ئێران وەک کورسییە لاق شکاوەکەی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەچێ و پرسی نەتەوەی کوردیش بە بێ دێموکرات، کێشەکە گرێپووچکە دەکات هەتا حەل. بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێم کە خۆ قەرار نیە کە هەموو تەوەرێک لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا بێتە بەرباس، بۆ نموونە پرسی ژنان و زۆر بابەتی دیکەش لە دەستووری کاری کۆنفرانسدا نەبوو، حیزبێکی سیاسی و مەسئوول، خۆ تەنیا و تەنیا بۆ یەک پرس ناچێتە مەیدانی سیاسی. چۆن پرسی ژنان، پرسی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی، بەرنامەی ناوکی، شەر و ئاشتی و دێموکراسی و داهاتووی ئێران و کێشەی ناوکی و هەلبژاردن و .... هتد و دەیان پرسی دیکە بە حیزبێکی سیاسی کە خۆی بە ئێرانی دەناسێنێ و بەرنامە و مەبەست و ئامانجەکانی لە چوارچێوەی ئێراندا باسدەکات، ، پێوەندیی نیە؟ لەو مەجالانەدا گرینگ حزووری کورد لە ئاستێکی باش دایە، چ لە بواری چلۆنایەتی و چ چەندایەتی. ئێمە نوێنەرایەتی بیروبۆچوونی خۆمان دەکەین و قەراریش نیە لەسەر مەسەلەی کورد پەیمانێک ئیمزا بکرێ کە لە حزوورمان بە گوومان بین.



**به بێ حەلی پرسی کورد موعادلەی دێموکراسی لە ئێران وەک کورسییە لاق شکاوەکەی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەچێ و پرسی نەتەوەی کوردیش بە بێ دێموکرات، کێشەکە گرێپووچکە دەکات هەتا حەل**

**پ: با تایبەت بێمە سەر باسی کۆنفرانسەکە. ئەو کۆنفڕانسە لە ژێر ناوی « بەرەو پێشبردنی یەکیەتی لە پێناو دێموکڕاسیدا» بەڕێوە چوو کاک کاوە! هەموو بەشدارانی ئەو کۆنفڕانسە بەشێکن لە ماهییەتی لێکترازانەکان، پێکەوە هەڵنەکردنەکان، خۆ بە دوور گرتن لە یەکتر و ئەسانەن نەگەیشتن بە سازان و تێنەگەیشتن لە یەکتر لە پێناو یەکیەتی و هاوپێوەندییەکی پتەو لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش کە کۆماری ئیسلامی بێ. لە رووی تیکنیکی گرتنی ئەو کۆبوونەوانە، لە رووی پێویستیی مێژوویی و سیاسییەوە چی وای کردوە کە چاوەڕوانیی یەکیەتییەکی بە کردەوە لە دەروونی ئەو دانیشتنانەدا لە دایک ببێ؟**

و: ئەوە راستە کە بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە بەشی هەرە زۆریان بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەمبەر یەکتر راوەستابوون. بەڵام ئایا دۆستایەتییەکان هەتا سەر بەردەوام دەبن هەتا باوەڕمان بە دووژمنایەتی هەتا سەر هەبێ؟ لە سیاسەتدا نە دۆستایەتی و نە دوژمنایەتی هەتا سەر نین و بە پێی بەرژەوەندی پێناسە دەکرێن. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا سیاسەت دەکەین. لەوانەیە ئەوانەی دوێنێ دۆستمان بوون، ئەمڕۆکە ئەگەر دوژمنیشمان نەبن بەڵام دۆستێکی باشمان نەبن. بەهەرحال پێم وایە هەموو ئەوانەی خۆیان لە دەرەوەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا پێناسەدەکەن، دەکرێ و دەتوانرێ لەسەر تەوەری یەکێتی و پێکهێنانی بەرەیەک بکەونە دیالۆگ و دانوستاندنەوە. هەروەها لە کۆبوونەوەکەشدا هەموولایەک پێداگرییان کرد لە بەردەوامبوون لە گفتوگۆ و پێکهێنانی کۆنفرانس و دانیشتنی دیکە. گرینگ ئەوەیە لە حالێکدا کە میدیای سەر بە کۆماری ئیسلامی دەنووسێ «دژەبەرانی نیزام ناتوانن پێنج خولەک پێکەوە دانیشن››، بەڵام دەبینین، پێکهاتەیەکی وەها رەنگاورەنگ دوو رۆژ لە کەش و هەوایەکی سالم و زۆر شەفاف لەگەڵ یەکتر دیالۆگ دەکەن. ئەوە بۆ من بە نرخە و پێموابێ کە درێژەپێدانی زیاتر کۆماری ئیسلامی دەڕەنجێنێ، نەک تەحریم و بەشدارینەکردن.

**پ: لەبارەی چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و خوێندنەوە و شرۆڤەکان بۆ ئێرانی ئێستا لێکدانەوەکان چۆن بووە؟ ئایا بابەتی بە ئاشکڕا هێنانە بەرباسی پێویستیی « گۆڕینی رێژیم» و پێویستیی «یارمەتی وەرگرتن لە رۆژئاوا و کۆمەڵگای جیهانی» بۆتە خاڵێکی گشتی کە لایەنەکان لە سەری کۆک بن، یان هەمیسان لەو بارەوە جیاوازیی بۆچوون هەیە و چارەسەرەکان لێک دوورن؟**

و: لەو کۆبوونەوەیەدا کەس خوازیاری مانەوەی کۆماری ئیسلامی نەبوو و هەموولایەک لەسەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بوون. بەڵام هەندێک کەس دژی هێرشی نیزامیی لایەنی دەرەکی بۆ سەر ئێران بوون و دەیانگوت کە بە شەڕ یان لە شەڕدا دێموکراسی جێگیر نابێ و بە دێموکراسی ناگەین. سەبارەت بە وەرگرتنی یارمەتیی ماددی باسێکی کۆنکرێت و دیار نەکرا بەڵام یەکێک لە بەشداران بەرێز «ئەمین ریاحی›› کە وتاری پێشکەش کرد باسی لە شکاندنی تابۆی پێوەندیگرتن بە رۆژئاواوە کرد و بە باوەڕی وی دەبێ تابۆی بوونی وابەستەگی و پێوەندی بە وڵاتانی رۆژئاوا بشکێندرێ و چیتر لەوە نیگەران نەبین کە بەرچەسبمان لێبدەن. هەروەها باس لە گرتنی پێوەندی بە کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کاری لابیگەریی بۆ پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا کرا. پێموایە کە لە داهاتوودا هەندێک بابەت و باسی پێوەندیدار بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، روونتر و زەقتر بێنە بەرباس.

**پ: بەڵام بزووتنەوەی کەسک یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی بەشدار لەو کۆنفڕانسەدا بووە، چۆنە دەفەرمووی هیچ کام لە بەشداران خوازیاری مانەوەی کۆماری ئیسلامی نەبوون و هەمووڵایەک لەسەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بوون. ئایا گۆڕانێک لە سیاسەتی ئەواندا پێک هاتوە، بە تایبەت ئێمە بینیمان راوێژکاری ئاغای کەڕووبیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو.**

و: دەبێ بڵێم کە بزووتنەوەی کەسک لەمێژە بە سەر چەند بۆچوون و لایەندا دابەش بووە، بۆ وێنە دەتوانین بە رەوتی کۆنسێرڤاتیڤی بزووتنەوەی کەسک بە نوێنەرایەتیی ئاغای ئەمیر ئەرجومەند کە لەوێ نەبوون، هەروەها ئاغایان موحسێن سازگارا و موحسێن مەخمەلباف و موجتەبا واحدی وەک لایەنی رادیکاڵ و گرووپی خوێندکاریی ناو بزووتنەوەی کەسک، کۆماریخوازەکان و تۆڕی سکۆلارەکانی کەسک و .. هتد ئاماژە بکەین. ئەوانەی لەوێ بوون باوەڕیان بە پێکهاتنی گۆڕان و باسیان لە تێپەڕبوون لە حاکمیەتی ئیسلامی دەکرد و گوتارەکان بە گشتی بە نیسبەت دەسەڵات لێک نزیک بوون.

**پ: کاک کاوە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنفڕانسی بڕوکسێل « پێویستیی هاوئاهەنگیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن» بوو. چۆن باس لە چارەسەر و رێگاکانی ئەو هاوئاهەنگی و یەکڕیزییە کراوە؟ بەشدارانی ئەو کۆنفڕانسە کە بەشی هەرە زۆریان نوێنەرایەتیی هێز و حیزبەکانی خۆیان دەکرد لەو بارەوە لە چی نیزیک بوونەتەوە، بە چی گەیشتوون؟**

و: بە گشتی ئەم کۆنفرانسە، زیاتر لایەنی شیکاری و لێکدانەوەی لە خۆ دەگرت هەتا سازش و رێکەوتن لەسەر شتێکی دیاریکراو. لەو بەشەدا بێجگە لە پانێلیستەکان، من و دکتور حوسێن باقرزادە و دکتور رەزا حوسێنبۆر وتار و گەڵاڵەمان پێشکەش کرد. بەڵام لە سەر هیچ خاڵ یان گەڵاڵەیەکی دیاریکراو ساغ نەبووینە، بەڵام بە گشتی باسەکان و گفتوگۆ و هێنانە ئارای ئەو باسانە یارمەتیان بە لێک تێگەیشتن و ئاشنا بوون بە مکانیزمی فکری و روانگە و بۆچوونەکان دا کە من پێم شتێکی باش و بە کەڵک بوو. سەبارەت بە ساغبوونەوەی نەهایی دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر پلاتفۆرمێکی دیار و نووسراوە، پێموایە کە جارێ زوویە و پێویستی بە گفتوگۆ و موناقشەی زیاتر هەیە.

**پ: ئەو باسە بۆ ئێمە گرینگە بۆیە لەوە تێ هەڵدەچمەوە کە چەندە پرسی نەتەوەکان، تێگەیشتنی هاوبەش لە کێشەی نەتەوەکان لە ئێران، خەمی بەشداران یان هەر لە بنەڕەتدا بابەتی ئەو کۆنفڕانسە بووە؛ ئەو پرسیارە بۆیە دەکەم چونکی دەبینین بەشداریی نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران لەو کۆنفڕانسەدا تۆخ و پڕدیار نەبوە. خۆ ئەگەر بکرێ باس لە هۆکارەکانی ئەوەش بکەی ئەوە زۆر باش دەبێ.**

و: من ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم کۆنفرانسە و کۆنفرانسەکانی پێشوو نەبووم. بەڵام لە هەیئەتی بەڕێوەبەریدا کورد هەن و پێموابێ ئەم پرسیارە رووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە باشترە. بە نیسبەت دەستووری کار و هۆکاری نەبوونی باسێکی تایبەت بە نەتەوەکان،

ل ٦

# تیرۆریزم لە روانگەی دوکتۆر قاسملووەوە



سیروان مووساپوور

« ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات ڕەشەکوژی ڕەت دەکەینەوە، چونکە حیزبێک کە لەلایەن گەلەوە پشتیوانی لێ بکرێ، هیچ پێویستییەکی بە پەنابردن بۆ ئەو چەشنە کارانە نیە. ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێک مەحکوم دەکەین...»( لە وتە بەنرخەکانی دوکتۆر قاسملوو)

تیرۆریزم لە روانگەی دوکتۆر قاسملووەوە: تیرۆریزم وەک زۆر چەمک و زاراوەی دیکە، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. دیارە لێرەدا مەبەست پێناسەکردن و باسکردنی رەهەندە جیاوازەکانی تیرۆریزم نییە. تەنیا خاڵێک کە گرینگە ئاماژەی پێبکرێ ئەوەیە کە تیرۆریزم چ لە لایەن دەوڵەتەکان بە دژی کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییە نەیارەکان کەڵکی لێ وەرگیرێ و چ لەلایەن تاقم و ڕێکخراوەکانەوە بە دژی حکوومەتەکان سوودی لێ وەربگیرێ، ئەوا کردەوەیە کە تێیدا مەبەست بەکار هێنانی توندوتیژی و ترس و تۆقاندن و، لەناوبردن و بەچۆکداهێنانی لایەنی بەرامبەرە. دیارە خودی زاراوەی تیرۆریش لە سەرچاوە لاتینییەکەیدا هەر بەواتای ترساندن و ترس و تۆقاندنە.

دوکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبێکی خاوەن پێگەی جەماوەری، لەم بارەوە خاوەن روانگە و هەڵوێستی روون و ئینسانیی بووە. لە کاتێکدا کە شەڕ لە کوردستاندا بە ئاستەمترین قۆناغەکانیدا تێپەڕ دەبوو، ئەو پێداگری لەوە کردۆتەوە کە تێکۆشەرانی کورد لەگەڵ ئەوەیکە بە تەواوی تواناوە بۆ وەدەسهێنانی مافەکانیان هەوڵ بدەن، دەبێ لە هەر چەشنە کردەوەیەکی دژە مرۆییانە بە تایبەت کردەوەی تیرۆریستی خۆ ببوێرن. لە یەکێک لە وتووێژەکانیدا گوتوویەتی: «.. ئێمە بۆ دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان خەبات دەکەین. داواکانمان حەقن، شەڕ دەکەین بەڵام هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی ڕەت دەکەینەوە».

خاڵێکی گرینگی دیکە کە لە روانگەکانی دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە تیرۆریزم دەردەکەوێ، مەسەلەی جیاوازیی نێوان تیرۆریزم و خەباتی بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییەکانە. ئەو لە هەمان کاتدا کە بۆ چارەسەکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا لە هیچ هەوڵ و کۆششێک خۆ نابوێرێ، بەڵام زۆر بە راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکا کە:» ئێمە خەباتی چەکدارانە لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی تاران ڕەت ناکەینەوە. لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆردا کە دەرەتانی هیچ شێوەیەکی دیکەی خەبات لە گۆڕێ دانیە، تەنیا چەک بۆ خەبات لە پێناو دێموکراسیدا دەمێنێتەوە».

لەگەڵ ئەوەشدا لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی (لیبراسیۆن)ی فەرەنسی پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە: « تیرۆریزم و بزووتنەوە رزگاریخوازییە نەتەوەییەکان دوو مەسەلەی جیاوازن. شەڕی چەکدارانە یان پارتیزانی بۆ رزگاریی نەتەوەیەک، پەنا بردن بۆ تیرۆریزمی پێویست نیە». هەر لەم پێوەندییەدا فەرمووویەتی: «من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگەی دیموکراتیدا دەڕۆن و ڕێنوێنی و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لەگەڵە، پێویستییەکیان بە پەنابردن بۆ تیرۆریزم نیە». ئەو بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە لەژێر رووناکیی سیاسەتی دروستی حیزبەکەی و پشت ئەستوور بە هێزی لەبڕان نەهاتووی خەڵکەکەی و فیداکاریی پێشمەرگەکانی، سەرەنجام خەباتی نەتەوەکەی بە ئامانج دەگا و هیچ پێویست ناکات کە « بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کەڵک لە ئامراز و کەرەسەی ناپیرۆز وەبگیرێ».

دوکتۆر قاسملوو بە روانینێکی ئینسانی و بیرکردنەوەیەکی سەروو حیزبی و تەنانەت سەروو نەتەوەییش بۆ تیرۆریزمی روانیوە. ئەو تەنیا ئەو کاتانە تیرۆریزم مەحکوم ناکات کە رووی لە حیزبەکەی یان نەتەوەکەی خۆی بێت. ئەو لە هەمان کاتدا کە کوشتاری گوندنشینەکان بە هۆی ڕێژیمی خومەینییەوە بە تیرۆریزم دادەنێ، تەقاندنەوەی بۆمب لە پێتەختی وڵاتە رۆژئاواییەکانیش مەحکوم دەکا. ئەو بە چەندین جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە «ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێک مەحکوم دەکەین». لەم پێوەندییەدا جێی خۆیەتی وەک نموونە ئاماژە بە یەکێک لە وتە بەنرخەکانی دوکتۆری زانامان بکەین: «لەگەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەڵکی وەرگرتوە، ئێمە هیچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردوە و بە پێڕەوی کردن لە ئوسوول، بارمتەگرتنمان مەحکووم کردووە. لە ساڵی ١٩٧٩دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێرانی بووین کە بارمتەگرتنمان لە سەفارەتی ئامریکادا مەحکووم کرد. دواتریش هەمیشە تەیارە رفاندن و بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە. تیرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە کە بەرپرسانی ڕێژیم چەن ساڵ لەمەوپێش بە ئاشکرا رایان گەیاندوە...».

لە روانگەی دوکتۆر قاسملووەوە « .. ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە شێوەی ڕەسمی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لە ڕەشەکوژی و شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر کەڵک وەردەگرن. ئەو ڕێژیمانە لەنێوخۆی وڵاتدا موخالیفە سیاسییەکانی خۆیان تیرۆر دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بە زۆری بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. لە دەرەوەی وڵاتیشدا بۆ کپ کردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندی جیهانی و بۆ بەرگریی لەلایەنگریی ئازادیخوازان و بە مەبەستی ناچارکردنی دەوڵەتان بۆ قبووڵی هێندێک مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باج ئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئولوژی و بۆچوونێکی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم». کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دژەگەلی هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستیی نێونەتەوەییشدا بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لە کردەوەی تیرۆریستی وەرگرتوە کە بێگومان یەکێک لە لایەنە هەرە خەساردیتووەکانی ئەم کردەوە دژە مرۆییانەی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکراتە کە بە سەدان کادر و پێشمەرگە و ئەندام و چەندین ڕێبەر و کەسایەتیی سیاسیی تێکۆشەری لەدەست داوە.

**دوکتۆر قاسملوو، قوربانیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی.** جیاواز لەوەیکە تیرۆریزم خۆی بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسە کراوە و لە رەهەندیی جیاجیاوە سەیری کراوە و لە قامووس و سەرچاوەکاندا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ نووسراوە و بگرە لە هەندێکیشیاندا هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەکارهێنانیشی دیاری کراوە، دەبێ بڵێین کە خودی تیرۆریزم چەند شێوازی جۆراوجۆری هەیە و لە چەند جۆرێکدا بەڕێوە دەچێ کە باوترینیان بریتین لە: تیرۆریزمی پێشێلکاری یاسا گشتییەکان، تیرۆریزمی مارجینالی ( پەراوێزی)، تیرۆریزمی سیاسی، ئایینی، کیمایی، رادیۆلۆجی، گەریلایی، دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی. دیارە بێجگە لەمانەش چەندین جۆری دیکەی تیرۆریزم بوونیان هەیە. بە ئاماژە بەم جۆرانە دەتوانین بڵێین کە دوکتۆر قاسملوو، بوو بە قوربانیی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و لەم ڕێگەیەوە کۆتایی بە ژیانی فیزیکی ناوبراو هات. چونکە لە تازەترین پێناسەدا کە بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کراوە، هاتوە کە بریتییە لە: «شێوازێک لە تیرۆریزم کە دەوڵەتێک لە ستراتیژییەتی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشت بە کردەوە تیرۆریستییەکان دەبەستێ، ئەمجۆرە لە تیرۆریزم کاتێک بەڕێوە دەچێ کە دەوڵەتێک بە پشت بەستن بە هێرشە سەربازییە کلاسیکەکان نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەوەپێشەوە ببات».

هەورەک هەموو لایەک دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند دەیە دەسەڵاتداریێتیی رەشی خۆی بەسەر ئێراندا بۆ لەنێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆی کەڵکی لە هەموو جۆرە ئامرازێکی سەرکوت و لەنێوبردن وەرگرتوە و تەنانەت زۆرجار لە رەهەندی ئایینییەوە هەوڵی رەوایی پێدان بە کردەوە دژەمرۆییەکانی داوە. نەتەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتیش وەک ڕێبەر و پێشەنگی خەباتی رزگاریخوازانەی ئەم نەتەوەیە، ماوەیەکی کەم دوای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە، رووبەڕووی خەباتێکی سەخت و خوێناوی بۆوە و لەم پێناوەشدا تێچوویەکی زۆری ماددی و مرۆیی داوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی ئەم نەتەوەیە و لە مەیدان وەدەرنانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و بەرتەسک کردنەوە و تەنانەت لەناوبردنی ئەم کەشە سیاسییەی کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی لە کوردستان هاتبووە کایەوە، پەنای بۆ گشت ئامرازەکانی سەرکوت و تۆقاندن برد. تیرۆرکردنی دەیان و سەدان کادر و پێشمەرگەی دێموکرات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، یەکێک لەو کردەوە دژەمرۆییانە بوو کە ڕێژیم لە پەنا کاولکاری و قەلاچۆکردنی شار و گوندەکان و گرتن و ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەکاری دەهێنان. کردەوەیەک کە بەداخەوە هەم کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی کاتەکاندا تێیدا سەرکەوتوو بوو و هەم حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی خەڵکی کورد خەسارێکی زۆری پێگەیشت کە یەکێک لە تاڵترین و لە هەمان کاتدا گەورەترین خەسارەکانی ئەم کردەوە دژەئینسانییە تیرۆری ڕێبەرانی کورد و یەک لەوان خودی دوکتۆر قاسملوو بوو.



**ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە شێوەی ڕەسمی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لە ڕەشەکوژی و شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر کەڵک وەردەگرن**

راستە لە ماوەی چەند ساڵ شەڕ و بەربەرەکانی و شەهیدبوونی دەیان و سەدان تێکۆشەی دێموکرات، کۆماری ئیسلامی توانیبووی تا رادەیەک شۆڕشی کورد و حیزبی دێموکرات تووشی لاوازی بکا، بەڵام ئەم حیزبە پەشت ئەستوور بە هێزی خەڵک و ئیرادەی پێشمەرگەکانی، هەروا قورس و قاییم راوەستابوو و بەربەرەکانی خۆی درێژە پێدەدا. هەروەک دوکتۆر قاسملوو خۆی لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی «یوم السابع»دا گوتبووی: « دەتوانم بڵێم و رابگەیەنم کە ئێمە هەوڵ کەس بووین لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی دا و لەو باوەڕەدام لە داهاتووشدا ئاخرین کەس دەبین کە بەربەرەکانێمان لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەر دەمێنێ». راست هەرواش بوو. لە لایەکی دیکەشەوە، کۆماری ئیسلامیش زۆر بە باشی هەستی بەوە کردبوو کە هۆی سەرەکیی خۆڕاگری و بەردەوامبوونی خەباتی حیزبی دێموکرات و لەوەش گرینگتر بە جیهان ناساندنی کێشەی کورد، ڕیبەرایەتی و سیاسەتی حەکیمانە و پڕ لە واقع بینییەکەی دوکتۆر قاسملوویە. هەر بۆیە ئەوانیش بە داڕشتنی پیلانێکی سامناک و تێکەڵ بە وردبینییەوە کە لە لایەن بەرپرس و کەسانی پلە یەکەمی وڵاتەوە گەڵاڵە کرابوو، پیلانی تیرۆری ڕێبەری بەتوانای کورد، دوکتۆر قاسلوویان بەڕێوە برد کە بەداخەوە توانیان تێشیدا سەرکەوتوو بن.

**د.قاسلوو چۆن بوو کەوتە ناو ئەم تەڵەیەوە؟** ئەوە پرسیارێکە کە هەرکەس لەوانەیە بە بۆچوون و لە روانگەی خۆیەوە وڵامی بداتەوە. ئەو کە باشتر لە هەر کەسێکی دیکە لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتبوو و تەنانەت ئەوی وەک ڕێژیمێکی تیرۆریست و تیرۆریست پەروەریش بە خەڵکی ئێران و جیهان ناساندبوو و چەند ساڵ پێش شەهیدبوونی لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی فەرەنسیی لیبراسیۆن گوتبووی: « ئێران تەنیا وڵاتێکە کە بە رەسمی تیرۆریزمی گەیاندۆتە سەتحی سیاسەتی وڵات. ئەوە مەوزۆعێکە کە من وەبیرهێنانەوەی بە پێویست دەزانم». کەوایە ئەو زۆر باش شارەزای سیاسەتە چەپەڵەکانی ئەم ڕێژیمە بوو. بەڵام ئەوەکە چۆن بەم ئاسانییە لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە تیرۆر کرا، هەروەک گوتمان هەرکەس بە شێوەیەک وەڵامی دەداتەوە و تەنانەت هەندێک لە نووسەران و خاوەنڕایان ئەمە بە یەکێک لە هەڵە گەورەکانی دوکتۆر قاسملوو دادەنێن، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە خاڵێک بە پێویست دەزانم کە ئەویش ئەوەیە: هەر چەشنە وڵامدانەوەیەک بەم پرسیارە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەوکاتی ناوچەکە بە گشتی و، بزووتنەوەی کورد لەو سەردەمدا و هەلومەرجی نێوخۆیی حیزبی دێموکرات، ناحەقییەکە دەرحەق بە دوکتۆر قاسملوو دەکرێ.

سەرچاوەکان:

١. تاقگەی هەقیقەت، کۆکردنەوەی: کاوە بەهرامی (بەرگی دووەهەم)

٢. فەرهەنگی سیاسی، وەرگێڕانی زاهیر محەممەدی و یاسین حاجی زادە.

درێژەی:

## وتووێژ لەگەڵ

## کاوە ئاهەنگەری

لەگەڵ ئەوەی کە پێموایە کە دەکرێ لە کۆنفرانسێکدا باسی نەتەوەکان نەکرێ، بەڵام ئەوەیکە لەم کۆنفرانسەدا بۆچی ئەم تەوەرە نەبۆتە مژاری باس و گفتوگۆ، دیسان دروست وایە کە لە بەڕێوەبەران بپرسرێت.

**پ: بەڵام ئەوە خەمی سەرەکیی خەڵکی کوردە کە دەیانەوێ بزانن لەو کۆبوونەوانەدا چەندە پرس و کێشەی ژیانەکیی ئەوان لە لایەن ئێرانییەکانەوە وەردەگیرێ؟ ئەوان وەک کورد لە کوێی هاوکێشەکانی ئێستا و ئێرانی داهاتوو جێ دەگرن؟**

و: کاتێک لە زنجیرە کۆنفرانسێکدا باس و بابەتی جۆراوجۆر دێتە ئاراوە، لە یەکێک لەو کۆنفرانسانە باسی پرسی نەتەوەکان نەکردن بە مانای ون و بزرکردنی پرسەکە یان کەم کردنەوەی پرسەکە نیە. کەسایەتیی دەتوانێ بلێ من شارەزای فلانە بوارم و خۆ لە فلانە بابەت نادەم، بەڵام بە باوەڕی من حیزبێک ئەویش حیزبێکی کوردستانی نابێ هەموو هێز و هزری خۆی تەنیا بۆ بابەت یان تەوەرێک تەرخان بکات. بۆیە گرینگە کۆمەڵگای سیاسیی ئێرانی بیسەر و بینەری روانگە و لێکدانەوەی سیاسیی حیزبێکی کوردستانی بە نیسبەت مەسەلە جۆراوجۆرەکان بن، خۆ مەحدوود کردن تەنیا بە یەک تەوەرم پێ باش نیە لەگەڵ ئەوەیکە پێم گرینگ و درووستە کە لە کاتی باس و لێکدانەوە لەسەر بابەتەکان، رۆح و جەوهەری قسەکان کوردانە بن و لە روانگەی کوردێک یان حیزبێکی کوردستانییەوە بۆ باسەکان بچین.

**پ: دوایین وێستگەی ئەو کۆبوونەوانە چین؟ ئاڵترناتیڤێک بۆ جێگرەوەیی کۆماری ئیسلامی؟ چ پرۆژەیەک لە دڵی ئەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانەدا دێتە دەرێ؟ هەوڵەکان بە کام ئاراستەدا دەڕۆن، دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانی؟ ئایا بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە نوێنەرایەتیی چین و توێژەکان لە تەواوەتیی خۆیاندا دەکەن؟**

و: دوایین وێستگە دەبێ گەیشتن بە یەکیەتی و ئیئتلافێک بێ، چونکە ئەوە زەروورەتی ئەمرۆکە و پێویستییەک بۆ داهاتووی ئێرانە. بەڵام ئایا دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن بەمزوانە ئەم زەروورەتە عەمەلی بکەن؟ بۆخۆی پرسیارێکە کە وڵامێکی دەقیق و روون لە لای من نیە، بەڵام ئەم گفتگۆ و پێکەوە بوونانە شوێندانەرن و یارمەتی بە توانەوەی بەستەڵەکی نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی دەدات. کۆنفڕانسی بروکسێل لە کەش و هەوایەکی زۆر ئارام، دۆستانە، بەرپرسانە و شیاو بەڕێوەچوو و پێموایە کە درێژەی ئەم کۆبوونەوانە و دیالۆگی نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوە و لە نەهایەتدا دەبێ ساغبوونەوەیەکی لێ شین بێ. ئەمە نە تەنیا زەروورەتێکە بەڵکوو ئەرکی دژەبەرانی کۆماری ئیسلامییە بۆ بە دەستەوەدانی ئاڵترناتیڤێک لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا. سەبارەت بە نوێنەرایەتیی چین و توێژەکانیش، بەشدارانی کۆبوونەوە لەسەر بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی دیکە بە بەشداریدانی زیاتری نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە و چالاکانی سیاسی و مەدەنی تەئکیدیان کرد.

- **کاک کاوە سپاس بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا.**

**سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن**



# وشکبوونی گۆلی ورمێ، کارەساتێک بۆ ناوچەکە

مەسعود ڕەواندوست

ڕەوتی وشکبوونی گۆلی ورمێ بەرە بەرە دەگاتە قۆناغێکی مەترسیدار و هەواڵی یەکەم تۆفانی خوێ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکەم نیشانەکان و زەنگێکی مەترسی بوو بۆ ئەم کارەساتە سروشتی و مرۆییە.

لە دە تا پازدە ساڵی ڕابردووەوە بەرەبەرە لێرە و لەوێ کارناسان و لایەنگرانی ژینگە هۆشداریی وشکبوونی گۆلی ورمێیان داوە و تا هاتوە ئەم مەترسییە و ئەم هاوارانە زیاتر و بەرزتر بوونەتەوە.

گۆلی ورمێ وەک یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکان لە پێکهێنان و ڕاگرتنی ئیکۆسیستمی ناوچەکە هۆکارێکی کاریگەر و بەرچاوە لە ڕاگرتن و پاراستنی سیکلی ژیانی دەیان جۆر جانەوەر و پەلەوەر و ڕوەک لە ناوچەکەدا و فاکتەرێکی گرینگ بووە لە تەنزیمی کەشوهەوای ئەم بەشە لە وڵاتەکەماندا.

لە ماوەی دە تا پازدە ساڵی ڕابردوودا ئەم گۆلە بەرەبەرە بەرەو وشکبوون ڕۆیشت و لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕەوتە زۆر خێراتر بۆتەوە و گەیشتۆتە قۆناغێکی زۆر پڕمەترسی بۆ سەر ناوچەکە. کەم بوونەوەی بەفر و باران لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان و گەرمتربوونی کەشوهەوای گۆی زەوی لە لایەک و کەڵکوەرگرتنی لە ڕادەبەدەر لە سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچە بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی کە لە ڕاستیدا سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی گۆلی ورمێ پێک دێنن و دروست کردنی بێ حیساب و کتابی سەد و ئاوبەندەکان لەسەر ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە ئەم گۆلە لە هۆکارەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێن.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا جگە لە لایەنگرانی ژینگە لە نێوخۆی ئێران چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتییش لە پێوەندی لەگەڵ وشکبوونی ئەم گۆلە لێکۆڵینەوەی وردی زانستییان کردوە و هۆشدارییان داوە. ڕاپۆرتەکانی ئەم ناوەندانە هەرکام بەجۆرێک باس لە لایەنە جۆراوجۆرە ژینگەیی و مرۆییەکانی ئەم دیاردەیە دەکەن و هۆکار و ڕێگە چارەکان دەخەنەڕوو.

لە ڕاپۆرتی بەرنامەی ژینگەپارێزیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP)دا کە ساڵی ٢٠١١ بڵاوبۆوە سەبارەت بە کەم بوونەوەی ئاستی ئاوی گۆلی ورمێ هۆشداری داوە و ڕایگەیاندوە کە ئاستی ئاوی ئەم گۆلە لە ساڵی ١٩٩٥ەوە هەتا ٢٠١١ بە ڕادەی ٧ میتر دابەزیوە و بە پێی ئەم وێنانەی بە مانگی دەسکرد لەم گۆلە هەڵگیراونەتەوە پانتایی گۆلی ورمێ لە ٦١٠٠ میتری چوارگۆشەوە بۆ ٢٣٦٦ میتری چوارگۆشە کەم بۆتەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە وشکبوونی ئەم گۆلە کاریگەریی خراپی لەسەر ژینگە و ژیانی ئەم ٧٦ میلیۆن کەسەدا دەبێ کە لە بازنەی ٥٠٠ کیلۆمیتریی ئەم گۆلەدا دەژین.

ئەگەرچی کاربەدەستانی ئێران ڕایانگەیاندوە کە وشکەساڵی و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەئاوییەکان زیاترین کاریگەرییان لەسەر وشکبوونی ئەم گۆلەدا هەبووە بەڵام ڕاپۆرتەکەی (UNEP) دەڵێ ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا و کەڵک وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر و بێ بەرنامە لە سەرچاوە ئاوییەکان ٦٥٪ و دروستکردنی سەد و ئاوبەند لەسەر ئەم ڕووبارانەی دەڕژێنە گۆلی ورمێوە ٢٥٪ و کەمبوونەوەی ڕێژەی باران بارین ١٠٪ی هۆکارەکانی ئەم وشکبوونە پێک دێنن.

جگە لەوانە لێدانی جادەی ورمێ تەورێز کە بۆتە هۆی دوو لەت بوونی ئەم گۆلە و ڕێگە لە هاتوچۆی ئاو لە نێو دوو بەشی باکوور و باشووری گۆلەکە دەگرێ هۆکارێکە بۆ خراپتربوونی دۆخەکە.

لە ڕاستیدا ئاسەوارەکانی وشکبوونی گۆلی ورمێ لەسەر ژینگەی ناوچە و ژیانی پەلەوەر و ڕوەک و بە گشتی ئیکۆسیستمی ناوچەکە و هەورها ژیان و ئابووریی چەندین میلیۆن کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە و ئێران بە گشتی ئەوەندە زۆر و مەترسیدارە کە



ئەگەر ئەم ڕەوتە هەروا درێژەی هەبێ کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

بە وشکبوونی ئەم گۆلە جگە لە لەنێوچوونی زۆر ڕوەک و گیانلەبەر کە ژینگەی تایبەت و گونجاوی خۆیان لەدەست دەدەن، سەحرایەک لە خوێ دەمێنێتەوە کە هەروەک لە چەندساڵی ڕابردوودا تۆفان و خۆڵبارین بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی، ئەوجار دەبێ چاوەڕوانی تۆفانی خوێ و بڵاوبوونەوەی ئەم خوێیە بەسەر باغ و زەوی و زاری ناوچەیەکی بەربڵاوی دەوری دەریاچەکە هەتا سەدان کیلۆمیتر بین. بە دەست پێکردنی تۆفانەکانی خوێ کە هەروەک باسکرا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا یەکەم نموونەکەی بینرا، باغ و زەوی‌و زارە کشتوکاڵییەکان وشک دەبن و بەرەبەرە خاکەکەیان دەبێتە شۆرەکاتێکی بێ بەرهەم.

جگە لەوەش بڵاوبوونەوەی ئەم ڕادە خوێیە لە هەوای وڵاتدا جگە لە نەخۆشی و خستنە مەترسیی تەندروستیی خەڵک دەبنە هۆی ڕزین و لەنێوچوونی بەرەبەرەی ماشینەکان و هەرچی لە ئاسن دروست بووبێ و زەرەر زیانێکی ئابووریی زۆر لە وڵات دەدا.

لەم نێوەدا ئەگەرچی لایەنگرانی سروشت و ژینگەپارێزان هەوڵێکی زۆریان داوە کە بە وەڕێخستنی کەمپەین و خۆپێشاندان و هەر ڕێگایەک کە بۆیان دەکرێ دامودەزگا دەوڵەتییەکان وشیاربکەنەوە و ناچاریان بکەن چارەسەری گرفتەکە بکەن و ڕێگەنەوەن بارودۆخەکە لەوەی هەیە خراپتر بێ، بەڵام هەروەک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی چاوەڕوان دەکرێ تەنانەت ئەم داواکارییەشیان بە سەرکوت و گرتن و زیندان وڵام داوەتەوە و گیران و لێدان و ئەشکەنجەی خۆپێشاندەران لە ورمێ شاهیدی ئەم ئیدیعایەن.

بەڕێوەبەریی سەقەت و نابەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی ڕابردوو و بە تایبەت لە نزیک بە ٨ ساڵی سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا لە هەموو بوارەکاندا بۆتە هۆی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات و بە بەڕێوەبەریی ناکارناسانە و نازانستییانە زەبری کاریگەریان لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سروشتیی ئەم وڵاتە داوە. مەسەلەی گۆلی ورمێش لەم ڕاستییە بەدەر نیە و هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی سەرەوە و چەندین ڕاپۆرتی دیکەشدا دەردەکەوێ مودیرییەتی غەڵەتی دەوڵەتی و بەرنامە نازانستییەکانی دەوڵەت زیاترین پشکیان لە دروستبوون و گەورەتربوونەوەی ئەم کارەساتەدا بەردەکەوێ.

قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە هاوینی ساڵی ڕابردوودا وەک بۆچوونەکانی لەسەر زۆربەی مەسەلە و ڕووداوەکانی ئێران و جیهان لەم بارەشدا سەیر و سەرنجڕاکێشە. ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ وشکبوونی گۆلی ورمێدا ڕایگەیاند کە ئەوە شتێکی ئاساییە و هەر ٥٠٠ ساڵ جارێک ئەم دۆخە بەسەر ئەو گۆلەدا دێ. هەروەها تاوانی نەبارینی باران و وشکەساڵیی خستە ئەستۆی ڕۆژئاواییەکان کە بە لەباربردنی هەورەکان ڕێگەنادەن لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ببارن!.

ئێستا ئەگەر دەوڵەت بە خێرایی نەکەوێتە خۆ و کارێکی جیددی بۆ بەرگرتن لەم کارەساتە نەکا و ڕێگەی وشکتربوونی ئەم گۆلە نەگرێ و بە تەرخانکردنی بودجە و کەڵک وەرگرتن لە کارناس و پسپۆرانی ئێرانی و بیانی ڕێگەچارەیەکی زانستی و بە کردەوە نەدۆزێتەوە دەبێ چاوەڕوانی هاتنەدیی هەموو ئەو پێشبینییە ترسناکانە بین کە بۆ داهاتووی ناوچەکە دەکرێ و دیتنی سۆنامیی خوێ یەکێک دەبێ لەوانە.

# دەوڵەت بەرپرسی سەرەکییە لە کارەساتی سووتانی دارستانەکان

## (دیمانە لەگەڵ چالاکێکی ژینگەپارێز، ئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیا)

دیمانە: مەسعوود فەتحی

ئەوە چەند ساڵە لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا و هەتا کۆتایی وەرزی گەرما دارستانەکانی کوردستان لە نێو ئاگردا دەسووتێن ، بە جۆرێک کە ساڵانە هەزاران دۆنم لە دارستانەکانی کوردستان سووتاون. دەسەڵاتی حاکم لە کوردستان هەتا ئێستا هیچ کەس و لایەنێکی لەم پێوەندییەدا نەخستووەتە بەر لێپرسینەوە و لەمەڕ پێشگیری و کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەی ئاگرەکان نەک هەر هاریکاریی ئەندامانی ژینگەپارێزی چیای سەوز و خەڵکی ناوچە ئاگرگرتووەکانی نەکردوە بەڵکوو تەنانەت کۆسپ و تەگەرەشی خستوونە بەردەم. هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژنامەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ چالاکێکی مەدەنیی کورد، لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز داوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ ڕادەکێشین:

**پ: ئەوە چەند ساڵە بە شیوەی بەردەوام دارستانەکانی کوردستان لە ئاگردا دەسووتێن بەڕای ئێوە هۆکارەکانی ئەو ئاگرکەوتنەوانە بۆچی دەگەڕێنەوە؟ ئایا ڕادەی ئاگرکەوتنەوەکان و پانتایی ئەو ئاگرکەوتنەوانە بە نیسبەت ساڵانی پێشوو کەمتر بووە یان لە زۆر بووندایە؟**

**و:** کوردستان جوگرافیایەکە کە ئابووری و ژیانی زۆربەی خەڵکی ناوچەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ گرێ دراوە بە سروشت و ژینگەکەیەوە. بەشێکی هەرە زۆری داهاتی خەڵک لە کوردستاندا ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زەوین و کشتوکاڵەوە دەستەبەر دەبێت و هەروەها شارەکانی کوردستان پوتانسییەلێکی زۆر بەهێزیان هەیە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بەرەو ناوچەکە هەرچەند کاربەدەستانی حکوومەتی زۆر بەم ناوچانە ڕاناگەن، بەس هەر بە شێوەی سروشتی، گەشتیار لە سەرانسەری ئێران و بگرە لە جیهانەوە بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن. لە پلەی یەکەمدا سووتانی دارستانەکانی کوردستان بە ئامانجی لە ناوبردنی ئابووری و ژیانی خەڵکە و لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا وابەستە کردنی نەتەوە و کردنی خەڵکی ناوچە بە ویست و داخوازی کەسانی ناحەز بە گیان و ژینگەیە.

بە کورتی ئامانج لە سووتانی دارستانەکان لەناو بردنی داهاتی خەڵک و بەستراوە بارهێنانیانە.

لە سەر ڕێژەی ئاگرەکان پێویستە بوترێت بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو بەردەوام ئاگرکەوتنەوەی لە شارەکانی کوردستان بووە و بە تایبەت لە ساڵی ٨٩دا کە تەنیا لە ناوچەی مەریوان و سەوڵاوا بە لانی هەرەکەمیەوە زیاتر لە ٣٥٠٠٠ هیکتار لە دارستانەکانی ناوچەکە کەوتنە بەر ڕقی ناحەزانەوە ، کە لە ئاکامی نزیک بە ١٠٠٠ مەورد ئاگردا ئەم کارەساتە ڕووی دا.

ئەتوانین ئاگرەکانی ساڵی ٨٩ وەک کارەساتێکی گەورە ناو لێ ببەین. لە ساڵی ٩٠دا ڕێژەی ئاگرەکان لە چاو ئەم ساڵانەی دواییدا دابەزینێکی نیشان دا و ئەمساڵیش هەر لە سەرەتای وەرزی هاوینەوە زیاتر لە ٥٠ نموونە ئاگرکەوتنەوەمان بووە کە لە برێکیان دا وەک ئاگرەکەی کێوەکانی شاهۆ سێ ڕۆژ بەردەوام ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیا بە سەر ئاگرەوە بوون تا بەریان پێ گرت.

**پ: ئەنجومەنی چیا هەتا ئێستا بۆ بە گژداچوونەوەی ئەو کارەساتە چ کارگەلێکی ئەنجام داوە و زۆرترین کار و چالاکیەکانی ئەنجومەن لە چ بوارێکدا بووە؟**

**و:** ئەنجومەنی سەوزی چیا وەک تەنیا لایەن و تەنیا ڕێکخراوێکی ژینگەیی لە ناوچەکەدا، کار و چالاکییەکانی لەم بوارەدا بریتییە لە فێرکاری کە لەچەند تیم پێک هاتوە و سەردانی دێهاتەکان دەکا بە ئامانجی پەروەردەی خەڵکی دێهاتەکان سەبارەت بە ژینگە و ئاگر و ... کە لە ساڵی ٩٠دا زیاتر لە ٦٠ دێهاتیان بە سەر کردەوە. بەس بە داخەوە ئەمساڵ لە درێژەی گوشارەکان بۆ سەر ئەم ئەنجومەنە و سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوانیش بێ بەش نەبوو لەم گوشارانە و دوای داخرانی ماڵپەڕ و بڵاڤۆک (دووحەوتوونامەی چیا) و هەروەها پشتگیری لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی گشتیی ساڵانە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی نوێ، بەریان بە درێژەدان بە کۆمیتەکانی فێرکاریی ئەنجومەنیش گرت.

جودا لە بواری فێرکاریی، ئەنجومەن تەنیا لایەنێک بووە کە ئەندامەکانی بەردەوام ناردۆتە سەر ئاگرەکان بە مەبەستی بەرگری و کوژاندنەوەی ئاگر.

واتە هەم بەشی فێرکاری بووە و هەمیش خۆی تەنیا لایەنێ بووە کە بەری بە درێژەی ئاگرەکان گرتوە و کوژاندوونییەوە.

**پ: هاریکاریی دانیشتوانی ناوچەئاگرگرتووەکان لەگەڵ ئەنجومەنی چیا تا چ ڕادەیەک بووە؟ هوشیاریی خەڵک لەمەڕ پاراستنی ژینگە لە چ ئاستێکدایە؟**

**و:** ئەنجومەنی چیا وێڕای بەردەوام بوونی لە فێرکردنی خەڵکی گوندەکان و هەروەها بە ئامادەبوونی لە سەر زۆربەی ئاگرەکان، توانیویەتی کە خەڵکی ناوچەکە ئاگادار کاتەوە و لە زۆرێک لە ئاگرەکاندا خەڵک بەشدار بوون لە کوژاندنەوەی ئاگرەکاندا و لە برێ کاتیشدا بەو شێوەیەی کە پێویستە خەڵک هاوکارییان نەکردوە.

**پ: بێجگە لە ئەنجومەنی چیا و دانیشتووانی ناوچەکە چ لایەنێک لە پێوەندی لەگەڵ پێشگیری و کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەی ئاگرەکان دا خۆی بە خەمخۆر زانیوە؟بە بڕوای ئێوە ئەرکی خەڵکی کوردستان، میدیا و ڕاگەیاندنە کوردییەکان، نوێنەرانی مەجلیس، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی لایەنە دەوڵەتییە پێوەندیدارەکان لە کاتی کارەساتگەلێکی لەم جۆرەدا دەبێ چی بێ؟**

**و:** بەرپرسانی ئیدارەگەلێک وەک «منابع طبیعی» (سەرچاوە سروشتییەکان) و « محیط زیست» (ژینگەپارێزی) و ... کە ئەبێ بەرپرسی سەرەکی لە پێشگرتنی ئەم کارەساتە بن، کەمترین یارمەتیی ئەنجومەنیان داوە و لە بەشێکی هەرە کەمی ئاگرەکاندا و ئەویش بەڕێژەیەکی زۆر کەم و لە ئاست ٢ یان ٣ کەسدا بەشدارییان کردوە.

ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان و میدیاکان زۆر بەرچاوە لەم بابەتەدا و دەتوانن و زۆر پێویستە کە بە دەنگدانەوە و باس کردنی بەردەوامی بابەتێک وەک ئاگر، بیرەکانی کۆمەڵگە بەرەو ئەم کارەساتانە ڕاکێشن و ئاگرکەوتنەوە وەک تراژدییەک لە بیری تاکەکانی کۆمەڵگەدا پێناسە و نەهادینە بکەنەوە.

**پ: دەوڵەت تا چەند بەرپرسە لەم بابەتەدا؟**

**و:** بە ڕای من ئەگەر ئەم بیرۆکەیە کە لە ناو خەڵکدا باوە و باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتە کە ئاگر بەردەداتە دارستانەکان، هەڵە بێتیش، دیسان دەوڵەت بەرپرسی سەرەکییە و ئەرکی حکوومەت و کاربەدەستە حکومییەکانە کە ئەمنییەت و ئاسایش لە تەواوی بوارەکاندا و هەروەها لە بواری ژینگەییدا بپارێزن. بۆیە من حکوومەت بە بەرپرس ئەزانم و دەبێ حکوومەت وڵامدەر بێت.

**پ: وەک دوایین پرسیار ئەگەر پەیامێکتان هەیە بۆ خەڵک و گشت لایەنەکان بفەرموون؟**

**و:** داوام لە خەڵک ئەوەیە کە لەو ناوچانەدا کە ئاگر دەکەوێتەوە یارمەتیی ئەندامانی ئەنجومەن بدەن بۆ کونترۆڵی ئاگرەکان و هەروەها داواکارم لە میدیا و ڕاگەیاندنەکان کە لە ئاست ئەم کارەساتەدا بێ دەنگ نەبن و بەردەوام لە کاناڵەکانی خۆیانەوە باسی بکەن.

هەروەها داوام لە کاربەدەستانی حکوومەتییە کە ئەرکی خۆیان لە پارستنی ژینگەدا ببەن بەڕێوە و بەر بە سووتاندنی دارستانەکان بگرن و هەروەها لایەن و کەسانێک کە بە شێوەیەکی بەرنامەدارێژراو دەستیان داوەتە سووتاندنی دارستانەکان، موحاکمە و سزا بدەن.

# قاسملوو و ڕۆڵی له‌ بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازی دا

ئارش لۆرستانی
و: ته‌ها ره‌حیمی

عه‌بدولڕه‌حمان قاسملوو شه‌وی یه‌ڵدای ١٣٠٩ ی هه‌تاوی به‌رامبه‌ر به‌ ٢٢ ی دیسامبری ١٩٣٠ ی زایینی، له‌ بنه‌ماڵه‌یه‌کی خاوه‌ن ملکی شاری ورمێ چاوی به‌ دونیای ڕوون هه‌ڵێنا. سه‌ره‌تا له‌ ورمێ و دواتر له‌ تاران خوێندنی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندیی ته‌واو کرد. هه‌ر مێرمنداڵ بوو که‌ تێکه‌ڵ به‌ مه‌سایلی سیاسی بوو و بیری ئازادیخوازی له‌ مێشکی دا هه‌وێنی گرت. ناوبراو له‌مباره‌وه‌ له‌ کتێبی «چل ساڵ خه‌بات له‌ پێناوی ئازادی « دا دوای باس له‌ سه‌ر سه‌فه‌ری ٣٠ که‌س له‌ فیئۆداڵ و سه‌رۆک عه‌شیره‌ته‌ کورده‌کان بۆ باکو له‌ سه‌ر داوای یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت ده‌نووسێ: «هه‌ر چه‌ند ئه‌و کاته‌ من ته‌مه‌نم یازده‌ ساڵ بوو، به‌ڵام وه‌ک زۆر منداڵی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ سیاسه‌ت سه‌رنجی ڕاکێشا بووم. بابم یه‌کێک له‌ ئه‌ندامانی ئه‌و هه‌یئه‌ته‌ بوو. زۆر باشم له‌ بیره‌ که‌ له‌ باکۆ هاته‌وه‌ چه‌ندین تاقه‌ندی له‌گه‌ڵ خۆی هێنابوو، تاپڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیاره‌ سۆویتیه‌کان قه‌ندو تفه‌نگو شتی دیکه‌یان به‌ دیاری دابوو به‌ هه‌موو ئه‌ندامانی هه‌یئه‌ت. قه‌ند به‌ تایبه‌تی زۆر به‌ نرخ بوو، چونکه‌ ئه‌و کاته‌ له‌ ئێران زۆر که‌م و گران بوو. من ئه‌و کاره‌م زۆر پێ سه‌یر بوو، چونکه‌ له‌ ماڵی ئێمه‌ براکانم و ئامۆزاکانم که‌ له‌ من گه‌وره‌تر بوون، باسی ئه‌وه‌یان ده‌کرد که‌بابم له‌گه‌ڵ چه‌ند که‌سی دیکه‌ چوون بۆ باکۆ حه‌ق‌و ئازادیی کوردان داوا بکه‌ن. بۆیه‌ ڕاست‌و ڕه‌وان له‌ بابم پرسی: ئه‌دی مافی کوردان چی لێ هات؟»

«دوکتور عه‌بدولڕه‌حمانی قاسملوو ساڵی ١٣٢٤ چالاکی سیاسی خۆی به‌ پێکهێنانی یه‌کیه‌تیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌ ورمێ ده‌ستی پێ کرد. ساڵی ١٣٢٥ به‌ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ خوێندن ڕووی کرده‌وه‌ تاران و ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژه‌دان به‌ خوێندن چووه‌ پاریسی پێته‌ختی فه‌ڕه‌نسا. گه‌یشتنی به‌ پاریس هاوکات بوو له‌گه‌ڵ ته‌قه‌ کردن له‌ شا له‌ زانکۆی تاران له‌ ١٥ی ڕێبه‌ندانی ١٣٢٧ که‌ له‌ ده‌ستچوونی ئازادییه‌ دێموکراتیکیه‌کانی له‌ سه‌رانسه‌ری ئێران‌دا لێکه‌وته‌وه‌. به‌م بۆنه‌وه‌ خوێندکارانی ئێرانی له‌ پاریس کۆبوونه‌وه‌یه‌کی به‌رینیان گرت و له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا دوکتور قاسملوو زۆر توند دژی شا قسه‌ی کرد و له‌ ئاکامدا خوێندکاران په‌یامێکی ناڕه‌زایه‌تی توندیان بۆ حه‌مه‌ ره‌زاشا نارد.

ئه‌م وتاردانه‌ بوو به‌ هۆی ئه‌وه‌ که‌ باڵوێزخانه‌ی ئێران و ته‌نانه‌ت خودی فه‌ڕه‌نساش فشاریکی زۆر بخه‌نه‌ سه‌ر دوکتور قاسملوو تا ئه‌وه‌ی به‌ ناچاری پاریسی به‌ جێ هێشت و وه‌ک یه‌که‌مینی بورسییه‌ی ئێران « یه‌کیه‌تی خوێندکاران » چووه‌ پراگی پێته‌ختی چیکۆسلۆواکی.

له‌ ماوه‌ی نیشته‌جێ بوونی له‌ پاریس، به‌ هاوکاریی چه‌ند خوێندکاریکی دیکه‌ی کورد ئه‌نجومه‌نی خوێندکارانی کوردی له‌ ئورووپا دامه‌زراند.

ئه‌و ماوه‌یه‌ی له‌ پراگیش خه‌ریک خوێندن بوو له‌ چالاکییه‌کانی یه‌کیه‌تی نێونه‌ته‌وه‌یی خوێندکاراندا هه‌ر به‌شدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ به‌ نوێنه‌رایه‌تیی له‌ لایه‌ن خوێندکارانی ئێرانی به‌شداری دوویه‌مین کۆنگره‌ی ئه‌م ڕێکخراوه‌ بوو که‌ له‌ شاری پراگ به‌ڕیوه‌ چوو. هه‌ر له‌و ماوه‌یه‌دا وه‌ک نوێنه‌ری ئێران به‌شداری زۆربه‌ی کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌ و کۆنفرانسه‌کانی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان له‌ شاری بوداپێستی پێته‌ختی مه‌جارستانی کرد. ساڵی ١٣٣١ له‌ سه‌رده‌می حکوومه‌تی میللیی دوکتور موسه‌دیق دا دوکتور عه‌بدولڕه‌حمانی قاسملوو پاش ئه‌وه‌ی له‌ زانکۆی پراگ لیسانسی زانسته‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌کانی وه‌رگرت، گه‌ڕایه‌وه‌ ئێران. ئه‌وکات حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی توده‌ی ئێران له‌ بواری ته‌شکیلاتییه‌وه‌ یه‌کگرتوو بوون. کاک دوکتور پاش شه‌ش مانگ مانه‌وه‌ و چالاکی له‌ تاران هاته‌وه‌ مه‌هاباد و به‌رپرسایه‌تیی حیزبی پێدرا.

دوای کودیتای ٢٨ گه‌لاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو له‌ نێوان تاران و کوردستاندا به‌ نهێنی کاری حیزبی بکا. له‌م ماوه‌یه‌دا به‌رپرسی ڕۆژنامه‌ی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزبی له‌ ئه‌ستۆ بوو، که‌ به‌ نهێنی ته‌نیا ٥ ژماره‌ی لێ ده‌رچوو هه‌روه‌ها له‌م ماوه‌یه‌دا به‌ سه‌رۆکایه‌تیی ئه‌و کۆمیته‌یه‌کی سه‌رانسه‌ری بۆ چالاکییه‌کانی حیزبی دێموکرات پێکهات. کاک عه‌بدولڕه‌حمانی قاسملوو دوای ٥ ساڵ چالاکیی سیاسی له‌ نیوخۆدا به‌ تایبه‌ت کوردستان، دیسان له‌ ساڵی ١٣٣٦ گه‌ڕایه‌وه‌ چێکۆسلۆواکی.

ساڵی ١٣٣٧ی هه‌تاوی ڕامبه‌ر به‌ ١٩٥٨ ی زایینی دوای سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی عێراق و گه‌شه‌ی بزووتنه‌وه‌ی کورد له‌ باشووری کوردستان، هه‌وڵی‌دا له‌گه‌ڵ هێندێک هاوڕێ و به‌رپرسی حیزبی که‌ دانیشتووی باشووری کوردستان بوون، ڕێکخراوه‌ حیزبی‌یه‌کانی نێوخۆی وڵات ببوژێنێته‌وه‌. به‌ هۆی هێندێک هۆکاری سیاسی ناچار بوو ساڵی ١٣٣٩ به‌ فه‌رمانی ده‌وڵه‌تی عێراق ئه‌و وڵاته‌ به‌ جێ بێڵێ و بگه‌ڕێته‌وه‌ پراگ.

ساڵی ١٣٤١ به‌رامبه‌ر به‌ ١٩٦١ی زایینی دوکتور عه‌بدولڕه‌حمانی قاسملوو توانی له‌ زانکۆی پراگ پله‌ی دوکتورا، له‌ زانسته‌ ئابوورییه‌کان وه‌رگرێ و تا ساڵی ١٣٤٩ هه‌ر له‌م زانکۆیه‌دا ئابووری سه‌رمایه‌داری و ئابووری سۆسیالیستی و تیئۆریی گه‌شه‌ی ئابووری وته‌وه‌. له‌م ماوه‌یه‌دا دوکتور قاسملوو و چه‌ند کتێب و نامیلکه‌ی له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ کێشه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌کاندا نووسی که‌ به‌ناوبانگترینیان « کوردستان و کورد»ه‌.

ئه‌م کتێبه‌ به‌ زمانی چێکی نووسراوه‌ و تا ئێستا کراوه‌ته‌ چه‌ندین زمانی وه‌ک ئینگلیزی، سلۆواکی، له‌هێستانی، عه‌ڕه‌بی، کوردی، فارسی و چه‌ند به‌شێکیشی وه‌رگێردراوه‌ته‌وه‌ سه‌ر زمانی فه‌ڕه‌نسی و چاپ و بڵاو کراوه‌ته‌وه‌. کاک دوکتور به‌سه‌ر زمانه‌کانی کوردی، فارسی، تورکی، عه‌ره‌بی، فه‌ڕه‌نسی، ئینگلیزی، چێکی و ڕووسی دا زاڵ بوو و هه‌ر وه‌ها ئاشنایه‌تیی به‌ هێندێک زمانی دیکه‌ی وه‌ک ئاڵمانی و سلاڤیش هه‌بوو.ناوبراو هاوکات له‌ ده‌ره‌وه‌ی زانکۆ پێوه‌ندیی له‌گه‌ڵ ڕه‌خنه‌گرانی سیستمی سوسیالیستیی بلۆکی ڕۆژهه‌ڵات هه‌بوو. دوکتور که‌ ئه‌زموونی خه‌بات و چالاکیی سیاسی پاریسیشی هه‌بوو هه‌وڵی ده‌دا سوسیالیزی مه‌وجود له‌گه‌ڵ به‌ستێنی ڕاستییه‌ سیاسی- کۆمه‌ڵایه‌تییه‌ ئاراییه‌کان بگونجێنێ و له‌م پێوه‌ندییه‌شدا وێڕای ئه‌لکساندێر دۆبچێک هه‌وڵێکی سیاسیی زۆریان بۆ فۆرم‌دان به‌ ڕه‌وت و خه‌باتی سیاسیی «مدون» و وه‌ک دۆبچێک وته‌نی ئاشت کردنه‌وه‌ی کۆمۆنیزم و دێموکراسی به‌ ڕوخساریکی مرۆییتره‌وه‌ دا که‌ بوو به‌ سه‌رچاوه‌ی ئاڵوگۆڕێکی زۆر له‌ پراگ.

ساڵی ١٩٦٨ ئه‌لێکساندێر دۆبچێک بوو به‌ سه‌ر کۆماری چیکوسلۆواکی. به‌هاری پراگ له‌ چوارچێوه‌ی سۆسیالیزمی دێموکراتیک دا و به‌ چاکسازی له‌ سیستمی سیاسی و ئابووریدا ده‌ستی پێکرد، به‌ڵام ته‌مه‌نی زۆر کورت بوو، به‌ هێرشی یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌ت و له‌ سه‌ر کار لابردنی دۆبچێک کۆتایی پێهات و دوکتور قاسملووش وه‌ک که‌سێک که‌ په‌ره‌پێده‌رو تیئۆریسییه‌نی ئه‌م هزره‌ بوو له‌ زانکۆی پراگ به‌رپرسیاره‌تی و پله‌ی جارانی نه‌ما و دواتر ناچار بوو چێکۆسلۆواکی جێ بهێڵێ و بگه‌ڕێته‌وه‌ پاریس.

دوکتور قاسملوو له‌ پاریس له‌گه‌ڵ ڕێبه‌رانی حیزبی سۆسیالیست به‌ تایبه‌ت فرانسوامیتران و بێرناردکۆشنێر له‌ پێوه‌ندی‌دا بوو. له‌گه‌ڵ به‌ ده‌سه‌ڵات گه‌یشتنی سۆسیالیسته‌کان له‌ ده‌یه‌کانی هه‌شتا و هاوکات بوونی له‌گه‌ڵ خه‌باتی دوکتور قاسملوو دژی کۆماری ئیسلامی ئه‌م پێوه‌ندیانه‌ به‌ربڵاوتر بوونه‌وه‌. به‌ قووڵتر بوونه‌وه‌ی خه‌باتی چه‌کداری له‌ کوردستان و هاوکات بوونی له‌گه‌ڵ شه‌ڕی عێراق، دکتۆر قاسملوو له‌گه‌ڵ دیکتاتۆرێکی وه‌ک سه‌دام حوسێنیش سه‌روکاری په‌یدا کرد، به‌ڵام به‌ ئه‌زموون و لێهاتوویی دوکتور له‌ سیاسه‌ت دا بوو به‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ هیچ کات وه‌ک موجاهیدینی خه‌ڵق له‌گه‌ڵ عێراق نه‌چێت له‌ به‌ره‌یه‌که‌وه‌ و سه‌ربه‌خۆیی خۆی و هێزه‌کانی حیزبی دێموکڕات بپارێزێ. ئه‌و به‌ڵگانه‌ی دوای ڕووخانی سه‌ددام له‌ ئیستخبارات ده‌ست که‌وتن، هیچ به‌ڵگه‌یه‌ک له‌سه‌ر لاوازیی دکتۆر قاسملوو یا که‌ڵک ئاژۆیی سه‌ددام له‌ هێزو پێشمه‌رگه‌کانی دێموکڕات له‌م پێوه‌ندییه‌دا دیار ناخات.

ساڵی١٣٤٩ دوای ده‌رچوونی ڕاگه‌یه‌ندراوی ١١ی مارس و ڕێککه‌وتنی نێوان ڕێبه‌ری بزووتنه‌وه‌ی باشووری کوردستان و ده‌وڵه‌تی عێراق ده‌رفه‌تی چالاکیی سیاسی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان زیاتر بوو. له‌م ماوه‌یه‌دا دکتۆر قاسملوو له‌ ئورووپا گه‌ڕایه‌وه‌ و به‌ یارمه‌تیی چه‌ند که‌س له‌ هاوڕێیانی نزیکی خۆی به‌رپرسایه‌تیی بووژاندنه‌وه‌ی ڕێکخراوه‌کانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی وه‌ئه‌ستۆ گرت. له‌ کۆنفرانسی سێیه‌می حیزبدا که‌ جۆزه‌ردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دکتۆر قاسملوو به‌ ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی و پاشان به‌ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هه‌ڵبژێردرا و پاشان له‌ هه‌موو کۆنگره‌کانی حیزبدا وه‌ک سکرتێری گشتی هه‌ڵبژێردرا و به‌م جۆره‌ بۆ ماوه‌ی هه‌ژده‌ ساڵ سکرتێری گشتی و به‌رپرسی یه‌که‌می حیزب و ئیداره‌ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی گرته‌ ئه‌ستۆ و له‌ یه‌کێک له‌ دژوارترین هه‌لومه‌رجه‌کانی خه‌بات دا ئه‌م حیزبه‌ی ڕێبه‌ری کرد.

دکتۆر قاسملوو له‌ ڕه‌وتی خه‌بات دا هه‌میشه‌ هه‌ڵوێستی حیزبی دێموکڕاتی به‌ ڕوونی ڕاگه‌یاندوه‌ و له‌ پێناوی وه‌دیهاتنی ستراتیژیی حیزب که‌ دیاری کردنی مافی چاره‌نووسی گه‌لی کورد و ئۆتۆنۆمی له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکڕاتیک و سه‌ربه‌خۆ و ئازاد دایه‌، هیچ شک و دردۆنگی نه‌بووه‌و کارنامه‌ی خه‌باتی حیزبی دێموکڕاتی وه‌ک عه‌یاری مه‌حه‌ک بۆ دوارۆژ هێشته‌وه‌.

دکتۆر قاسملوو له‌ ماوه‌ی شۆڕشی ٥٧ و خه‌بات دژی پاشایه‌تی به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ ڕێکخراو و دامه‌زراوه‌ شۆڕشگێڕه‌کان هاوکاری هه‌بووه‌و هاوکات باسی له‌ ڕێزگرتن له‌ ئازادییه‌ دێموکڕاتیکه‌کان ده‌کرد. له‌کاره‌کانی له‌م پێوه‌ندیه‌دا ده‌توانین ئاماژه‌ به‌ یه‌کیه‌تیی به‌شێک له‌ پارت و ڕێکخراوه‌ جۆراوجۆره‌کان بۆ وه‌به‌ر هێنانی نه‌مامی دێموکڕاسی و دانوستان له‌گه‌ڵ خومه‌ینی و مه‌هدی بازه‌رگان بکه‌ین، ئه‌و دانوستانه‌ی که‌ تێرۆری خۆشی لێ که‌وته‌وه‌، و به‌ شه‌هید بوونی ڕسته‌ گرنگه‌که‌ی خۆی واته‌« گه‌لێک ئازادی بوێ ده‌بێ نرخی ئه‌و ئازادییه‌ش بدا» ، به‌ کرده‌وه‌ سه‌لماندی و ته‌نانه‌ت هه‌نگاوێک له‌ به‌رامبه‌ر داوا پاوانخوازییه‌کانی خومه‌ینی و ده‌وروبه‌ره‌که‌ی پاشه‌کشه‌ی نه‌کرد.

دکتۆر قاسملوو له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هێرش بۆ سه‌ر باڵوێزخانه‌ی ئامریکا له‌ تاران ناڕه‌زایی ده‌ربڕی و ڕوونی کرده‌وه‌که‌ « باڵوێزخانه‌کان ده‌بێ زانیارییه‌کانی وڵاته‌که‌ی خۆیان له‌ وڵاتی خانه‌خوێ دا ئابده‌یت بکه‌نه‌وه‌، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌و سنووره‌یان تێپه‌ڕاند و ده‌ستیان کرد به‌ سیخوڕی، سه‌ره‌تا ده‌بێ سیخوڕه‌کان به‌ که‌سێکی نه‌گونجاو بناسێندرێن ده‌ر بکرێن. ئه‌گه‌ر هه‌ر درێژه‌ی هه‌بوو ده‌بێ پێوه‌ندییه‌کان که‌م بکرێنه‌وه‌ یان به‌ ته‌واوه‌تی بیر له‌ پچڕاندنی پێوه‌ندییه‌کان و ده‌رکردنی باڵوێزه‌که‌ بکه‌ینه‌وه‌، به‌ڵام به‌ هیچ جۆرێک ده‌ست به‌سه‌ر باڵوێزخانه‌دا گرتن ڕێگه‌پێدراو نییه‌».

ناوبراو چه‌ندین جار له‌ وتوویژی ده‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌کانی که‌یهان، ئیتلاعات، ئایه‌نده‌گان ، ئێرانی فه‌ردا ته‌نانه‌ت ڕادیۆ کوردستاندا ڕایگه‌یاندوه‌ که‌ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان به‌ واتای جیابوونه‌وه‌ی کوردستان نییه‌و ئێمه‌ خۆمان به‌ ئێرانی ده‌زانین و داواکانمان ساده‌ترین و سه‌ره‌تاییترین مافی دێموکڕاسی‌یه‌ که‌ به‌ پێی قانوونه‌کانی ڕێکخراوه‌ی نه‌ته‌وه‌کانیش مافی هه‌موو که‌سێکه‌.

دکتۆر قاسملوو به‌ر له‌ ڕاپرسی ٥٨ له‌ لای بازه‌رگان و زۆربه‌ی ڕاگه‌یه‌نه‌کان به‌ هۆی ڕوون نه‌بوونی ماهیه‌تی ئه‌م ڕیفراندۆمه‌، بایکۆتی کرد و به‌ دوور له‌ پرنسیپه‌ دێموکڕاتیکه‌کانی زانی، که‌ خه‌ڵکی کوردستانیش به‌م پێیه‌ به‌ گشتی ڕاپرسیان بایکۆت کرد و ده‌کرێ بڵێین ده‌نگیان بۆ دیاری کردنی سیستمی سیاسی نه‌دا و مه‌شرووعیه‌تیان نه‌دایه‌ کۆماری ئیسلامی.

دکتۆر قاسملوو ٢٢ی پووشپه‌ڕی ١٣٦٨ له‌ حاڵێک دا بۆ دانوستان له‌سه‌ر دۆزینه‌وه‌ی ڕێگه‌چاره‌یه‌ک بۆ پرسی کورد له‌گه‌ڵ چه‌ند نوێنه‌ری ئێران له‌ ڤییه‌نی پێته‌ختی ئۆتریش خه‌ریکی وتووێژ بووه‌ له‌گه‌ڵ کاک عه‌بدوڵڵا قادری‌ئازه‌ر، ئه‌ندامی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی به‌ده‌ستی نوێنه‌ره‌ تێرۆریسته‌کانی کۆماری ئیسلامی شه‌هید کرا. له‌م کرده‌وه‌ نا جوانمێرانه‌یه‌دا دکتۆر فازل ڕه‌سووڵ ، کوردی باشووری کوردستان و مامۆستای زانکۆی ڤیه‌نیش به‌ ده‌ستی تێرۆریسته‌کانی کۆماری ئیسلامی شه‌هید بوو.

کاک دکتۆر و هاوڕێکانی له‌ سه‌رده‌می سه‌رکۆماریی کورت والدهایم دا له‌ ئۆتریش تێرۆر کرا، ئه‌م سه‌رده‌می کورت والدهایم به‌ باشترین سه‌رده‌می پێوه‌ندی ئێران و ئۆتریش ده‌زانرێ پێوه‌ندییه‌کان هێنده‌ چڕوپڕ بوون که‌ ئه‌گه‌رچێ تێرۆریسته‌کان گیران، دواتر ده‌وڵه‌تی ئۆتریش ئازادی کردن و دانیه‌وه‌ به‌ ده‌سه‌ڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و سه‌ره‌ڕای هه‌موو هه‌وڵه‌کان ٢٣ ساڵ به‌سه‌ر ئه‌م تێرۆره‌ له‌ ناوه‌ندی ئورووپای پێشکه‌وتوودا تێده‌په‌ڕێ و هیچ بڕیارێکی له‌سه‌ر ده‌ر نه‌چووه‌و هیچ تاوانبارێک مه‌حکووم نه‌کراوه‌، ئه‌گه‌رچی ئه‌م ساڵانه‌ی دوایی نازی بوونی والدهایم به‌ به‌ڵگه‌ی حاشا هه‌ڵنه‌گر سه‌لما به‌ڵام به‌ بیانووی پیر بوونی دادگایی نه‌کرا.



**سه‌رچاوه‌کان:**
**_ ماڵپه‌ڕی کوردستان و کورد**
**_ وتاری د. هێمن سه‌یدی**
**_ نامه‌ی ماسته‌ری هوشمه‌ند عه‌لی مه‌حموود**

# دێموکڕاسی بە کورتی و پوختی

## (نامیلکەیەکی بەڕێوەبەریی زانیارییە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا)

وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەلی بداغی

بەشی سێیەم

**حکومەتی قانوون**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤ و لە زۆربەی جارەکاندا قانوون و دەسەڵاتی قانوون ڕەنگدانەوەی ویستی دەسەڵاتداران بووە. بەڵام لە حکومەتە خەڵک سەروەر و دێموکڕاتەکاندا بناخەی حکومەتی قانوون بە یەکسان بۆ خەڵک و هاووڵاتیان و دەسەڵاتداران چێ کراوە.

**ملدانی وەک یەک یەکسان بۆ قانوون**

دەسەڵاتی قانوون بەرگری لە مافە بنەڕەتییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکا و پارێزەری هاووڵاتیان لەبەرامبەر هەڕەشەکانی زوڵم و سەرپێچییەکان لە قانوونە. حکومەتی قانوون بەو مانایەیە کە هیچ کەسێک سەرووتر لە قانوون نیە جا سەرکۆماری وڵات بێ یان هاووڵاتییەکی ئاسایی. دەسەڵاتە گەلییەکان لە ڕێگەی قانوونەوە هێز و دەسەڵاتە ڕێگەپێدراوەکانی خۆیان بەکار دێنن و بۆ خۆشیان پێملی چوارچێوە قانوونییەکانن.

ئەو هاووڵاتیانەی لە نێو وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی گەلی و دێموکڕاتیکدا دەژین وەک خۆیان ڕێز لە یاساکانی وڵات دەگرن و لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا ڕەچاوی دەکەن، چونکی لە بنەڕەتدا ئەوان پێڕەوی لەو ڕێوشوێن و قانوونانە دەکەن کە بۆ خۆیان دایان ناوە. دادپەروەری و یەکسانی ئەو کاتە بەباشی دێتە دی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، چ فەقیر چ دەوڵەمەند، چ زۆرایەتیی نەتەوەیی یان کەمایەتیی ئایینی، پێملی ئەو قانوون و ڕێوشوێنانە بن کە لەلایەن خۆیانەوە داڕێژراون.

**هەموو لایەک دەبێ ملکەجی قانوون بن**

هاووڵاتییان لە دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکڕاتیکدا ڕەچاوی یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵ دەکەن، چونکی دەزانن لەو ڕێگەیەوە لە ڕاستیدا پێڕەوەییان لە خۆیان وەک دانەرانی ناڕاستەوخۆی قانوونەکان کردوە. ئەو کاتانەی کە قانوونەکان لەلایەن ئەو خەڵکەی بۆ خۆیان پێڕەوی لێ دەکەن دابندرێن، دەکرێ بڵێین کە هەم قانوون و هەم خەڵک سەروەری وەدی هاتووە.

**ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەکان**

بە درێژایی مێژووی هەر کۆمەڵگایەک ئەوانەی لە قوچەکی دەسەڵات و دەزگای داد بوون، بە گەندەڵی و کەلکی خراپ وەرگرتن لەو دەسەڵاتە هێزیان نواندوە و خەڵکیان چەوساندۆتەوە. خەڵک بە بڕیاری دەوڵەت و بێ هیچ پاساوێکی قانوونی و تەنانەت بێ ئەوەی تاوانێکیان لە سەر بێ، گیراون و خراونەتە بەندیخانەوە و ماڵ و سامانیشیان دەستی بە سەردا گیراوە؛ ئەشکەنجە کراون، دور خراونەتەوە و لە دار دراون و لە نێو براون.

هیچ کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەر و دێموکڕات توانای دیتن و چاونوقاندن لە بەرامبەر ئەو جۆرە کەلکی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی نیە. حکومەت دەبێ توانا و هێزی دابینکردنی نەزم و سزادانی جینایەتکارانی هەبێ، بەڵام دەبێ ئەو ڕێوشوێن و قانوونانە دیار و ئاشکرا بن کە حکومەت بۆ جێگیر کردنی نەزم و قانوون بەکاریان دێنێ و نابێ ئەو ڕێوشوێنانە لێڵ و نائاشکرا یان بۆ مەبەستە سیاسییەکان بەکار ببرێ و دەبێ بۆ هەموو کەس یەکسان و وەک یەک بێ. ئەوە هەر ئەو شتەیە کە ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەکانی پێ دەگوترێ.

بۆ جێخستن و جێگیر کردنی بە کردەوەی ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەکان لە هەرێمی ئەو دەسەڵاتە گەلی و دێموکراتیکانەی کە لە سەر بنەمای دەستوور و قانوونی بنەڕەتیی وڵات هاتوونەتە سەر کار، ئەو کۆمەڵە پرەنسیپانە وەک بنەڕەت لەبەر چاو دەگیرێن:

- پۆلیس بەبێ ئیزنی دادگا کە دەری دەخا هۆکار و بیانووی پێویستی بۆ پشکنین هەیە بۆی نیە هەڵ کوتێتە سەر هیچ ماڵێک. هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵک بە هۆی پولیسە جل مەدەنییەکان لە نیوەشەودا لە قامووسی دەسەڵاتە گەلی و دێموکڕاتیکەکاندا نیە.
- کەس نابێ بێ ئەوەی تۆمەتی ئاشکرا و سەلمێندراوی لەسەر بێ، بەند بکرێ. دوای ئەوەش بەپێی ڕەواڵی باوی ئامادە بوونی کەسی گیراو لە دادگا، هەر کەسێکی بەندکراو ئەو مافەی هەیە کە بۆ لێپێچینەوە بانگ بکرێتە دادگا و ئەگەر لە دادگا زانرا کە بێ تاوان گیراوە، دەبێ ئازاد بکرێ.
- ئەوانەی بە هۆی دەست تێداهەبوون لە تاوانێک دەسبەسەر دەکرێن، بەر لە دادگایی کردنیان نابێ بۆ ماوەیەکی زۆر بخرێنە بەندیخانەوە. ئەوان دەبێ ئەو دەرەتانەیان پێ بدرێ کە لە زووترین کاتدا بدرێنە دادگایەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بەروەڕووی ئەو کەس لایەیانە ببنەوە کە داوایان لە سەر تۆمار کردوون و بۆشیان هەبێ کە بەرگری لە خۆیان بکەن و پرسیاریان لێ بکەن.
- ئەگەر کەسی تۆمەتبار بە تاوانێکی سووک گیراوە و مەترسیی ڕاکردن یان ئەنجامدانی تاوانی دیکەی لە سەر نیە، ئەو چاوەڕوانییە لە بەرپرسانی دەزگای داد دەکرێ کە ڕێگە بدەن ئەو کەسە مەرجدار، بە شێوەی کاتی و بە دانانی بارمتە تا کاتی دادگایی کردنی ئازاد بکرێ.
- نابێ کەس ناچار بەوە بکرێ کە شایەدی لە دژی خۆی بدا. ئەو ڕێگرییە لە ناچار کردنی شایەدی دانی تۆمەتباران لە دژی خۆیان دەبێ بە تەواوی و بێ ئەملاو و ئەولا جێبەجێ بکرێ. لە ئەنجامی ئەو ڕێگرییەدا ئیدی پۆلیس ناتوانێ لە هیچ بارودۆخێکدا تۆمەتباران ئەشکەنجەی جەستەیی یان دەروونی بدا و هێز لە دژیان بە کار بێنێ.
- کەسەکان نابێ بەروەڕووی مەترسیی دووفاقە ببنەوە؛ بەو مانایە ئەگەر کەسێک جارێک لە دادگایەکی حقووقیدا بەری لە هەر چەشنە تۆمەت و تاوانێک کرا کە دراوەتە پاڵی، ئیدی نابێ جارێکی دیکە هەمان تۆمەتی لێ بدرێتەوە.
- بەهۆی ئەگەری خراپ بەکارهێنانی قانوونی « گەڕانەوە بۆ پێشینە« لە لایەن کاربەدەستانەوە، گەڕانەوە بۆ ئەو قانوونانە قەدەغەیە. ئەو قانوونانە دوای ئەنجامدانی تاوان داندراون بۆ ئەوەی بکرێ کەسێک تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانێک بکەی کە کردارەکە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە تاوان دانەندراوە.
- سەپاندنی ئەو جۆرە سزایانە قەدەغەیە کە نائاسایی یان بێبەزەییانە دێنە بەر چاو.



دیارە هیچ کام لەو سنووردار کردن و خاڵانەی سەرەوە بەو مانایە نیە کە دەسەڵات و حکومەت دەسەڵاتی پێویستی بۆ جێبەجێ کردنی قانوون و سزادانی تاونباران نیە، بگرە پێچەوانە لە کۆمەڵگایەکی لایەنگری دێموکڕاسی و خەڵک سەروەریدا نیزامی دادئەستێن بەو ڕادەیە گرینگی و کاریگەریی خۆی هەیە کە کابینە و بازنەی دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن خەڵکەوە وەک حکومەتێکی دادپەروەر و لایەنگری پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی تاکەکان و خزمەتکاری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەناسرێ.

**دەسەڵاتی پشت ئەستوور بە قانوونی بنەڕەتیی وڵات**

دەستوور و قانوونی بنەڕەتیی کە بنچینەیترین ئەرکەکانی حکومەت و چوارچێوەکانی دەسەڵات دەستینیشان دەکا، گرینگترین و ژیانەکیترین شت لە دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکڕاتیک دایە.

**قانوونی بنەڕەتی، ئەو قانوونەی لە سەرووی هەموانە**

قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک باس لە هەموو ئەو ئامانج و مەبەستە بنەڕەتیانەی کۆمەڵگا دەکا کە بۆ دەستەبەر کردنی ئاسوودەیی و خۆشبژیویی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە لەبەرچاو گیراون. هەموو هاووڵاتییەکی کۆمەڵگا بە ڕێبەرانی وڵاتیشەوە پێملی قانوونی بنەرەتیی وڵاتن کە بە بەرزترین کۆمەڵە قانوونی ئەو وڵاتە دادەنرێ.

لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا کە وەک بەڵگەیەکی بەنووسراوە دادەڕێژرێ، دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی نیشتمانی و گەرەنتیی پێویست بۆ دەستەبەر کردنی مافی مرۆڤ و جۆری کارکردی دەوڵەت بە ڕوونی دەستنیشان کراوە و ئەوە لانیکەمی چاوەڕوانییەکە کە دەکرێ لە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێکت هەبێ. قانوونی بنەرەتیی هەر وڵاتێک پشت ئەستوور بە کۆمەڵێک بنەما و ڕێچکەی نەنووسراوی پێشوو بەڵام بە تەواوی جێی پەسند و جێکەتوو دەبەستێ. بۆ نموونە قانوونی بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەر بنەمای ئەو تێفکرین و بۆچوونانە داڕێژراوە کە لە مافە باو و نەریتییەکانی بریتانیا و هەولێ فیلسوو فەکانی سەدەی هەژدەهەم لەپێناو پێناسە و دەستنیشانەکانی مافی مرۆڤ وەرگیراون.

دەسەڵاتی پشتبەستوو بە قانوونی بنەڕەتیی وڵات ئەو بنەمایە بە ڕەسمی دەزانێ کە دەوڵەتێکی وەڵامدەر و گەلی دەبێ خۆی لەگەڵ ئەو چوارچێوەیە بگونجێنێ کە بۆ سنووردار کردن و دەستنیشان کردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت داندراون. هەر بۆیەش هەموو قانوونەکانی دیکەی وڵات دەبێ بە بەراورد و هاوڕێک لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵات دابڕێژرێن. لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکڕاتیکدا کە تێیدا دەزگای داد لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆیە، ئەو ئیزنە بە هاووڵاتیان دەدرێ کە ڕەخنە لە هەر قانوونێک بگرن و داوای هەموار کردنەوەی بکەن کە پێیان وابێ دژایەتی لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵات هەیە و دوای چارەسەریی ئەو ناتەباییانە بکەن کە لە لایەن ناوەندە قانوونی و ڕیگەپێدراوەکانەوە بۆ چاکسازی و پێداچوونەوە بە کارکردە ناقانوونییەکانی حکومەت یان کاربەدەستانی حکومی ڕاسپێردراون.

قانوونی بنەڕەتیی وڵات سەرەڕای پاراستنی تایبەتمەندییە بەرز و لەسەرترەکانی بۆ ئەوەی وەک کۆلکە و چەقبەستووی پیرۆز چاوی لێ نەکرێ، دەبێ دەبێ خۆی لە خۆیدا زەرفییەتی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ پێکهێنانی تێدا بێ.

قانوونی بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنترین قانوونی بنەڕەتیی نووسراوی دنیایە کە٧ ماددەی کورت و ٢٧ خاڵی هەموار کراوی لە خۆی گرتوە و ١٠ خاڵی هەموارکراوی ئەو قانوونە بنەڕەتییە بە لایحەی ماف بەناوبانگە. بەو حاڵەش ئەو قانوونە بەنووسراوەیە بنچینەی یەکێک لە پێکهاتە بەربڵاو و فرەرەهەندەکانی « حقووقی» پێک دێنێ کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا هەوێن و بنەمای حوکمە قەزاییەکان، قانوونە پەسندکراوەکانی پارلمان، کارکردی دەزگای سەرۆک کۆماری و نەریتەکانی کۆمەڵگای ئەمریکا بووە و ئەوانی بەرهەست و زیندوو ڕاگرتوە.

لەبارەی گۆڕین یان ڕیفۆرم لە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک بە گشتی دوو جۆرە تێفکرین و بۆچوون هەیە. بۆچوونێک پێی وایە باشترین چارەسەر گرتنەبەری پڕۆسەیەکە کە پێویستیی بە هەڵێنانەوەی زۆر هەنگاوی قورس و قایم بە پشتبەستن بە وەدەستهێنانی زۆرایەتییە گەورەکانە. لە ڕوانگەی خاوەنانی ئەو بۆچوونە لەو پڕۆسەیەدا قانوونی بنەڕەتیی وڵات بە دەگمەن گۆڕانی بەسەر دادێ و تەنیا ئەو کاتە باس لە پێویستیی گۆڕانی دێتە ئاراوە کە پشتگیری گشتگیری هەمووانی لە پشت بێ. مۆدێلی قانوونی بنەڕەتیی ئەمریکایی پشتبەستوو بەو بنەمایەیە.

شێوازێکی ئاسانتر بۆ پێکهینانی گۆڕان لە قانوونی بنەڕەتی کە زۆربەی وڵاتانیش بەکاری دێنن ئەوەیە کە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا بنوسرێ کە هەرچەشنە چاکسازی و گۆڕانێک لەو قانوونەدا دەبێ بە بڕیار و بە دەنگی پاڕلمان و دەزگا یاسادانەری وڵات بێ و پاشان ئەو ئاڵوگۆڕ و چاکسازیانە لەلایەن دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووشەوە پەسند بکرێتەوە و ڕەزامەندیی زۆرایەتیی دەنگدەرانی لەگەڵ بێ. ئەو قانوونە بنەڕەتییانەش تەمەنیان زۆرترە، کە بەو جۆرە پێداچوونەوە و چاکسازییان تێدا دەکرێ.

**بنچینەکانی حکومەتی فیدڕاڵ: دابەشکردنی دەسەڵات**

کاتێ کۆمەڵە خەڵکێکی ئازاد و سەربەست بۆ پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتییدا لە گەڵ یەکتر ڕێک دەکەون، ئەو جۆرە لە هەڵبژاردنە لەوانەیە بە شێوازی جۆراوجۆر بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. پێکهاتەی سیاسیی هینێدێک لە حکومەتە دێموکرات و خەڵک سەروەرەکان تۆکمە و ناوەندگەرا و یەکپارچەیە. جێگیر کردنی نیزامی فیدڕاڵی چارەسەرێکی دیکەی دەسەڵات لە حکومەتە دێمەکڕاتەکانە کە تێیدا دەسەڵات بە سەر ناوەند، هەرێم و ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەبێ.

بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی کۆماریی فیدڕاڵە و لەوێ هەموو ویلایەتەکان سەربەخۆ لە دەوڵەتی فیدڕاڵ بەڕێوە دەبرێن و پێگە و دەسەڵاتی قانوونیی خۆیان هەیە. پێچەوانەی ئەو دابەشینە بچووکترە سیاسییانەی لە وڵاتانێکی وەک بریتانیا و فەرانسە هەیە، دەوڵەتی فیدڕاڵ ناتوانێ ئەسڵی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا بگۆڕێ یان بیەوێ بیسڕێتەوە. دیارە ئەگەرچی لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا دەسەڵات لە ئاستی نیشتمانیدا بەشێوەی بەرچاو زۆر و بەهێز و چڕ بۆتەوە، بەڵام بەو حاڵە ئێستاش ویلایەتەکان بۆ خۆیان بەرپرسایەتیی گرینگیان لە بوارەکانی پەروەردە، گواستنەوە و جێبەجێ کردنی قانوونەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کام لە ویلایەتەکان بە پێدانی زۆرێک لە دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی وەک چالاکیی پۆلیس و خوێندن لە قوتابخانەکان بە هەرێمە ناوچەییەکان پێڕەوەییان لە ئولگووی فیدڕاڵ کردوە.

دیارە لە نیزامێکی فیدڕاڵدا دابەشینی ئەرک و دەسەڵاتەکان قەت تەواو ڕێکوپێک و بە تەواوی ڕوون نیە و دامودەزگا و دامەزراوەکانی فیدڕاڵ، ویلایەتەکان و ناوچەییەکان هەر کام لەبەر خۆیانەوە دەتوانن پرسەکانی پێوەندیدار بە خوێندن و پەروەردە و جێبەجێ کردنی دادپەروەری و سزادانی تاوانباراب بخەنە ڕۆژەڤی خۆیانەوە، بە جۆرێ کە ڕەنگبێ ڕێوشوێنەکان تێک بگیرێن و تەنانەت دژ و لێک جیاوازیش بن؛ بەڵام حکومەتی فیدڕاڵ دەتوانێ پەرە بە کرانەوە و هەموو ئەو دەرفەتانە بدا کە بۆ بەشداریی هاووڵاتیان و چالاکتر و کارا کردنیان لە کۆمەڵگایەکی لایەنگری دێموکڕاسی و خەڵک سەروەریدا یەکجار پێویست و ژیانەکین. خەڵکی ئەمریکا لە سەر ئەو باوەڕەن کە پێکهاتەی سیستەمی فیدڕاڵی داکۆکی لە سەربەخۆیی و سەربەستیی هاووڵاتیان و تاکەکانی ئەو وڵاتە دەکا و پشتیوانیەتی.

# ئێعدامی چالاکانی مەدەنیی عەرەب لە ئێران



ڕێبوار مەعروف زادە

لە ٢٩ جۆزەردانی ئەمساڵ دا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەواڵی لە سێدارەدانی چوار چالاکی عەرەبی بە ناوەکانی تەها حەیدەریان، عەبدولرەحمان حەیدەریان، عەباس حەیدەریان(هەر سێک برا) و عەلی شەریفی بە بنەماڵەی ئەو کەسانە ڕاگەیاند. ئێعدامی ئەو چوار چالاکە عەرەبە لە نێو ڕای گشتی و میدیاکاندا ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بەڵام خودی ئەو ڕەنگدانەوەیەش بە شێوەیەکی یەکدەست نەبوو. ڕای گشتیی عەرەبەکانی ئێران و بە گشتی نەتەوەکانی ژێردەستی ئێران لە ڕێگای ئەنجامدانی خۆپێشاندان لە وڵاتانی ئورووپایی ئێعدامی ئەو چوار کەسەیان بە توندی مەحکووم کرد، بەڵام پان ئێرانیستەکان نە تەنیا ئەو چوار کەسەیان بە چەتە و یاخی لە قەڵەم دا، بەڵکوو بە هوی بڵاوکردنەوەی هەواڵی لە سێدارەدانی ئەو کەسانە بە توندی ڕەخنەیان لە میدیا فارسی زمانەکانیش گرت. ٦٠کەس کە خۆیان وەک چالاکانی سیاسیی و فەرهەنگیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ناساندوە بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک ڕەخنەیان لە میدیا فارسی زمانەکان بە تایبەتی BBC و VOA گرت کە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئێعدامی ئەو چوار کەسە و دانی مەجاڵی قسەکردن بە چالاکانی عەرەب بەستێنی لێکهەڵوەشانی ئێران خوش دەکەن. ئەو ٦٠ کەسە باسیان لەوە کردوە کە دوژمنانی ئێران مافی مرۆڤیان کردوە بە بیانوویەک تا کێشەی «تیرەکانی ئێران» زەق بکەنەوە.

لێرەدا پێویستە پرسیار بکەین کە ئاخۆ لە پشت ئەو هەڵوێستە جیاواز و ناکۆکەی کۆمەڵگەی ئێران بە نیسبەت ئێعدامی عەرەبەکان چ ڕاستییەک خۆی حەشار داوە؟ ئاخۆ ڕەوایی دان بە پەردەپۆشکردنی ئێعدامی چالاکانی خووزستان بەرهەمی کام عەقڵانییەتە و چۆن پاشەکشە بەم عەقلانییەتە دەکرێ؟ بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە تێفکرین لە سەر سێ بابەتی ئێعدام، عەرەبستانی ئێران و عەقڵانییەتی ناوەندگەرا پێویستە.

١_-ئیعدام لە کۆمەڵگەی ئێراندا :

لە هەر سیستمێکی یاسایی و لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لابردنی سزای ئیعدام ڕادەیەک لە شارستانییەت و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ نیشان دەدا. کاتێک سیستم و عەقڵانییەتێک لە سزای ئێعدام کەڵک وەردەگرێ بە واتای ئەوەیە کە ئەو سیستمە بە شێوەیەکی ڕەها مرۆڤ وەک جەستە دەبینێ و بڕوای بە توانای عەقڵی و پێکهێنانی گۆڕان لە مرۆڤدا نییە. لە ڕاستیدا بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرخەری کۆتایی هێنان و مەحکوومکردنی مرۆڤە بە جەستەکەی و بەرجەستەکردنی لایەنی حەیوانیی مرۆڤە. چونکە سزای ئێعدام پشت گوێخستنی لایەنی ڕوحی و عەقڵیی مرۆڤەکە و لە نێوبردنی جەستەکەی دەکاتە ئامانج. ئەوانەی سزای ئێعدام بەڕێوە دەبەن، ئەوانەی تەماشای بەڕێوەچوونی ئەو سزایە دەکەن و دواجار ئەوانەی بێ دەنگن لە ئاست ئێعدامکردنی مرۆڤەکانی دیکە، بەشدارن لە بەرهەمهێنانەوەی عەقڵانییەتێک کە ئامانجی لە نێوبردنی مرۆڤە و ئەو لە نێوبردنە بە یاسا و بە دەستی خۆدی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ. سەرەڕای هۆڤانەبوونی جەوهەری سزای ئێعدام، دادگایی و ئێعدامی ئەو چوار عەرەبە بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام درا کە وایە ڕەوتی دەرکردنی و بەڕێوەبردنی سزایەکی هۆڤانەش نادادپەروەرانە بووە. زۆرێک لە حوکمەکانی دادگای ڕێژیم لە دۆخێکی نهێنی و بە دوور لە چاوی خەڵک دەردەچن چونکە ئەو سزایانە لە خزمەت خەڵکدا نین، بەڵکوو لە خزمەت ترساندن و کۆیلەکردنی زیاتری خەڵک و کۆمەڵگە دان. بە گشتی دەرچوونی حوکمی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی و فەرهەنگیی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بە بەراورد لەگەڵ فارسەکان ئاسانتر و بە چەند قات بەڕێوەدەچێ کە ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە سیستمی ناوەندگەرا زورترین ستەمیش هەر دەرهەق بە ناوچە هەژار و پەراوێزخراوەکان ئەنجام دەدا. ئەوەش بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە عەقڵانییەتی ناوەندگەرا مرۆڤەکانی ئەو ناوچانەی پەراوێز خستوە و لە پلەی یەکەمدا خۆی بە پارێزەری خاکی ئەو ناوچانە دەزانێ و دەزگای ئێعدامیش لە خزمەت پاراستنی خاک دایە نەک خەڵک. لەو عەقڵانییەتەدا خەڵک وەک هەڕەشە بۆ سەر خاک لە قەڵەم دەدرێ و گیانی خاک لە گیانی خەڵک ڕەنگینترە.




٢_-عەرەبستانی ئێران :

هەر وەک چون لە جیهاندا وڵاتی عەرەبستان بە نەوت دەناسرێ لە ئێرانیشدا شوێنی ژیانی عەرەبەکان (عەرەبستانی ئێران) هەر بە نەوت دەناسرێتەوە. زۆرینەی نەوتی ئێران لەو ناوچانە دەردەهێنرێ کە عەرەبەکان لەوێ دەژین. هەڵبەت ناوبردنی ناوچەکانی عەرەبنشینی ئێران بە عەرەبستانی ئێران لەبەر ئەوە نییە کە ئەو ناوچانەش هەر وەک عەرەبستان سەرچاوەی سەرەکیی نەوتن، بەڵکوو بە هۆی ئەوەیە کە تایبەتمەندیی گرووپیی ئەو خەڵکە لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. ئەو خەڵکە سەرەڕای جیاوازیی زمانی، خاوەنی کولتوور و بۆنەی تایبەت بە خۆیانن. لە عەرەبستانی ئێراندا هەموو ساڵێک لە ساڵرۆژی سەرهەڵدانی مەدەنیی ١٥ ئاوریلدا خەڵک خۆپێشاندان دەکەن. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بە دوای ئەوە کە نامەی بەرپرسی دەفتەری سەرۆک کۆماری ئاشکرا بوو، کە لەودا باس لە پێویستیی گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی پارێزگای خووزستان کرابوو، خەڵکی عەرەبی ئەو پارێزگایە کە زۆرینەی دانیشتووانی پارێزگاکە پێک دێنن دەستیان دایە خۆپێشاندانێکی جەماوەری کە ماوەی دوو هەفتە بەردەوام بوو و چەندین بریندار و کوژراوی لێکەوتەوە. ئەو چوار کەسەش بە هۆی بەشداری لە یادکردنەوەی ١٥ ئاوریل لە ساڵی ٢٠١١ دا دەستبەسەر و دواتر بە ئێعدام مەحکووم کران. هەر بۆیە مەحکوومکردنی ئەو چوار کەسە بەشێکە لە مەحکوومییەتێکی گەورەتر و لەمێژینەتر کە ئەویش مەحکوومییەتی نەتەوی عەرەبە لە نێو ئێراندا. عەرەبەکانیش هەر وەک کوردەکان کەمترین بەشدارییان لە سیستمی ئیداری و بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان دا هەیە، لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بێ بەشن، لە باری ئابوورییەوە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ناوەند هەژار و دواکەوتوون، لە بواری پەرەدان بە کولتوور و زمانی خۆیان لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و ... مەجالێکی کەمیان هەیە و ئەوەندەش کە هەیە لە ژێر گوشاری ڕوانینێکی ناوەندگەرا و ئەمنییەتیی دەسەڵات دایە. لە سیستمی سیاسی، ئیداری، ئابووری و کولتووری و ... ناوەندگەرای ئێستا عەرەبەکانی ئێران بە قەت ئیمارات و قەتەر و عەرەبستان لە تاران بێگانەن. ئەوەی ئەوان بە ئێران گرێ دەداتەوە سەرکۆت و ئیعدام و هەژارییەکە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەتوانن بە سەر عەرەبەکانی ئێرانی دا بسەپێنن بەڵام ناتوانن بە سەر ئەو وڵاتانەی دیکەی دا بیسەپێنن. ڕێگەی پاشەکشەکردن بەو عەقڵانییەتە ئەوەیە کە هاوپێوەندیی نەتەوەکانی ژێردەست بگاتە ئەو ئاستە کە هێژمونیی نەتەوەی دەسەڵاتدار کەمرەنگ بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە چارەسەری سیستمی ناوەندگەرا لە ڕێگەی دانانی سیستمێکی مێژوویی، سیاسی، زمانی، کولتووری، ئابووری و ... فیدراڵەوە دەبێ. لە بیرکردنەوەی ئێرانییەکی فیدراڵدا، مێژووی ڕەزاخان و ناوندگەرایی، مێژووی ستەمکارییە و پێویستی بە سەر لە نوێ دارشتنەوە هەیە. عەقلانییەتی ناوەندگەرا لە ئێراندا زور لە سیستمێکی ئیداری و سیاسی ناوەندگەرا بەرفراوانترە و دەکرێ قسە لە سەر مێژووی ناوەندگەرایی و کولتووری ناوەندگەرایی بکەین. ئەگەر سینەما وەک ماڵێکی مودێرن و گەورەی کولتوور دەستنیشان بکەین، عەقلانییەتی ناوەندگەرا لە ئێراندا پشتئەستوورە بە سینەمای ئێرانیش. لە سینەمایەکی ناوەندگەرا و فارسیزەدا کە تورک بە شێوەیەکی بەردەوام چاپەز و سووژەی گاڵتەجاڕی بێ، ڕۆڵی کورد بە شێوەیەکی بەردەوام سنووردیاری غەیوور بێ و ...، لە سینەمایەکدا کە بە شێوەیەکی بەردەوام وێنەیەک لە نەتەوەکانی بندەستی ئێران بڵاو بکرێتەوە کە وێنەیەکی سووک و پەروایزخراوی کۆمەڵگەیە بە واتای ئەوەیە کە ناوەندگەرایی ڕەگی لە کلتووری زاڵی ئەو وڵاتە دا کوتاوە و پێویستی بە فیدرالیزمێکی فرەرەهەند هەیە. لەو ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی توانیویانە هاوپێوەندییەک بە ناوی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ» دابمەزرێنن. هەرچەندە کە ئەو کۆنگرەیە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە لە مەیدانی پراکتیک و لە ئاستی نێوخۆدا (بۆ نموونە لە ڕۆژی زمانی زگماکی دا) کارێک بکا، بەڵام وەک بیرۆکە بیرۆکەیەکی زور باشە. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ داهاتووی ئێران هەنگاوێکی دروست و پێویستە بەو مەرجەی بتوانێ لە نێو ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەکانی بندەستی ئێران بەشدارییەکی بەرفراوانتر دروست بکا.

# پێوەندیی لوڕەکان و لوڕستان دەگەڵ کوردەکان


ئەحمەد قازی
وەرگێر : سمایل سۆهرابی


هێندێک لە مێژووزانانی ئێران بە تایبەتی مێژوونووسانی ئەم سەردەمە لوڕەکان بەکورد نازانن، تەنانەت لەم پێوەندییەدا لوڕەکان دەوروژێنن و لە نێوانیان دا بۆ ئاژاوە نانەوە پروپاگەندە دەکەن. مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان کە پەرەپێدانی ناتەبایی و دووڕوویی لە نێوان کورد و لوڕەکان پەیرەو دەکەن و لەو پێناوەدا ناکۆکیی سوننە و شیعە دەکەنە کەرەسەی سیاسی و کەلکی لێ وەردەگرن.

بۆ ئێمە بۆئەم مەبەستە نووسراوەکانی میر شەرەفخان بەسە کە بە ڕاستی مێژوونووسێکی شارەزاو ڕاستگۆ بوو. هەروەها ئاماژە بە بارودۆخ و بەسەر هاتەکانی ڕۆژگاری خۆی و سەدەکانی پێش خۆشی دەکەین کە زانیاریی تەواوی لە بارەیانەوە هەبوو تاکوو بۆ هەموان ڕوون بێتەوە کە لوڕ و کورد یەکن و لە بنەڕەت و ڕەگەزدا بەیەک دەگەن .

سەبارەت بە ناوی» لوڕ» لە شەرەف نامەدا دەبینین کە «لوڕ«ەکان ناوی خۆیان لە ناوچەیەک دا هەر بەو ناوە لە ویلایەتی مانرووود وەرگرتوە و بەشی هەرە زۆری نژادی لوڕەکان هەر لەو ناوچەیە را بۆ کوردستان هاتوون. جیا لەشەرەفخان هێندێک لە مێژوونووس و خاوەنڕایانی دیکە پێیان وایە ناوی لوڕستان لە« لێر» وەرگیراوە کە لە کوردیدا بە مانای دارستانی جەنگەڵە. لە زمانی کوردیدا ناوی «لێرەوار» بە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کویستانی زاگرۆس دەکوترێ کە جەنگەڵێکی زۆری لەخۆ گرتوە. لوڕستان بە دوو بەش دابەش بووە (لوڕی گەورە) کە مەبەست مادی گەورەیە، (لوڕی بچووک ) کە بەشێکە لە مادی بچووک. لە سەدەی سێی کۆچیدا لوڕی گەورە لە ژێر دەسەڵاتی ئەمیرێک بووە بەناوی «بەدر»، لوڕی بچووکیش برای بەدر واتە ئەمیر مەنسور بەڕێوەی بردوە. لەساڵی ٥٠٠ ی کۆچی ڕادەی چوارسەد بنەماڵەی کوردەکانی شام لە شوێنی ژیانی خۆیان لە«جبل السماق» (کوردستانی سورییەی ئێستا) بەرەو لوڕستانی ئێستا کۆچیان کردوە. مێژوونووسان هۆکاری ئەم کۆچ کردنە لە تێک هەڵچوون و دمەقاڵەیەک دەزانن کە لە نێوان کۆچەرییە کان و دەسەڵاتدارەتیی ئەو ناوچەیە هاتبووە ئاراوە. ئەو کۆچەرانەی کە لە جەبەل سماق هاتبوون بە شێوەی ژێر دەستەیی لە( خیل احفاد اولاد محمد خورشید) واتە گرووپی سوارکارانی کوڕ و کچەکانی محەممەد خورشید کە پاشماوەی ئەمیر بەدر بوون مانەوە. سەرۆکی کۆچەرەکان کە ناوی ئەبوو حەسەنی فەزلەوی بوو هێواش هێواش لە نێو سیستمی دەسەڵاتداریی خانەدانی محەمەد خورشید بە هۆی دلێری و لێوەشاوەیی پلەکانی سەرکەوتنی بڕین. یەکێک لە نەوەکانی ئەبوو حەسەنی فەزلەوی بە ناوی ئەبوو تاهیر پۆستی ساڵاری بەشێک لە سوپای سەلخوریانی بەدەست هێنا. لە ئاکامدا بە هۆی دلێری و سەرکوتی سەرکەوتوانەی نارازییان، لە سیتمی دەسەڵاتدارییی ئەتابەک «اتابک» ی سلخور بەپۆستی گەورە گەیشت و دەسەڵاتداریی ویلایەتی لوڕستان بەو سپێردرا. ئەبوو تاهیر دوای ماوەیەک لە لوڕستان سەربەخۆیی ڕاگەیاند و خۆی بە ئەتابەک ناو نا و لە بەڕێوە بردنی دەستووراتی ئەتابەکی سەلخوری سەر پێچیی کرد. دوای ئەبوو تاهیر پاشماوەکانی وی بە ناوی ئەتابەکی لوڕستان درێژەیان بە دەسەڵاتداری دا. لە ئەبوو تاهیر پێنج کوڕ بە یادگار مانەوە کە بریتی بوون : هەزار ئاسف، بەهمەن، عیمادەدینی پەهڵەوان، نەسرەدینی دیلواکوش و قزڵ ئەتابەک.

ئەم برایانە بە پێچەوانەی زۆر لەدەسەڵاتداران وحاکمانی دیکە کە بەردەوام لەسەر وەدەستهێنانی هێزی زیاتر دژایەتی و بەربەرەکانیان دەکرد، پێکەوە یەکگرتوو بوون، کە هەر ئەوەش بووە هۆکاری مانەوە و بەهێزیی حکوومەتەکەیان. هەزار ئاسف بە هاوکاریی براکانی و سەرانی عەشیرەتەکان دەستی کرد بە ئاوەدان کردنی لوڕستان، هەروەها بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵکی و ئاوەدان کردنی ناوچەکانی لوڕستان هەرچی لەدەستی هات کردی و لەو ڕاستایەدا خۆبەخشانە تێ دەکۆشا. چەند شوێنی جۆراوجۆرو گوندو شاری تازەی بۆ ژیانی خەڵکی دروست کرد، بەجۆرێک کە دەنگی عەدەاڵەت خوازی وخزمەت بەگەڵەکەی لە هەموو ناوچەی دوورو نیزێکی لوڕستان دەبیسراو دەبینرا.

هەر ئەو کارانەش بۆنە هاندەرێک بۆ کۆچ کردنی بەشێکی بەر چاوی دیکە لە کوردەکانی شام و دەوروو بەری بۆ لوڕستان. میر شەرەفخان ناوی هێندێک لەو تایفەو عەشیرانەی هێناوە کە ئاماژە بەناوی بە شێکیان دەکەین: ئەسترەکی، ماماکۆیی، بەختیاری، جوانکی، بیدانیان، زامدیان، تووتووند، بووازکی، شناوەند، تیووند، ڕاکی، هاروونی، ئەشکی، کۆیی، کەمانکێش، ئەومکی، کولارد، کوردو .....پێکەوە لکانی ئەو تایفەو عەشیرانە کە زۆر دەست ڕۆیشتوو بە نفووز بوون بۆ هۆی بە هێز بوونێکی زۆری سوپاو سەرۆکایەتی هەزار ئاسف و براکانی. دوای ماوەیەک شاری لوڕستان و چەند ناوچەیەکی دیکە ش بە دەسەڵاتی حکوومەتی لوڕستان زیاد کران. خەلیفەی بەغدایە دەگەڵ هەزار ئاسف پێوەندیکی دۆستانەی پێک هێناو نیشانەو خەڵاتی بۆ نارد. لە زەمانی هێرشی هەلاکۆ خان بۆ سەر بەغدایە ئەتابەک تکلە فەرمانرەوای لوڕستان بۆڵای خەلیفە چووو پێوەندێکی باشی دۆستانەیان پێک هێنا. بەڵام کوژرانی خەلیفەی بەغداو ئازاردانی موسولمانان بۆ هۆی دڵ ڕەنجی تکلە. هەلاکۆ بە نارەزایەتی و سۆزی تەکلەی زانی، بۆیە هەلاکۆ ویستی بیکوژییە بەڵام تکلە هوشیار تر بوو لەوەی خۆی وەدەست بدا ، لەهەلێکی ڕوخساوکەڵکی وەرگرت و دەرباز بووو لە قەڵای بە هێزی لوڕستان سەنگەری گرت. هەلا کۆ بەشێک لە لەشکرەکەی خۆی بە دوادا نارد کە بیگرن بەڵام نەیان توانی تکلە دەست گیر کەن. سەرەنجام هەلاکۆ ئەنگوستیلەی خۆی بە نیشانەی ئاشتی و سولح بۆ نارد کە بۆ هۆی ئاشتی و تەبایی لە بەینیان. پێشینان و ودواماوەکانی تکلە دەگەڵ ئیلخانانی مەغول بە ئاشتی هێمنی دەژیان و لە سەر تەختی هێز مانەوە. تەنانەت ئاباق خانی مەغول حکومەتی خوزستان و کوهگیلۆیی و فیروزان و جرباتان «لەدەورووبەری هەمەدان» نیش بەوان سپارد. ئیمە لێرە مەبەستمان نییە شەرح و لێکۆلینەوە لە مێژووی لوڕستان بکەین، بەوەندە وازدێنین کە شەرەفخان بەڕاستی لوڕستان بە بەشێک لە کوردستان دەزانێ، کە بێجگە لە بەڵگەو شتە مێژوویەکان وێکچوونی ژیانی،ئاداب، کولتوورو بەشێکی زۆر فرەوانی زمانیش خۆی ئەوە دەسەڵمێنێ کە ئەمە ڕاستێکی حاشا هەڵنەگرە.

سەرچاوە :

خلاصه تاریخ کردستان: احمد قازی

# سێ هەرمێ کێویلە



ناسر حیسامی

ئەمڕۆ چوومەوە نێو کاغەزەکان. پاکەتێکی گەورەم وەبەر دەست هات، کە نازانم کەی پێچاومەتەوە. لە بیریشم نەماوە چیی تێدا هەڵگیراوە. یادداشتی جۆراوجۆر... شیعری ناتەواو، نامە لە سەر کاغەزی جۆراوجۆر هەر یەکەی لە ڕەنگێک، شین و سەوز و پەمەیی... سەرەنجام پەڕە کاغەزێک هاتە بەر دەستم، دیوێکی نووسراوە و دیوەکەی دیکەی نا. ژمارەی لاپەڕەشی پێوە نییە. دەزانم لاپەڕەیەکە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم، بەڵام هی کام دەفتەر و، چ ڕۆژێک؟ نووسراوەکە بە نیوە ڕستەیەک دەست پێدەکا و بە ڕستەیەکی ناتەواو کۆتایی پێدێ:

"و تازە ئیدی درەنگ بوو. ئەمشەو هەر لێرە دەمێنینەوە. حەزم دەکرد بڕۆین. مرۆڤ، کاتێک نائارام و بێئۆقرە بێ، هیچ شتێک لە ڕۆیشتن باشتر نییە. دیمەنەکانی بەرچاوت دەگۆڕێن و، جەستەت دەجووڵێ و، دەرفەتی ئەوەت نییە هەموو گیانت بە خەیاڵ بسپێری. نەڕۆیشتین. درەنگ بوو. ماینەوە و، ئێستا ئێوارەیە. شنەیەکی فێنک هەڵیکردووە. لە سەر کۆتەرەی داربەڕوویەک دانیشتووم. ئەمبەر و ئەوبەرم ڕیزەشاخێکە و، بەرانبەرم دۆڵێک، کە ڕەزێکی تێدایە و لەولاتر پۆلە چنارێکی تەنک، دوایەش پەرێزێک و، لە داوێنی، ئاڵقەیەک و خەتێکی سەوز، کە لەوە دەچێ شیناوەردی دەوری گۆلاوێک و جۆگەکەی بێ. لە دوورتر، ئاسۆی ئاسمانی ئێوارە دیارە، نارنجی و مۆر. لێرەش، لەم نزیکانە بۆنی دووکەڵ دێ. هەندێک گەڵابەڕووم کۆ کردەوە، شەوی پێشتر نمەبارانێکیان لێ باریوە. بەینێک پێ چوو هەتا ئاگرەکەم کردەوە. دووکەڵێکی شین، جاروبارە بۆ لای من دێ و، جاری واشە بۆ ئەو لا دەچێ. چاوەڕێم ئاگرەکە سکڵێکی سوور بخا، جگەرەیەکی پێ داگرسێنم و، ئەگەر تا ئەو کات باران دا نەکا، بنووسم. پەڵە هەورێک هاتووە و لە سەر سەرم لەنگەری گرتووە. بۆنی باران لە دوورەوە دێ.

حەزم دەکرد بڕۆین و، نەشمدەزانی بۆ کوێ. یانی نازانم کە لێرە ڕۆیشتین، دەچینە کوێ. ئەوەندە دەزانم تامەزرۆی حەسانەوەم لە ژوورێکی ڕووناکی پاکوخاوێن، کە دڵنیا بم جانتاکەم باران لێی نادا و کاغەزەکانم تەڕ نابن. جلەکانم تەڕ نابن و، لێفەکەی سەرم تەڕ نابێ. بەڵام ئێستا، کە لێرە لەسەر ئەم کۆتەرەدارە دانیشتووم، نمەی باران خۆشە، بە بێ ئەوەی لە بن کەپرێک بم.

لە داوێنی ڕەزەکە، کوڕە شوانەکە دەنگی دێ. تەمەنی هەر دە دوازدە ساڵ دەبێ. تاوێک لەوە پێش کە گەڵا و چیلکەم کۆ دەکردەوە بۆ ئاگرکردنەوە، لە خواریێ تووشی بووم. ماڵاتی دەلەوەڕاند. ڕاوەستابوو، داردەستەی لە زەوییەکە چەقاندبوو و ئانیشکی دادابووە سەری. پێڵاوەکانی دڕابوون و، دوو سێ کراس و کەوای بەسەر یەکدا لەبەر کردبوو. دیار بوو بەیانان زوو دێتە مەزرا و، ئەوکات سارده. کوتی: "نایەی چایەکت بۆ لێ نێم"؟

کوتم: "نا! بە تەنێ نیم. ئەوانی دیکە، ئەوە لە سەرێ دانیشتوون، چاوەڕێن من ئاگر بکەمەوە و چایەکە وەسەر نێم".

کوتی: "دە وەڵا چای من بەشی وان ناکا". دوو سێ هەرمێ پاییزەشی هەڵگرتبووەوە. دەستی ڕاداشت کوتی: "ها! هەرمێیەک بخۆ"!

هەرمێیەکم لێ وەرگرت. دیار بوو لە مێژە وەریوە و تاو لێی داوە. هەندێک سیس ببوو، بەڵام تامی زۆر خۆش بوو.

چایەکەی بە تەما بوو بۆ من دەم بکا و، لە هەرمێکانی، یەکیانی دا بە من. نازانم ئەوە چ هەستێکە کە خەڵکی ئەم ولاتە وا لێدەکا؟ بزەیەک، دەرگای ماڵە گەرم و ڕووناکەکەی دەروونیت لێ دەکاتەوە.

ئێستا ئەوە دەنگی دێ و گۆرانی دەڵێ. لێرە، لە نێوان ئەم دوو ڕیزە شاخەدا تاوی لێ هەڵدێ و، ڕۆژی لێ ئاوا دەبێ و، بەفری لێ دەبارێ و، گەزیزە سەری لێ وەدەر دەنێ و، گەنم و جۆ پێدەگەن و، هەرمێ پاییزە پێدەگەن و، لە گەڵ ئەوانە گەورە دەبێ. شان بۆ دروێنە دادەدا و، پشت بۆ کوڵەئارد دەچەمێنێتەوە، لەو لووتکانەوە بارەدار بۆ سووتەمەنیی زستان دینێتەخوار و، سەرەنجام لە نێو ئەم شاخانە پیر دەبێ.

ئەوانە دەنووسم کە پێت بڵێم ئێمە لێرە گەورە دەبین، لەم وڵاتە کە خاکەکەی وەک چۆن ترێ ڕەشکە و هەرمێ کێویلە دێنێ، ئاواش خۆشەویستی دێنێ، ساڵێک زۆر و ساڵێک کەم، ڕەنگە وشک و ڕەنگە پڕئاو، بەڵام هەمیشە شیرین. بیرت دەکەم. بەیانی ڕێ دەکەوین و پێم وایە"

# هەڵە چێنی

## سێحری رستە



مستەفا شێخە

لە سەرەتای کەڵکوەرگرتن لە زمانەوە، مرۆڤ هەوڵی داوە رستە دروست بکات. ڕەنگە بەر لەوەی مرۆڤ توانیبێتی لە پیت و وشە کەڵک وەربگرێت، رستەی داهێنابێت. مەڵێن بەر لەوەی کە قوڕ و خشت و بەرد و چیمەنتۆ و شتی لەو بابەتەت لەبەر دەست دابێت ناتوانی دیوار دروست بکەی و بەرزی بکەیەوە. ئەو کات مرۆڤ لە جیات ئەوەی وەک ئێستا بە پڕتاو وشە و رستە بە دوای یەکتردا ریز بکات وهەژدەر هەژدەر فەرمایشتان دەرپەڕێنێت، جاروبار نووسکەنووسک و قڕوسکەیەکی لێوە هاتوە. بەم نووزە نووز و نووسکە نووسکە و ئاماژەی دەست و جووڵەی لەشی، لە ناو ئەشکەوت و پەنا وپەسیوەکاندا هەوڵی داوە ڕووداوەکان بۆ هاوڕێیانی بگێڕێتەوە. مرۆڤی ئەوکات، سەرەڕای ئەوەی هیچ زانیارییەکی لەبارەی پیت و وشە و بکەر و بەرکار و فرمان و زێدەواژە و پنت و فاریزەوە پێ نەبووە، بەڵام بێئەوەی کەڵک لەمانە وەربگرێت، توانیویەتی مانا و مەفهوومەکان بە کەسانی دەوروبەری بڵێت و لە مەترسیی دڕندە و چڕندە و سروشتی توڕە ئاگاداریان بکاتەوە. رستەش هەر ئەوە دەگەیەنێت. ئەو هەموو یاساورێسا رێزمانییەی ئەم سەردەمەی ئێمە لە خزمەت دروستکردنی رستە دایە و رستەش ئەگەر هێزودەستەڵاتێکی هەبێت، دەیخاتە خزمەت شیکردنەوەی مانا و مەفهوومەکانەوە.

ئێمەش هەوڵمان داوە بەردێک لەسەر بناغەی پێشکەوتن و شارستانیەتی باوانە نیاندڕتاڵەکانمان زیاد بکەین و کۆشکی پێشکەوتنی پێ هەڵچنین. خۆمان گەیاندووەتە لووتکەی پێشکەوتن و لە بواری زماندا رستەمان بنیات ناوە و ئیتر وەک باوانەکانی ناو ئەشکەوت و تاشە بەرد و بۆدڕی ناو چیاکانمان چاولەدەستی سەمای لەش و نووزەنووز و قڕووسکە قڕووسک نین و زۆر بە شێنەیی پیت و وشەکان بەدوای یەکتردا ریز دەکەین و بە زەبری وەستایەتیمان بکەر و بەرکار و فرمان و پیتی پێوەندی و زێدەواژە و پاشگر و پێشگرەکان دەخەینە پاڵ یەکتر و بە دانانی پنت و فاریزە قفڵ و بەندیان دەکەین.

ئەگەر باوانی نیاندڕتاڵ یارمەتیان لە هەموو خوا جۆراوجۆر و هەمەچەشنەکانی سەردەمی خۆیان وەرگرتبایە، نەیاندەتوانی بەم شێوەیە سەر لە بیسەرانی رستەکانیان بشێوێنن. بەم چوار رستەیەی خوارەوە زیاتر دەتوانین ئاگاداری سێحری رستە بین:

- هێزەکانی ئاسایشی رێگەوبان لۆریەکیان دەستگیر کرد.
- وتارەکەی سەرۆک کۆماری لەبەر چەند کێشەیەکی هونەری پێشکەش نەکرا.
- ڕووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەکرێن.
- سەرۆک وەزیرانی پێشووی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە تاران چاوی کەوت بە بەرپرسانی ئێرانی.

لە رستەی یەکەمدا هێزەکانی ئاسایش ئاسنەواڵەیەکی زەبەلاحیان دەستگیر کردوە و پێویستە داواکاری گشتی داوای یاسایی لە سەر تۆمار بکات و بەشی دادوەری لێی بپرسێتەوە و پاشان بەندیخانەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکەن و خۆیان دەزانن چەند ساڵ دەیخەنە بەندیخانەوە.

لە رستەی دووهەمدا وا دیارە سەرۆک کۆمار هونەرمەندە و فڵچە و بوومی وێنەکێشان، کەرستەی پەیکەرسازی، ئامێری مۆسیقا، دیوانی شێعرەکانی، جل و گریمی شانۆگەری یان یەکێکی دیکە لە کەرستە هونەرییەکانی لەبیر کردوە، ڕەنگە لە رێگاش لێی شکابێ، بۆیە وتارەکەی پێشکەش نەکردوە.

لە رستەی سێهەمدا وێدەچێت ئەو حیزبانەی ڕووناکبیر بە نیوەیی پێکەوە بەخێو دەکەن، ساڵی جارێک یان بە چەند ساڵ جارێک ڕووناکبیرە بەخێوکراوەکان دارئەژمێر کەن و دوای ئەوەی کۆمەڵکۆمەڵ لێکیان جیا دەکەنەوە و تیروپشکیان لێ داوێن، هەر حیزبە بەشی خۆی هەڵبگرێت.

بەڵام لە رستەی چوارەمدا، ئیتر ئەویان شک و گومانی تێدا نییە و دەستەڵاتی خاوەن ئەزموونی کۆماری ئیسلامی باش دەزانێت رستەی خۆی چۆن دادەڕێژێت. ئەم دراوسێ بەڕێزەی کوردان هەمیشە لەغەمی ئێمە دایە و پێی خۆش نییە تووشی کوێرەوەری بین، هەر بۆیەش پێی باش نییە لە هیچکام لە پارچەکانی کوردستان ببین بە دەستەڵات و تووشی ئەم گێرەوکێشەیە بین کە دەوڵەتانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی لەسەر بناغەی حکوومەتێکی چەند هەزار ساڵە دامەزراوەتەوە، باش دەزانێت حکوومەتداری کوێرەوەریی زۆرە و هەر بۆیەش پێی باش نییە برا کوردەکان کە لە سەردەمی باوانە نیاندڕتاڵەکانیانەوە لە رەسەنترین ئێرانیەکانن، بەدەست کوێرەوەریی حکومەتدارییەوە بناڵێنن. بەم هۆیەوە ئەم دراوسێ خەمخۆرەمان هەتا ئەم دواییانە رازی نەبوو لە ئاستی هاوشانەکانیانەوە پەیوەندی بە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بگرێت و هەر جەماعەتی قەرارگای رەمەزان و شتی لەمجۆرەی دەنارده چاوپێکەوتنە رەسمیەکانیان و دەیگوت بەڵکوو ئەوانە رازی بن واز لە حکومەت بێنن و تێبگەن دەوڵەت و مەوڵەت بۆ ئەوان نابێت.

ئەم رستەی چوارەمە لە هەواڵێکی ئاژانسی مێهرەبانی «مێهر»ی دەوڵەتی مێهروەرزیی سەرۆک ئەحەمەدیەنژاد وەرگیراوە و کاتێک زانیان ئەم کوردە کەللەڕەقە هەر واز لە حکومەتداری ناهێنین، پێیان خۆشە لە هەر شار و گوندێک سێچوار دەوڵەتمان هەبێت و ئەوجار هەست بە کوێرەوەری و زەحمەتی هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەت بکەین و بڵێین وەڵاهی ئێوە جەرگتان بەقەت حەوت سێڵ پانە کە دەتوانن ئەم دەوڵەتە زل و زەبەلاحە هەڵسووڕێنن و تەنانەت لە تاریکترین کۆڵانەکانی پایتەختە چەند میلیۆن کەسیەکەتاندا نەهێڵن تاڵە قژێکی کچە حەکەدار و کوڕخوازەکانیش بەدەرەوە بێت.

ئەدی قوربان ئەوەیە سێحری رستە.

# بۆ قاسملوو

لە کانیاوێ گەر بپرسی
تۆ قاسملوو ئەناسی
چاوگەی ژینت پێشان دەدا
بە ئاوەڕۆ لە پێشتایە و
تاکوسەر دەریات ئەبا
لەوێ هێواشێ دێتەزمان و دڵێ:
ئەوکەسەبوو، هەموو ئاوڕۆکانی
جۆگە جۆگە هەڵدەبەست و
ڕوو بە ئێرەی دەهانی
ئێستاش سروەی شەماڵی شەپۆلی ئەم دەریایە
بۆ کۆرپەڵەی شۆڕش و خەباتی گەلم
بووە بە لاوک و حەیران و لایە لایە
شۆڕش و گەل وڵاتم
بێن و پەیڤی زیندووی ئەو
هێشتاش سەخت بوو بێتە کایە
گەر لە دار بەڕویەک بپرسی
تۆ قاسملووت ئەناسی؟
گەڵاو لق و پۆپی بەرەو ئاسمان بەرزتر ئەبێ
ئەستێرەیەکت لە کەهکەشان پێدەناسێنێ
ئەوجارەیان بەرەو ڕەگ و ڕیشە دادێتەوە و
بەڕوویەکی ژێر خاککراوی چوزەرەکردووت
نیشان ئەداو دێتە دەنگ و دەڵێ:
ئەو ئا بەم شێوەیە بە سینگی خاکاڕۆچوو
بۆوەی بەرزبەرز باڵا بکەن
لە خاکی پاکی نیشتیمانا
بە هەزاران قاسملوو
بۆیە دەڵێم:
چاوگەی ژین و ژیانەوە بوو
لە ئیمڕۆ دا و لە داهاتوو.
گەر لە شاعیرێ بپرسی
تۆ قاسملو دەناسی؟
وەک مرۆڤێکی حەبەساو
دەست و پێی خۆی ون دەکا
هەرچی وشەی جوان و ڕاست و چاک و پاکە
بە بیری دا تێپەڕ دەکا
ورد و جوان بە هەستی ناسکی خۆی
شاعیرانە هەرهەموویان دەکەو دەکا
ئەم شاعیرە بۆ وشە دادەمێنێ
ئەمجارەیان هەرچی دەکا
ناتوانێ وشەیەک لە هەگبەی
پڕ لە خۆشەویستی و جوانی و پاکی دەرێنێ
چوون ئەو وشەیە
کە ڕاستی و پاکی وزانای و مەزنی
بە باڵای قاسملودا هەڵزنی
تاقانەیە و هێشتا
نەکەوتۆتە سەر دەمی هیچ پێنووسێک
هێشتا نەچۆتە سەربەرماڵی هیچ لێنووسێک

محەمەد فەقێ عەلی

# قاسملوو

قەت نەیانزانی کە دیواری مەرگ دەشکێنی

تێکەڵی بیری گەل و هزر و هەناسە و خوێنی
...
... ئەو چیایەی کە لە ئیمان و ئەوینت چێ بوو

قەل و داڵ و چەقەڵی چۆن دەگەنە داوێنی؟

تۆ لەگەڵ تیشک و شنە و بۆنی بەیانی نەورۆز

دەگەی و موژدەیی سەرکەوتن لەگەڵ خۆ دێنی

خۆرەتاو ئێرەیی بەو خاکە دەبا تۆی لێ بووی

هاتووە دەستێ بەسەر تیشکی کزی دابێنی

بەگزینگێکی گەشی زەردەخەنەی یادگاریت

چۆنە توانیوتە وەها تۆوی هومێد داچێنی

سەربەرز بوو کە تۆ پێڵاوت لەسەردانا خاک

ژین بەخۆی نازی کەتۆی دی بەهزر دەیژێنی

نەک لەبەر چاوی کز و بێ هەتەری من قوربان

مەزنان ئێژن ئەتۆ بەحری بەبێ بەستێنی

باوەڕ و هزری لە نێو خوێنی نەوەی دوارۆژیش

گەمژە بوو دوژمنم پێی وابوو بڕۆی نامێنی

ڕەسووڵ سووڵتانی

# پیرۆزبایی رزگاری ڕۆژئاوای کوردستان

مقۆ مقۆ کەوتە چیا ... !
باڵندەکان، هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد!
پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد!
وتم چییە ؟ چی قەوماوە ؟
لە دوای مەرگی دارە پیرە
جگە خوێن و ئەشک و ماتەم
چیمان ماوە؟
وتیان نابێ بیدرکێنین
نهێنییە و ڕەمز و رازە:
دەبێ بە چاو خۆت ببینی!
کاتێچوومە سەر مەزاری دارە پیرە
بە چاوی خۆم ئەوەم بینی
گوپکە و چووزەی چەتری تازە!
لە پەیجی فەیسبووکی شاعیر وەرگیراوە

جەلال مەکەلشا

# شێعرێک لە شێرکۆ بێکەس بۆ قاسملووی نەمر

به ئاوەڵی شەفەق نەبێ ناگەڕێتەوە
نە ئاو کۆتایی بۆ هەیەو نەنووسین لەسەر ئەو!
نە مانگ لەم ئاسمانە ئەبڕێ و
نە شێعری ئێمەش لەسەر ئەو
نە هەڵاڵە سوورایی ئەچێتەوە و نە خوێنی ئەو
قاسملوو بەفرێکی سوورەو... کلوو... کلوو
چوار وەرزە بەسەرماندا ئەبارێ.
جارێک ئەمانکا بە یاقووت و
جارێکی دی بە دارهەناری بەر مانگەشەو.
وەکوو زەردەخەنە کاڵەکەی
پڕمان ئەکات لە سروودی نەرم نەرم
وەکوو قوڵپەی زنەی برینی لە گەرووماندا
ئەبێتە لرفەی سروودی گەرم گەرم

لە ماڵەکانماندا... قاسملوو
جوانترین درەختی حەوشەیە و
نازدارترین گوڵدان و ئینجانەیە و
پاکترین شووشەی پەنجەرەیە و
یەکەمین ڕەفەی کتێبخانەیە و
قوڵینەی نانە و
قەڵەم دانە و پەرداخە و
گڕوگاڵی منداڵەکانمانە ... قاسملوو!
هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
ئەگەڕێتەوە ژوورەکانمان
ئەبێتەوە بە هەتاوی بەر هەیوان
بە پەپوولە پاییزە و
دێتەوە سەر پێخەفەکانمان
وەلێ کە دێتەوە بە دەستی بەتاڵ
نایەتەوە قاسملوو
ئەو لەگەڵ خۆیدا بە باوەش تریفە دێنێتەوە
شێعری سەوز بە دەستەوە و
سنگی ئەبێتە پوورە هەنگ و
هەنگوین لە قسەیدا و بەسەر هەژاراندا
ماڵ بە ماڵ ئەیبەخشێتەوە
ئەو هەروا خۆی تەنیا ناگەڕێتەوە
بە ئاوەڵی شەفەق نەبێ ناگەڕێتەوە
لەگەڵ نەوڕەسی سپیدا نەبێ ناگەڕێتەوە.
لەگەڵ هۆرەی دوا شەهیدا نەبێ ناگەڕێتەوە.
ئەو هەروا تەنیا خۆی ناگەڕێتەوە.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 587 21 July 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

## «مەمرە، پابلۆ، مەمرە!»

**ئاسۆی حەسەن زادە**

باوە دەڵێن رۆژووی سیاسی شێوازێکی ناتوندوتیژی خەباتە، غافڵ لەوە کە کەسی مانگرتوو ئەگەر لە ئاست بەرامبەر و دەوروبەری خۆیدا ئارامتر و بێئازارتر لە هەر کاتێک دەجوڵێتەوە، بەڵام لە ئاست خۆیدا مەترسیدارترین چەشنی توندوتیژی بەکار دەبا، توندوتیژییەکی نادیار کە رووح و جەستەی لەسەر سنووری مەرگ و ژیان سەرگەردان دەکا.

مانگرتنی تەواو و بێسنوور لە خواردن و خواردنەوە دوایین رێگەی دەربڕینی نارەزایەتی لە جێبەجێنەبوونی ئەو داخوازانەیە کە هێندێک جار تەنیا پێوەندییان بە مانگرتووەکە خۆیەوە هەیە و زۆر جاریش لەبەر خاتری ماف و ئازادیی مرۆڤەکانی دیکە و تەنانەت سەرجەم گەلێکە. تلانەوەی مانگرتوو لە مەملەکەتی زوومبییەکاندا ئەگەر وەک خۆی لەئەنجامی جۆرێک لە تەمالیبڕاوی سەبارەت بە گەیشتن بە ئامانجە کورتخایەن و تاکەکەسییەکاندا دێتە ئاراوە، بەڵام هەر لەوکاتەدا نیشانەی ئەوپەڕی ئیرادە و ئازایەتیی کەسی مانگرتوویە کە بەم چەشنە تەندروستی و بگرە ژیانی خۆیشی دەکاتە دەسمایەی زیندووبوونەوەی هیواکان و گەیشتنی هاوبەند و هاوپێوەندەکانی بە ئامانجە درێژخایەن و گشتگیرەکان.

مانگرتووەکەی گەلی ئێمە نە وەک (گاندی) رادیکاڵترین داخوازیی سیاسیی هەر گەلێک واتە سەربەخۆیی بەرز کردبۆوە، نە وەک (ساندز)یش لە پەراوێزی بزوتنەوەیەکی چەکداریدا راپێچی زیندان کرابوو. مانگرتووەکەی گەلی ئێمە، لەگەڵ هەموو بەرزایی کۆشکی ئەو خەونانەی بە گەلەکەیەوە دەدین، بە دەرکی واقیعی گەمارۆدراوی و دەرەتانبەستراویی گەل و وڵاتەکەی، لەنێو گەرووی ئەژدیهادا ملی ئینسانیترین و تانەهەڵنەگرترین رێچکەی چالاکی لە بەستێنی گشتیدا، واتە گەیاندنی دەنگی ئەوانەی مافەکانی مرۆڤیان پێشێل دەکرێ، گرتبووە بەر. ئەو لەسەر داکۆکی لە مافە هەرە سەرەتایی‌یەکانی خەڵک کەوتە زیندان، لە زیندانیش لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆی، بەتایبەتی هەقی پێڕاگەیشتنی پزیشکی و مۆڵەتی دیداری نەونەمامە وشکەوەبووەکەی ژیانی، بێبەش کرا.( بەپێی «ستانداردی لانیکەمی رەفتار لەگەڵ زیندانیان» ی ساڵی ١٩٥٥ کە تەنیا یەکێک لەو دەقە نێونەتەوەیی‌یانەیە کە لەپێوەندی لەگەڵ مافی زیندانییاندا پەسند کراوە، دەوڵەت لە تەندروستیی بەندییەکان بەرپرسیارە و لەسەریەتی هەموو ئاسانکارییەک بکا بۆ ئەوەی لەو حاڵەتانەدا کە دیداری منداڵانی کەسی زیندانی لە زینداندا ناگونجێ، بەندییەکە ببرێ بۆ دیداری منداڵەکانی).

بۆ مانگرتووەکەی گەلی ئێمە، زیندانەکە و زیندانبانەکەش فریان بەسەر ئەوانەی (گاندی) و (ساندز)ەوە نەبوو. کاتێک سەرەتای سەدەی رابردوو لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان لە بەندیخانەکانی بریتانیادا دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن، حکومەتی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی شەرمەزاری ویژدانی خۆی و بیروڕای خەڵکەکەی نەبێ، لە رێگەی پەسند کردنی یاسایەکەوە رێگەی دا کە هەر بەندییەک بەهۆی مانگرتن لە خواردنەوە گیانی بکەوێتە مەترسییەوە، لە زیندان ئازاد بکرێ تا ئەو کاتەی لە مەترسیی مەرگ و زیانی قەرەبوونەکراوەی تەندروستی رزگاری دێ.

ئەگەر ئەمڕۆ کەبودوەند زیاتر لە هەر کاتێک وەکوو هێمای خەبات و خۆڕاگریی مەدەنیی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەکەوێ، ئەوە جیا لە نەفەسی ئازادیخوازانە و رابردووی درەوشاوەی خۆبەخشی و ئازایەتیی ئەو کە مانگرتنە دوو مانگییەکەی چڵەپۆپەیەتی، دەگەڕێتەوە سەر ئەو راستییە کە ئەو کەیسە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی ئەمڕۆی گەلی کورد لە ئێران لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە؛ لەنێو ئەو تایبەتمەندییانەشدا رووبەڕووبوونەوەی هەرە بنچینەیی کە لەلایەک گەلێکی ژێردەستەیە کە لەوپەڕی بێ دەروویی و کەم دەرەتانیدا بە مەدەنییانەترین و سەردەمیانەترین رێگاکان لە هەموو کەناڵێک بۆ بەرزکردنەوەی داخوازەکانی و گەیاندنی هاواری هەقخوازانەی خۆی کەڵک وەردەگرێ، لە لایەکەی دیکەش حکومەتێکی نادێموکراتیک و سەرکوتکەر کە سەرباری سروشتی دژەمرۆڤانەی خۆی، لە بەرامبەر کوردەکاندا سزا و سەرکوتی چەند قات جێبەجێ دەکا و لەو نێوەشدا لانیکەم بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە خەمساردی و گوێپێنەدانی کۆڕ و کۆمەڵە غەیرە کوردییەکان، تەنانەت زۆر لەوانە کە بەڕواڵەت نەیاری ئەو رێژیمەشن، سوود دەبا.

لە ڕوانگەیەکی تەواو کوردییەوە، واتە ئەو گۆشە نیگایەی پێویستە لەوێدا بۆ گەنجینەی خەباتی خۆمان بگەڕێین و بیخەینە بەر هەتاو، مانگرتنی کەبودوەند هەڵگری زۆر پەیام و ئەزموون لەبواری بەکاربردنی هەرچی زیاتر و باشتری بەستێنە نێوخۆیی و نێونەتەوەیی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆست و بڕیاردەرەکان، و هەروەها پێکەوە گرێدانەوەی هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕیی خەبات و بەیەکەوە بەستنەوەی داخوازە ئینسانی و سیاسییەکانی گەلەکەمان، و سەرەنجام کۆکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای نیشتمانپەروەری کوردی و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لە دەوری گوتارێکی هەماهەنگکراوی نەتەوەیی بوو.

پەیامێکی هاوبەشی ئەو هاوپێوەندییە سەراسەرییە کوردییە کە هەق وایە زۆر لەوەی ئێستا زیاتر کار لەسەر پۆتانسیەلە هێشتا دەکارنەهاتووەکانی بکرێ، بریتی بوو لە ستایشی ژیان و داوای زیندوومانەوەی کەبودوەند و پێداگری لەسەر پاراستنی سەرمایە ئینسانییەکانی خەباتی ئازادیخوازیی کورد؛ وەک (لویس ئاراگۆن)ی شاعیری فەڕانسەیی بۆ (پابلۆ نێروودا)ی خەباتگێڕی شیلیی نووسیبوو :

«گەر لە یەکەمین کاتژمێرەوە ژیان جوان بێ،
گرینگ نیە کاتژمێر یازدە بمرین..
بەڵام هەموو ژیان خەباتە،
مەمرە، پابلۆ، مەمرە!»

## یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی شێعر خوێندنەوە بۆ خاتوو کوێستان عومەرزادە پێک هێنا



بە بەشداری کۆمەڵێک کادرو پێشمەرگەو هەروەها چەندین شاعیرو ئەدەب دۆست و بە دەسپێشخەریی یەکیتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی ناوەندیی حیزب لە کوردستان کۆڕە شێعرێک بۆ خاتوونە شاعیری لاو، کوێستان عومەر زادە پێک هات.

پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٧ی پووشپەڕی، کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی، لە لایەن یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانەوە، کۆڕێک بۆ خاتوو کوێستان عومەرزادە شاعێری هەست ناسک و دۆستی ئەم ڕێکخراوە کە لە وڵاتی نۆرویژەوەوە بە سەردان گەڕابۆوە کوردستان پێک هات.

لە سەرەتای کۆڕەکەدا خاتوو کوێستان بە کورتە باسێک سەبارەت بە ئامانجی خۆی لە پێک هێنانی ئەم کۆڕە، ڕێوڕەسمەکەی کردەوە. پاشان بە خوێندنەوەی چەند پارچە شێعرێکی ناسک و هەست بزوێن کۆڕەکەی ڕازاندەوە.

لەکۆتایی کۆڕەکەدا یەکێک لە بەشداربووان «مامۆستا هاوژین» چەند تێبینیەکی ئاڕاستە کرد.

## هاودەنگی و پشتیوانیی منداڵانی دیموکرات لە گەڵ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند



دوانیوەڕۆی پێنج شەمە ٢٩ی پووشپەڕ، لە کەمپی ئامیریەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵێک منداڵانی بنەماڵەکانی دیموکرات لە کەمپەکانی ئازادی، زەوی سپی و ئامریە، بۆ نیشاندانی هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ تێکۆشەر و کەسایەتیی مرۆڤدۆستی کورد محەممەد سەدیق کەبوودوەند کە لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی دایە و نزیک بە دوو مانگە مانی لە خواردن گرتوە، چالاکییەکی وەرزشییان ئەنجام دا. ئەوان بەر لە دەستپێکردنی پێشبڕکێی راکردن و مەیدانی، لە دەوری یەک کۆبوونەوە و وێڕای هاوپێوەندی لەگەڵ بەڕیز کەبوودوەند ، داوای ئازادیی ئەو و سەرجەم بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانیان کرد.

## لە ٢٣ ساڵەی تێرۆری شەهید قاسملوودا ٢٣ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەمامی زەیتوونیان چاند

بۆ رێزگرتن لە یادو بیرەوەریی رێبەری شەهید، دوکتور قاسملووی نەمر، کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٢٣ نەمامی زەیتوونیان چاند.

پێشمەرگەکانی حیزب بە مەبەستی رێزگرتن و پشتیوانی لە مانگرتنی بەرێز محەممەد سەدیق کەبودوەند، بە هەڵواسینی پۆستێری تایبەت بە بەرز نرخاندنی تێکۆشان و خەباتی مەدەنیی



کاتژمێر ٥ی بەرەبەیانیی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩١ی هەتاوی لە ٢٣ هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆر کرانی رێبەری مەزنی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، ٢٣ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی سیمبۆلیک، لە داوێنی چیای باواجی کۆیە ٢٣ نەمامی زەیتوونیان چاند.

ناوبراو و چاندنی نەمامی زەیتوون و ئازادکردنی چەند کۆترێک وەک نەمادی ئاشتی، هاسۆزی و هاوپێوەندیی خۆیان بۆ بەرێز کەبوودوەند دووپات کردەوە.

شایانی باسە کە ئەم هەنگاوە سیمبۆلیکە لە لایەن کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێکخرا بوو و بەشداران بە خوێندنەوەی وتارو پەخشان واتایەکی زیاتریان بەو کردەوە نمادینە بەخشی.

## چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن لەنامەیەکی ماستەردا



ڕۆژی یەک شەممە ٢٠١٢/٧/١٥ کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە هۆڵی مامۆستا تاهیر بەکر، لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە بە ئامادەبوونی رێژەیەکی بەر چاو لە ڕۆشنبیران و نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ نامەی ماستەری خوێندکار (معتصم احمد حمدامین) ناسراو بە(پەیوەست خۆشناو)، لە ژێر ناونیشانی (بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی« شێرزاد حەسەن» دا. گفتوگۆی لەسەر کرا و دوای سێ کاتژمێر گفتوگۆ کردن نامەکە بە پلەی زۆرباشە وەرگیرا، لیژنەی گفتوگۆکەش لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: (١-پ.ی.د.فواد ڕەشید احمد-سەرۆکی لیژنە، پ.ی.د.عوسمان حمد خدر دەشتی-ئەندام، ٣-د.محمد امین عبدوڵڵا تاتانی-ئەندام، ٤-پ.ی.د.نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی-ئەندام و سەرپەرشتیار). هەروەها شێرزاد حەسەنی چیرۆک نووس لەو کاتە ئامادەبوو، کە نامەکە تایبەت بوو بە چیرۆرکەکانی ئەو چیرۆکنووسە.



**دیمەنێک لە رزگاریی شاری کوبانی خۆراوای کوردستان لە چنگی رێژیمی بەشار ئەسەد**